ئەکادیمیای کوردی
الأكاديمية الكوردية

د. ئەحمەد قەرەنی

# زمانی ئەدەبی کوردی

## لەنێوان تێڕوانینە نەریتگەراییەکان و بیردۆزە هاوچەرخەکاندا

هەولێر ٢٠٢٣

# زمانی ئەدەبی کوردی

## لەنێوان تێڕوانینە نەریتگەراییەکان و بیردۆزە هاوچەرخەکاندا

# زمانی ئەدەبی کوردی

## لەنێوان تێڕوانینە نەریتگەراییەکان و بیردۆزە هاوچەرخەکاندا

د. ئەحمەد قەرەنی

بیروڕاگەلێك كە لەم كتێبەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی سەرلەبەریان تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی، ئەكادیمیای كوردی لێیان بەرپرس نییە.

هەواڵنامەی کتێب

* ناوی کتێب: زمانی ئەدەبی کوردی لەنێوان تێڕوانینە نەریتگەراییەکان و بیردۆزە هاوچەرخەکاندا
* نووسەر: د. ئەحمەد قەرەنی
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود
* نەخشەسازی: عیسام موحسین
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٥٤١).
* چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(    )ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.

– هەموو مافێکی چاپکردن بۆ ئەکادیمیای کوردی پارێزراوە.
– ئەم کتێبە نابێت بەهیچ جۆر بێ ڕەزامەندیی ئەکادیمیای کوردی دووبارە چاپ بکرێتەوەو وێنەکانی لەبەر بگیرێتەوە.

# پێڕست


پێشەکی ٧

**بەشی یەکەم: سینتاکسی زمانی ئەدەبی کوردی** ١٣

تەوەری یەکەم: پێوەندی زمان بە سایکلۆژییەتی تاکەکانی کۆمەڵەوە ١٥

تەوەری دووەم: زمانی ئەدەبی کوردی لەنێوان سیمیۆلۆژی و شێوازگەراییدا ٢٥

تەوەری سێیەم: تێروانینە نەریتگەراییەکان لە زمانی ئەدەبی کوردیدا ٣١

یەکەم: فەلسەفەی ڕاڤەکردنی وشە ٣٢

دووەم: لەبارەی زاراوەسازی پێوانەییەوە ٤٧

**بەشی دووەم: جۆرەکانی زمانی ئەدەبی کوردی** ٥٧

تەوەری یەکەم: زمانی ئەدەبی دێرین ٥٩

سیماکانی ئەدەبی دێرین ٦٤

تەوەری دووەم: زمانی ئەدەبی هاوبەش ٧٧

پیرەمێرد: زمانێکی پاراو، نیو وێژەو نیو زانست ٧٨

شامی کرماشانی: زمانێکی خەست، نیوەی ئازارو نیوەی ئومێد ٧٩

جەگەرخوین، زمانێکی خەست: نیوەی هزرو نیوەی بەرخۆدان. ٨٢

تەوەری سێییەم: زمانی ئەدەبی دەستکرد ٨٥

ئەنوەر مەسیفی ٨٦

موحسین قوچانی ٨٩

سەعید عبادەتیان ٩٠

**بەشی سێیەم: هەندێ لایەنی سینتاکسی دیالێکتەکانی زمانی کوردی** ٩٩

پێشەکی ١٠١

تەوەری یەکەم: هەندێ لایەنی مۆرفۆلۆژی لەزمانی کوردیدا ١٠٢

تەوەری دووەم: جێناوە کەسییەکان ١١٦

تەوەری سێییەم: ناوی جنس لە کوردیدا ١٤٣

**بەشی چوارەم: شەبەك، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی ـ زمانەوانییە** ١٥٣
شەبەك لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ١٥٦
لە رووی ئایین و بیروباوەڕی مەزهەبییەوە ١٥٧
جوگرافیای دەڤەری شەبەکنشین ١٦٢
شێوەزاری شەبەك ١٦٣
**بەشی پێنجەم: لە ئەدەبی ناوچەییەوە بەرەو ئەدەبی جیهانی** ١٧١
تەوەری یەکەم: گیانی نەتەوەیی لە پەیڤ و ئاوازە فۆلکلۆرییەکاندایە ١٧٣
تەوەری دووەم: خاڵە جیاوازو وێکچووەکانی هەر سێ قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری، فەرەنسی ـ سلاڤی ـ ئەمەریکی ١٧٨
سیما تایبەتەکانی ئەدەبی بەراوردکاری ١٨١
یەکەم: خاڵە جیاوازەکان ١٨٢
دووەم: خاڵە وێکچووەکان ١٨٥
پەراوێزەکان ١٨٨
ئەنجام ٢٠٢
سەرچاوەکان ٢٠٥
هێما کورتکراوەکان ٢٢٠
في هذا الكتاب ٢٢١
In this book ٢٢٥

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

لە سەرەتایەکی نادیارەوە تا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمیش، هەندێك بیروڕای نیمچە زانستی هەبوون، کە کورد نەتەوە نییەو گومانیان لە سەربەخۆیی زمانی کوردیش دەکرد.

ئەم بۆچوونە لەلای کورد تاوانێکی گەورە بوو، بەرپەرچدانەوەیشی بە ئەرکێکی نشتیمانی ـ نەتەوەیی دادەنرا. لای ئەوانی دیکەش ئەم بۆچوونە مافێکی رەوا بوو، بەڵکوو بە خزمەتێکی زانستیشیان دادەنا.

ئەم هاوکێشەیە ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر دەبوو، هەویرەکەیشی ئاوێکی زۆری دەکێشا، دوا جار هەردوو لایەن لە ناوەڕاستی ڕێگەیەکی پڕ گەڕان و پشکنیندا گەیشتنە بڕوایەکی یەکلاکەرەوە، تەمومژی کێشەکەیان بەم شێوەیە ڕەواندەوە: کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام کەلەپوورێکی مەعریفی ـ ڕۆشنبیریی نووسراوی ئەوتۆی لەبەردەستدا نییە کە زانا و توێژەران وەك سەرچاوە و کەرەستەیەکی زانستی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا سوودی لێوەرگرن.

کورد خاڵی لاوازی خۆی دۆزیوەتەوە، کەلەپووری خۆی بە شێوەیەکی زانستی خستووەتە بەردەست، کە لە دووتوێی سەدان کتێب و هەزاران لێکۆڵینەوەدا ساغ کراونەتەوە، لە میانی کەمتر لە سەد ساڵدا لە ئەدەبێکی زارەکییەوە، گەیشتووەتە قۆناغی بەجیهانیبوون و بووەتە نەتەوەیەکی خاوەن کەلەپوورێکی دەوڵەمەندو جێگەی خۆی لە ئاستی پێشەوەی گەلانی گێتیدا کردووەتەوە، کە ئەمڕۆ هەر کوردێك شانازی پێوە دەکات، تەنانەت دراوسێکانیشیان پێی سەربڵندن، تا ئەو ڕادەیەی (چەند کەمیش بێت) لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانیاندا سوودمەندن.

ئەم بۆچوونەی سەرەوە، لەنێو زۆربەی نووسینەکانی خۆمدا، چەندان جار دووبارەکردۆتەوە[1]، هەر جارێکیش بەڵگەی سەلمێندراوم بۆی هێناوەتەوە. لەم بەرهەمەشدا، هەوڵمداوە لەڕێگەی سینتاکسەوە ڕووناکی بخەمە سەر هەندێ لایەنی ئەرێنی لە مێژوو و پێکهاتەی ڕێچکەکانی بەئەدەبکردنی زمانی کوردی و دەستنیشانکردنی بنەما هاوبەشەکان و خاڵە وێکچووەکانی هەر ڕێچکەیەك، کە لە شوێن و سەردەمی جیاوازدا گەشەیان کردووەو بەسەریەکەوە ڕێبازێکی

هاوبەشیان پێکهێناوە. سیما دیارەکانی ئەم گەشەکردنەیش لە فەلسەفەی بەکارهێنانی وشە فەرهەنگەکانییەوە دەست پێ دەکات و لە چەندان قۆناغی بەرهەمهێنانی جیاجیای ئەفراندنەکانیدا بەردەوام بووەو لەنێو ڕستەی شیعریدا جێگەی کردووەتەوە، کە ئالۆزترین بەشی زمانە، تا گەیشتووەتە دوا قۆناغی گەشەکردنی زمانی ئەدەبی و شوێن پێی لە مەیدانی بەراوردکاریدا هێشتەوەو بووەتە بەشێك لە ئەدەبی جیهانی و بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناك دەڕوات. ناوەرۆکی ئەم کتێبەش، کە لە پێنج بەش پێکهاتووە، بۆ لێکدانەوەی هەندێك لایەنی ئەو گەشتە تەرخان کراوەو بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

**بەشی یەکەم** لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم لەبارەی پێوەندی زمان بە سایکۆلۆژیەتی تاکەکانی کۆمەڵەوەیە، لەبنەماکانی وشە فەرهەنگییەکان بەپێی دەربڕینیان لەنێو ڕستەدا دەکۆڵێتەوە.

لە تەوەری دووەمیشدا، پێگەی سینتاکس وەك لایەنێکی سەرەکی سیستمی سیمیۆلۆژی شیکراوەتەوەو ڕۆڵیشی خراوەتەڕوو، کە تەنیا ڕستە وەك بنەما وەرناگرێت، بەڵکوو ئەو یاسایانەی ڕستە بەرهەم دێنن هەڵدەهێنجێنێت و ئەو زانیارییانەی پێش بەرهەمهێنان و بەکارهێنانیشی لەنێو ڕێساکانی زمانەوانیدا لێك دەداتەوە، دواتر ئەو جیاوازییانەی لەنێوان سیمیۆلۆژی و شێوازگەراییدا هەن دەخاتەڕوو.

تەوەری سێیەم، بۆ هاوکێشەیەکی نەرێنی زمانی ئەدەبی کوردی تەرخانکراوە، کە لەنێوان تێڕوانینە نەریتگەراییەکان و بیردۆزە هاوچەرخەکاندا کەلێنێکی تەکنیکی دروست بووە. ئەم بابەتەش پرسیارگەلێك لەبارەی پێوەندییەکانی دەربڕینە زمانییەکان لەسیاقی ئاخاوتندا دەوروژێنێت و جەخت لەسەر چەمکی وشە کراوەتەوەو لە هەردوو لایەنی ڕووکار و ناوەرۆکەوە لێکدراوەتەوە. ناوەرۆکی ئەم تەوەرەیە لە دوو بابەت پێکهاتووە: یەکەمیان، لە کاری دەزگەیەکی فەرمی کە بەڕێوەبەرایەتیی پرۆگرامەکانی خوێندنە لە وەزارەتی پەروەردە دەکۆڵێتەوەو لەڕووی شوێنەوە کتێبەکانی زمان و ئەدەبی کوردی قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی دەگرێتەوە. لەڕووی ئەکادیمیشەوە تەنیا لە ئاستی سینتاکسەوە پێکهاتەکانی ڕستە لێك دەداتەوەو لە واتاکانیشی دەکۆڵێتەوە. لە

بابەتی دووەمیشدا کاری کەسایەتییەکی زانستی - فەلسەفی - زمانەوانی لێکدەداتەوەو لە پێگەی وشە فەرهەنگییەکان لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوەو پێوەندییان بە زمانی ئەدەبی شی دەکاتەوە.

**بەشی دووەم**، لە سێ تەوەری تەواوکاری یەکتردا، ڕۆڵی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە بەردەوامبوونی جۆرەکانی زمانی ئەدەبی و هۆکارەکانی گەشەکردنیان شی دەکاتەوە.

تەوەری یەکەم، لەبارەی زمانی ئەدەبی دێرینە، کە زۆربەی شیعری کوردی لە سەرەتاوە تا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمیش بەو زمانە نووسراونەتەوە. لەڕووی هزرییەوە پاشخانێکی ئایینییان هەبووەو ئەزموونی ئەحمەدی خانی وەك بەڵگە شی کراوەتەوە. لەڕووی داڕشتنیشەوە وشە و دەستەواژەی زمانەکانی دیکەی دراوسێ وەك عەرەبی و فارسی بەکارهێنانەوە، کە دەقەکانی پێویستییان بە فەرهەنگی ڕاڤەکردنی وشەگەلی بیانی و ڕوونکردنەوەی هەندێکی دیکەی نامۆ هەیە. بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەش دوو چامە وەك نموونە کراونەتە بەڵگە، یەکەمیان چامەیەکی (مەلای جزیری) یە کە بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو (ك. ژ) یە، دووەمیانیش چامەیەکی (مەولەوی) یە، کە بە دیالێکتی گۆران هۆنیویەتەوە.

تەوەری دووەمیش، لەبارەی زمانی ئەدەبیی هاوبەشە، کە ئەدەبی میللی پێی نووسراوەتەوە، هەروەها ڕووبەرێکی فراوانیش لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دەگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەزموونی پیرەمێرد، کە بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە (ك. ن) و چامەیەکی (شامی کرمانشانی) یە، کە بە دیالێکتی کرمانجی باشوورە (ك. ب) و نموونەیەك لە ئەزموونی جەگەرخوین کە بە دیالێکتی (ك. ژ)یە خراونەتەڕوو.

تەوەری سێیەمیش لەبارەی زمانی ئەدەبی دەستکرد، یان خوڵقێنەرە، کە تێیدا سێ بابەت لەسەر ئەزموونی هەر یەك لە (ئەنوەر مەسیفی) کە بە دیالێکتی (ك. ن)ـەو موحسن قوچان کە بە دیالێکتی (ك. ژ)ـە و سەعید عەبادەتیان کە بە دیالێکتی کرمانجی باشوور - شێوەزاری کەلهوورییە بڵاوکراونەتەوە.

**بەشی سێیەم** لەبارەی هەندێ لایەنی سینتاکسییە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیداو تێیدا جەخت لەسەر هەردوو دیالێکتی (ك.ژ) و (ك. ن) کراوەتەوەو

بەپێی پێویست ئاماژە بە هەردوو دیالێکتی گۆران و (ك. ب)یش دراوە. مەبەست لەم بەراوردکردنەوەیەش ئەوەیە، کە کێشەکانی سینتاکسی زمانی کوردی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە زمانی ئەدەبییەوە هەیە. ڕوونکردنەوەی ئەم پێوەندییەو لێکدانەوەی لایەنە نەرێنییەکانیشی کە کۆسپ و ئاستەنگ بوونە لەبەردەم گەشەکردنی زمانی ئەدەبی و لە سێ تەوەری تەواوکاری یەکتردا شیکراونەتەوە: یەکەمیان، لەبارەی هەندێ لایەنی (مۆرفۆلۆژی) یە لەزمانی کوردیدا. دووەمیشیان، لەبارەی جێناوە کەسییەکانە لە دیالێکتەکاندا. سێیەمیشیان، تایبەتە بە ناوی ڕەگەز ـ جنس لە زمانی کوردیدا، کە ئەم لایەنانە لەخۆدەگرێت: پۆلێنکردنی ناوی نێرومێ لەزمانی کوردیدا، کە لەم چوار جۆرانە پێك دێت: ناوی گیانداران، ناوی ناگیاندار، ناوی بێ گیانی نابینا، ناوی بێ گیانی ماتیریال، لەکۆتاییدا یاساکانی مۆرفیمی نێرومێ خراونەتەڕوو.

**بەشی چوارەم** بۆ ناساندنی شێوەزاری شەبەك و پێوەندییەکانی بە دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردییەوە تەرخانکراوە. لەبەر ئەوەی زیاتر لە شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی، کێشەی تێکەوتووەو ئاڵۆزییەکانیشی لەنێوان گومان و واقیعدا لە هەڵکێشانێکی کۆنترۆڵ نەکراودا بەردەوامن، بۆیە هەوڵ دراوە سەرەڕای لایەنی زمانەوانی کورتەیەك لە مێژوویان باس بکرێت و جوگرافیای نیشتەجێبوونیان دەستنیشان بکرێت، لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە بارودۆخیان ڕوون بکرێتەوە. لەسەر ئاستی سینتاکیشەوە شێوەزاری شەبەکی لەگەڵ هەردوو شێوەزاری هەورامی و ماچۆ کە هەرسێکیان سەر بە دیالێکتی گۆرانن بەراوردکراون، دواتر لە لایەنی مێژووییەوە لەگەڵ زمانی ئاڤێستایی لە لایەکەوەو دیالێکتی کرمانجی ژووروو لە لایەکی دیکەوە بەراوردکراون، لەدوای لێکدانەوە و بەراوردکردنیان، ئەو ئەنجامانەی بەدەستەوە هاتوون خراونەتەڕوو.

**بەشی پێنجەم،** لەبارەی قۆناغبەندییەکانی ڕێڕەوی ئەدەبییە، کە چۆن لە ئەدەبی ناوچەییەوە بەرەو ئەدەبی جیهانی دەڕوات، ئەمە لە دوو تەوەر پێکهاتووە: لە تەوەری یەکەمدا، جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە کراوەتەوە، کە گیانی نەتەوەیی لە پەیڤ و ئاوازە فۆلکلۆرییەکاندایە. لە تەوەری دووەمیشدا خاڵە

جیاواز و وێکچووەکانی هەر سێ قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری، فەرەنسی - سلاڤی - ئەمەریکی خراونەتەڕوو و جەخت لەسەر کرۆکی کارەکانیان کراوەتەوە، کە پرۆسەی بەراوردکردن وەك ئامرازێکی مەعریفی بەکاردێنن و لە سێڕیانێکی جیاکەرەوەدا هەر یەکێکیان میتودێکی تایبەت پێڕەودەکات و لە گۆشەنیگایەکی جوداوە دەقە ئەدەبییەکان هەڵدەسەنگێنێت. قوتابخانەی ئەمەریکی بایەخ بە ڕوخسار دەدات و لەلایەنی ئیستێتیکی دەقەکە دەکۆڵێتەوە، بەڵام قوتابخانەی سلاڤی بایەخ بە ناوەرۆکی دەقەکە دەدات و سەرچاوە هزرییەکان دەکاتە سەنگی مەحەکی پێوەندییەکانیان، قوتابخانەی فەرەنسیش پتر بایەخ بە پێوەندییەکانی دەرەوەی دەق دەدات، ئەوانەی کە بوونەتە هۆی کارتێکردن و کارلێکردنەوە. لەئەدەبی کوردیشدا، ئەم زانستە چ لەڕووی ناساندن و چ لەڕووی پراکتیکەوە هێشتا لەقۆناغێکی سەرەتادایە، ئەو کارانەی ئەنجامیش دەدرێن، زیاتر لە میانی قوتابخانەی فەڕەنسییەوە بنەماکانی ئەدەبی بەراورکاری شی دەکرێنەوە. لە پەراوێزی کارە باوەکاندا، باس لە قوتابخانەی ئەمریکیش دەکرێت، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە، ئەو لێکۆڵینەوانەی جەخت لەسەر دەق دەکەن و لەبەر تیشکی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دوو دەق، یان دوو بەرهەم بەراورد دەکەن کەمن، ئەمەیش ڕێچکەیەکی سەرەکییە، کە لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا سەری هەڵداوەو لە گەشەکردندایەو زیاتر قوتابخانەی ئەمریکی پێڕەو دەکەن و کەمتر ئاوڕ لە هەردوو قوتابخانەی دیکە دەدەنەوە.

ئەم بابەتانەی سەرەوە، کە پێشتر زۆربەیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە، خۆیان لە پرۆژەیەکی پێشنیازکراودا دەنوێنن، پێشکەش بە خوینەرانی ئازیز و خەمخۆرانی زمان و ئەدەبی کوردی دەکەم، بۆ ئەوەی بە تێبینی و ڕاوبۆچوونەکانیانەوە کەلێن و لاڕێبوونەکان دیار بکەن و هەڵە و کەموکورتییەکانیش دەستنیشان بکەن. ئومێدەوارم بە شیان و هیمەتی هەموو لایەك، بتوانین زیاتر خزمەتی زمانە شرینەکەمان بکەین.

**ئەحمەد قەرەنی**

**هەولێر ۲۰۲۲/۷/۳**

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم
# سینتاکسی زمانی ئەدەبی کوردی

**تەوەری یەکەم: پێوەندی زمان بە سایکلۆژییەتی تاکەکانی کۆمەڵەوە**

**تەوەری دووەم: زمانی ئەدەبی کوردی لەنێوان سیمیۆلۆژی و شێوازگەراییدا**

**تەوەری سێیەم: تێڕوانینە نەریتگەراییەکان لە زمانی ئەدەبی کوردیدا**

**یەکەم: فەلسەفەی ڕاڤەکردنی وشە**

**دووەم: لەبارەی زاراوەسازی پێوانەییەوە**

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم:
## پێوەندی زمان بە سایکلۆژییەتی تاکەکانی کۆمەڵەوە

زمان لە رووی رۆنانەوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزەو لەرووی واتاییشەوە بابەتێکی ناجێگرە، بۆیە شیکردنەوەی بنەماکانی کارێکی ئاسان نییە. ئەو شیکردنەوەیە سەختتر دەبێت کاتێك تەنها جەخت لەسەر بنەما سینتاکسییەکانی بکرێتەوە. سینتاکسیش ((خوێندنەوەی بینای ڕستەیە، کە چۆن وشەکان لێك دەدرێن بۆ ئەوەی فرێز و ڕستەکان دروست بکرێن))(Radford, 1998: 272) هەروەها لە پێوەندییەکانی نێوان هێما زمانییەکاندا وردەبێتەوەو لە پێکهاتەی فۆرمی هەر ڕستەیەکیش دەکۆڵێتەوەو مۆرفیمەکانی ڕێکدەخاتەوە. لەو ڕێکخستنەوەیەشدا مەرج نییە ((وشەکان تەنیا واتا فەرهەنگییەکانیان هەڵبگرن بەڵکو کۆمەڵە هاوواتاو وەکیەکانیش دەردەبڕن))(Wellek, 1980: 171 ). بەم شێوەیە وشەکان واتا نوێیەکانیان دەبێت و تێکەڵاوی سایکۆلۆژییەتی تاکەکانی کۆمەڵ دەبن.

هەموو وشەکانی ئاخاوتنی ئاسایی، کە هەر تاکەکی کۆمەڵ بەکاریدەهێنێت لە فەرهەنگی زمانەوە وەردەگیرێن و دووبارە بە پێی پێویست لەنێو ڕستە سادە و ئاوێتەکاندا ڕیزدەگرێن و مەبەستێکی داخوازراو پێ ئەنجام دەدرێت و دەربڕینێکی تایبەت بەو دۆخەوە پێك دێنن، بۆیە مەرج نییە هەمان دەربڕین لای قسەپێکەرەکەی دووبارە ببێتەوە، یانیش لە لایەن خەڵکێکی دیکەوە بەکاربهێنرێت.

لێرەدا جیاوازی لە نێوان سامانی وشە فەرهەنگییەکان و جۆری دەربڕینە زمانییەکان بەزەقی دیارەو پسپۆری زمانەوانی و ڕەخنەگری ئەدەبی پێش خەڵکێکی دیکە هەست پێ دەکەن، چونکە بابەتێکی ئاڵۆزەو پێویستی بە سەرڕاوەستان و لێکدانەوەو شیکردنەوەو تەنانەت هەڵسەنگاندنێکی پێوانەییشەوە هەیە.

ئەگەر ئەم بۆچوونەی سەرەوە پەسەند بکرێت، ئەوە دەگەینە ئەنجامێکی گۆمانبڕ کە: هەر کەسێکی سەر بەو زمانەوە بێت، گەنجینەیەکی دەوڵەمەند لە

وشه فەرهەنگییەکان لە مێشکیدا هەیەو بەردەوام و بەپێی پێویست لە ڕستە ناژمێردراوەکاندا بەکاری دێنێت. ئەگەر ئەمە شتێکی گشتی بێت و لە ڕووی چەندێتییەوە لای هەموو تاکێکی قسەپێکەری ئەو زمانە وەکو یەك پەیرەو بکرێت، بەڵام لەڕووی چۆنییەتی بەکارهێنانیان هەرگیز وەکو یەك نین، ئەوە هەر تاکێکی کۆمەڵ لە قسەکردندا شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیەو بە پێی شێوازی دەربڕینییەکانییەوە کەسایەتییەکەی دەستنیشان دەکرێت.

لێرەدا پرسیارێکی هەستیار سەر هەڵدەدات: بۆچی هەندێك ئیدیۆم و پەندو قسەی نەستەق، کە بەشێکن لە ئەدەبی سەرزارەکی، لەلایەن زۆربەی خەڵکی هاوزمانەوە دووبارە دەبنەوەو بووەنەتە دەربڕینێکی گشتی و چواچێوەیەکی ستانداردیان وەرگرتووە؟.. ئەمەش دەقاودەق پێچەوانەی بیروڕای سەرەوەیە ! ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەتوانین پشت بە میتۆدێکی ڕەخنەیی - مەعریفی ببەستین، کە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە زانستییە دەکات، کە هیچ دەربڕینێکی زمانەوانی حوکمی وشە فەرهەنگییەکان وەرناگرێت ئەگەر تێکەڵاوی دەروونی تاکەکانی کۆمەڵ نەبووبێت[1]. سەرەڕای وەرنەگرتنی حوکمی وشە فەرهەنگییەکان، ڕەخنەی مەعریفی کار لەسەر پێداویستییەکانی شیکردنەوەو ڕێکخستنەوەی واتا وەرگێراوەکان دەکات و ڕۆڵی لە هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەو ڕەخنەلێگرتنیشدا هەیە.

ئەگەر ئەم بۆچوونەی سەرەوە پەسەند بکرێت[2]، ئەوە ڕووبەڕووی پرسیارێکی قووڵتر دەبینەوە، ئەویش ئەوەیە کە: کەی و چۆن دەربڕینە زمانییەکان تێکەڵی دەروونی مرۆڤ دەبن؟

بە پێی ئەو بۆچوونانەی تیۆرە ڕەخنەییەکان دەسەلمێنن، دەکرێت دەربڕینەکانی هەر کەسێك بە چوار ڕێگەی جودا تێکەڵی دەروونی بەرانبەر ببن وسۆزی بجوولێنن و گۆتارێك بەرهەم بهێنن، کە دەقەکەی لە ئاستی زمانی ئاساییەوە بەرەو ئاستی زمانی ئەدەبی بڕوات:

١- ئەگەر گۆزارش لە هاودژییەك بکەن، کە هەردوو لایەنی پێچەوانەی یەکدی بن، بەڵام کاتێك دژ یەك دەوەستن شتێکی نوێ لێ پەیدا دەبێت، چونکە

گەردوون بە هەموو وردەکارییەکانییەوە لەسەر ئەم سیستەمە پێکهاتووە، کە دوو شت دژیەك دەبن و هاوسەنگی هاوکێشەیەکی بەرانبەر یەکدی ڕادەگرن ئەوە گرێییەکانی ژیان پەیتا پەیتا دەکەنەوە. گەورەترین گرێش ئەوە بووە کە ئادەمیزاد ئەو ڕاستییەی دۆزیوەتەوە، کە لە دۆخی هاوسەنگی دژیەکەکاندا، کەرەستەکان لە دۆخی جووڵانەوەدا وزە دەبەخشن و ژیانی زیندەوەرانیش لە پاراستنی هاوسەنگییەکاندا بەردەوام دەبێت. لە زمانی ئەدەبیشدا ئەم پرۆسەیە لەڕێگەی لادانەوە ئەنجام دەدرێت.

٢- ئەگەر دەربڕینەکە دوو واتای هەڵبگرێت. واتاییێکی دیار کە دەگۆترێت و واتاییێکی شاراوە کە بیسەر لێی تێدەگات، وەك لە ئایرۆنی و سارکازمدا بەدی دەکرێت.

٣- ئەگەر لەنێوان دوو دەربڕینی پێچەوانەی یەکتردا، خوێنەر لە مەبەستی نووسەر تێبگات و یەکەمیان وەك ئاگادارکردنەوە وەربگرێت و دووەمیان بە ڕاست بزانێت، وەك لە هونەری پارادۆکسدا بەدی دەکرێت.

٤- ئەگەر جێگۆڕکێ بە ئەرکەکانی هەر سێ ڕەگەزی سەرەکی ئاخاوتن یان دەق بکرێت[٣] و بە تەواوەتی لە ڕاپۆرتڕێژی ڕاستەوخۆ ڕزگار بکرێن.


هەر دەربڕینێکی بیستراو کە یەکێك لەو مەرجانەی سەرەوە تێدا بێت، ئەوە سۆزی بەرانبەر دەورووژێنێت یان لە نێو بیردانکی تاکەکانی کۆمەڵدا دەپارێزرێت و لە کاتی پێویستدا بەکاری دێننەوە... ئەم پرۆسەیەش بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێت:

١- کاتێك دەربڕینەکە زارەکی بێت. ئەوە وەکو پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و بەندو ئیدیۆم و حەیرانۆك... دادەڕێژرێن و دەماودەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێنەوە.

٢- کاتێك دەربڕینەکە لە ئەنجامی ڕەفتارێکی ئاوێتەیی دروست بووەو لەهەمان کاتیشدا هەڵگری چەندین ڕووداو بێت وەك داستان و بەیت و چیرۆك و دەمەتەقێ و گۆرانی و...هتد، ئەوە تێکەڵاوی دەروونی بەرانبەر دەبێت و هەتا ڕادەیەکی زۆریش لەنێو بیردانکیدا دەمێنێتەوە.

له هەردوو حاڵەتی سەرەوەیشدا، ئەم گەنجینە دەوڵەمەندەی دەربڕینەکان پێویستی بە تۆمارکردنە، کە چۆن وشەکان لە نێو فەرهەنگە زمانییەکاندا ڕێك دەخرێن و بە زیندوویی دەمێننەوە.

بە هەمان شێوە، دەکرێت ئەو دەربڕینە زارەکی و ڕەفتارییەکانیش وەك سامانێکی نەتەوەیی لە نێو ئینسکلۆپیدییە کەلەپوورییەکاندا بپارێزرێن[٤]. پاراستنی ئەو کەلەپوورەش ـ ئێستا ـ بە زمانێکی یەکگرتوو نانووسرێتەوە، بەڵکو لەنێو چەند دیالێکتێکی تەواوکاری یەکتردا تۆماردەکرێت و هەموویان پێکەوە پەرە بە زمانی نەتەوەیی دەدەن. پەرەپێدانی زمانی نەتەوەییش پێویستی بە ژینگەیەکی گونجاو هەیە، کە ژینگەی گونجاویش فەراهەم بوو، ئەوە بەردەوام گەشەدەکات ((گەشەکردنیش چ لە خۆیەوە بێت یان لەڕێگەی فێرکردنەوە بێت))(عید، ١٩٨٩: ١٠٧) ئەوە لە هەردوو حاڵەتدا گۆڕانکاری ئەرێنیی بەسەر زماندا دێت و ئەویش زیندوویەتی خۆی پێشان دەدات. لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانیشدا، ڕاستییەکی دیکە سەرهەڵدەدات، کە زمان بوونەوەرێکی زیندووەو لە چەندین بەشی جیاوازو هەمە چەشن پێکهاتووە. ناکرێت کار لەسەر یەکێکیان بکرێت و پێوەندی بە ئەوانی دیکەوە نەبێت، یان بەشێك شی بکرێتەوەو کاریگەری لەسەر هەموویانەوە نەبێت، بۆیە وەك پێکهاتەیەکی تەواوکارو لەیەکتر جیانەکراو سەرەدەری لەگەڵدا دەکرێت. زمانی کوردیش مێژوویەکی دێرین و پێکهاتەیەکی دەوڵەمەندی هەیە. ئەمەش بۆچوونێکی گشتگیرەو چەندین لق و پۆپی لێ دەبێتەوە، کە پێویستی بە لێکدانەوەیەکی وردو سەلماندنێکی بەڵگەدار هەیە. بۆ ئەم مەبەستەیش هەوڵدەدەین بەکورتی زمانی کوردی وەك پێکهاتەیەکی فرەبەش شی بکەینەوەو پێگەو ڕۆڵی زمانی ئەدەبی کوردی لەنێو ئەو پێکهاتە گشتییەدا ڕوون بکەینەوە. ئەم هەوڵدانەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوەدەگرێت، کە زمانی کوردی وەك هەر زمانێکی زیندووی دیکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە زمانی نووسراوو زمانی نەنووسراو. هەر بەشێکیش بۆ چەندین بەشی دیکەی فرەجۆر دابەشدەبێت. دەتوانین وردەکارییەکانی ئەو پێکهاتەیە لەم هێڵکارییەدا ڕوون بکەینەوە:




بەپێی ئەم هێڵکارییەی سەرەوە، زمانی کوردی دەبێتە دوو بەش:

- بەشی نووسراو، کە لەنێو کتێب و تێنووسەکاندا تۆماردەکرێت، یانیش لەنێو دەزگە ئەلکترۆنییەکاندا دەپارێزرێت و بەشێوەیەکی گشتی لەسەر دوو لایەنی سەرەکی دابەشدەکرێت: زمانی ئەدەبی، کە سێ جۆرە: زمانی ئەدەبی دێرین، زمانی ئەدەبی هاوبەش، زمانی ئەدەبی دەستکرد یاخود خوڵقێنەر (لە بەشی دووەمدا بەدرێژی شیکراوەتەوە). ئەوی دیکەیش زمانی فەرمییە، کە سێ جۆرە: زمانی کارگێڕی، زمانی زانستی، زمانی ڕێزداری یان ڕەوشت بەرزی.

– بەشی نەنووسراو، ئەو زمانە زارەکییەیە، کە لەئاخاوتنی ئاسایی قسەپێکەرانیدا پێکدێت و دیالێکتەکانی دەگرێتەوە. هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونیشیان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی جوگرافی و پیشەیی... بۆیە کە لە هەر

هەوڵنامەی کتێب

ناوچـەیەکدا هەنـدێ جیـاوازی لەشـێوەی گـۆکردن و ڕێزمانییـەوە هەیـەو هـەتا ڕادەیـەکی زۆریـش ئـەو جیاوازییانـە نابنـە ڕێگـر بـۆ تێگەیشـتن و ئـاڵوگۆڕی زانیارییـەکان. بـەپێی بۆچـوونی مێـژوونووس و لێکۆڵـەرانی کـورد، لەوانـە تۆفیـق وەهبی[٥] کە بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

١- کرمانجی، کە ئەویش لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

-کرمانجی شیمالی: بایەزیدی، بۆتانی، ئاشتیانی، هەکاری، بادینانی.

-کرمانجی جنوبی: موکری، سۆرانی، سلێمانی، سنەیی.

٢- لوڕی: بەختیاری، لەك، فەیلی، کەلهوڕی، مامەسەنی.

٣- گۆرانی: باجەڵان، کاکەیی[٦]، زەنگەنەیی، هەورامی.

٤- زازایی.

بۆچوونێکی دیکە هەیە، کە هەندێ جیاوازەو زمانی کوردی بۆ چوار دیالێکتی سەرەکی دابەش دەکات (خورشید، ١٩٨٣: ٢٧) کە ئەمانەن:

١- کرمانجی باکوور، کە لە چەندین بەچکەزار پێکهاتووە، وەك: بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، ڕۆژاوایی.

٢- کرمـانجی ناوەڕاسـت، کـە لـە چـەندین بەچـکەزار پێکهـاتووە، وەك: موکریانی، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی.

٣- کرمانجی باشـوور، کـە لـە چـەندین بەچـکەزار پێکهـاتووە، وەك: لـوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسانی، کوهکلوی، لەکی، کەلهووری.

٤- گۆران، کـە لـە چـەندین بەچـکەزار پێکهـاتووە، وەك: گـۆرانی ڕەسـەن، هەورامی، باجلانی، زازایی.

چەندین بۆچوونی دیکەش هەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لـە چوارچـێوەی بازنەی بۆچوونەکانی سەرەوە دەرناچن، جگە لەوەی کە بە هـیچ شـێوەیەك بـاس لە شێوەزاری شەبەك ناکەن.

هەردوو بەشی سەرەوە(نووسراو، نەنووسراو)و بە هەموو لایەنەکانیانـەوە لـە گۆڕانکاری بەردەوامدان، چ وەکو پەیـدابوون و نـەمانی وشـە فەرهەنگییـەکان و چ وەکـو چـۆنیەتی دروسـتکردن و بـەکارهێنانی ئیـدیۆم و دەسـتەواژەی نـوێ.

هەرچەندە ((پرسی پەرەسەندنی زمانەوانی لە پرسە ئالۆزەکانەو مەترسی گەورەیشی لەوەدایە کە زمانی نووسراو و زمانی زارەکی تێکەڵاو بکرێن)) (الطناحي، ٢٠١٤: ٧٤٩). ئەم تێکەڵابوونەیش گەفێکی نەخوازراوەو گەلێ جار و لە زۆر شوێندا بەرۆکی زمانی کوردی گرتووەو بۆوەتە:

- بەربەستێك لەڕێگەی هەبوونی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی.
- نەیهێشتووە بە شێوەیەکی زانستی لەقۆناغبەندییێکی تەواوکاری ئەرێنی نزیك ببێتەوە.

لەبارەی زمانی ئەدەبی کوردییەوە، کە بەپێی دەقە نووسراوەکانەوە مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ[٧]، کەواتە لە سەدەی دەهەمی زایینییەوە دەستپێ دەکات و تا ئێستاش بەردەوامە. هەر چەندە ئەو ئەدەبە ((بە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی پەیدابووە. ڕاستە دەبێت سەرەتاییێکمان هەبێ بۆ ئەدەبی کوردی بەگشتی، بەڵام دیارە ئەدەبی هەر دیالێکتێکیش سەرەتای خۆی هەیە)) (خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٦٠). لێرەدا زمانی ئەدەبی کوردی بەگشتی وەردەگرین، کە بە چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی (٩٣٧ ـ ١٠١٠) و بابا سەرهەنگی دەودانی(٩٣٥ ـ ١٠٠٧) دەستپێ دەکات و هەردووکیان سەر بە دیالێکتی (ك.ب) شێوەزاری لوڕی بوون و بەرهەمەکانیان بە سەرەتای ئەدەبی نووسراوی کوردی دادەنرێت. بەرهەمەکانی پیر شالیار (١٠٠٦ ـ ١٠٩٨) بە سەرەتای ئەدەبی کوردی بە دیالێکتی (گۆران) دادەنرێت، بەرهەمەکانی عەلی حەریری (١٥٣٠ ـ ١٦٠٠) و فەقێ تەیران (١٥٦٣ ـ ١٦٤١) و مەلایی جزیری (١٥٦٧ ـ ١٦٤٠) کە سێکۆچکەی بۆتان پێکدێنن بە سەرەتای ئەدەبی نووسراوی کوردی بە دیالێکتی (ك. ژ) دادەنرێت، بەرهەمەکانی نالی (١٨٠٠ ـ ١٨٧٧) و سالم (١٨٠٥ ـ ١٨٦٩) و کوردی (١٨١٢ ـ ١٨٥٠) یش کە سێکۆچکەی بابان پێکدێنن بە سەرەتای ئەدەبی نووسراوی کوردی بە دیالێکتی (ك. ن) دادەنرێت. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت، کە سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی بە دیالێکتی کرمانجی باشوور (لکەزاری لوڕی) بووە، دواتر بە هەر سێ دیالێکتەکانی دیکەیشی دەستپێکراوە. دەستپێکردنی هەر چواریان قۆناغی ئەدەبی دێرینی کوردی پێکدێنن و هاوتەریب

به قۆناغبەندییێكی بەردەوامدا گەشەیان كردووەو وردەكارییەكانیشیان لە بەشی دووەمدا شی دەكرێنەوە.

بۆ ڕوونكردنەوەی هۆكارەكانی سەركەوتنی هەوڵەكانی پەڕینەوە بۆ سەدەی بیستەم و پەرەسەندنی چەندین ژانری نوێ لە ئەدەبی كوردیدا، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕستەیەی كە لە پێشەكی ئەم كتێبەدا پرسیارێكی وروژاندبوو. لێرەدا دووبارە وەك پرسیار دەخەینەڕوو:

بۆچی لە سەرەتایەكی نادیارەوەو تا چارەكی یەكەمی سەدەی بیستەمیش، هەندێك بیروڕای نیمچە زانستی هەبوون، وایان بیردەكردەوە، كە كورد نەتەوە نییەو گومانیان لە سەربەخۆیی زمانی كوردیش دەكرد؟

ئەمە پرسیارێكە، دەتوانین بە كلیلی كردنەوەی كۆدی یەك بە یەكی بابەتەكانی ناواخنی ئەم كتێبە دابنێین، چونكە لەڕێگەی ئەوەوە، دەكرێت چەندین گومانی ناڕەوا و ڕاستی سەلمێندراو لێك جیابكرێنەوە، وەك:

١- لەدوای پەیدابوونی ڕۆژنامەی كوردی، كە لە (٢٢ نیسانی ١٨٩٨) ڕۆژنامەی كوردستان لە قاهیرە دەرچوو، زمانی ئەدەبیی كوردی لە شیعرەوە بەرەو پەخشان پەلی هاوێشت، كەواتە دەربڕینی ئەدەبوانان لە هەست و سۆزەوە بەرەو هزریشەوە گەشەی كردو چەندین ژانری دیكەی ئەدەبیی سەریان هەڵدا.

٢- نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، سەردەمێكی كارەساتبار بوو لە كوردستان. میرنشینە كوردییەكان، كە نیمچە فەرمانڕەواییێكی سەربەخۆییان هەبوو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لەناوچوون وەك: (سۆران ـ ١٨٣٥)، (بەهدینان ـ ١٨٤٣)، (بەدلیس ـ ١٨٤٧)، (هەكاری ـ ١٨٤٩)، (بابان ـ ١٨٥١)، (بۆتان ـ ١٨٥٥)، (ئەردەلان ـ ١٨٦٧)... لە جیاتی بەڕێوەبردنی خۆسەرەوە، فەرمانڕەواییێكی لەشكری ستەمكار هاتەكایەوەو میللەتیش كاردانەوەیەكی توندی هەبوو. لەسەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری (١٨٧٩ ـ ١٨٨٢) شێوەی ڕاپەڕینێكی ڕێكخراوی وەرگرت و زەمینەیەكی لەبار ڕەخسا كە ڕۆشنبیرانی كوردیش بیر لە ئۆرگانێكی ڕاستەقینەی دەنگی میللەت بكەنەوە، كە ئەدەبیش بەشێك لەو ئۆرگانە بوو.

٣- كردنـەوەی قوتابخانـە فەرمییـەكان لـە هەنـدێ شـارەكانی كوردسـتان هاندەرێك بوو، كە دەرچووەكانیان بۆ تەواوكردنی خویندن ڕوو لە پایتەخت بكـەن و لـە كۆلیـژەكان وەربگیرێـن. لـە ئەنجامـدا دەسـتەبژێرێكی شـارەزا پێگەیشـت و ڕۆڵیان لە هۆشیاركردنەوەی میللەتەكـەیان هـەبوو، بەتایبـەتی ئـەو ڕۆشـەنبیرانەی خاوەنی بەهرەیەكی هونەری و ئەدەبیی بـوون و بەرهەمـەكانیان بـە چـاپ گەیانـد بوو.

جگە لەم هۆكارانەی سەرەوە، چەندین هۆكاری دیكەی لاوەكـیش ڕۆڵیـان لـە گەشەسەندنی ئاسۆیی زمانی ئەدەبیی كوردی هەبوو، بـەڵام لـەڕووی سـتوونییەوە هـەتا كۆتـایی چـوارێكی یەكـەمی سـەدەی بیسـتەمیش گۆڕانكاییـەكی ئـەوتۆی بەسەردا نەهاتبوو، بەڵكو هەمان زمانی شیعری قۆناغـەكانی پێشـتر بـەكاردەهات، كە زۆربەی وشەو تێرمەكانی بـە زمـانی كـوردی نـەبوون، بـەڵام لـەڕووی داڕشـتنی ڕێزمانەوە بەوردی بنەما سینتاكسییەكانی ڕستەی كوردی دەپاراسـت. بـۆ نموونـە ئەم دەقە لە سەروتاری ژمارە یەكی ڕۆژنامەی كوردستان وەك بەڵگە دەهێنینەوە: ((بسم الله الـرحمن الـرحیم. سـەد هـەزار شـوكر و حەمـد ژ خـودێ تـەعالا رە ئـەم موسلمان خەلق كرین. و زانینا علم و مەعریفەتێ رە هـش و زەكـا دامـە. دەرحـەقا عەلماندنا علم و مەعریفەتێ رە گەلەك ئایەتێن جەلیلە و ئەحادیسی شەریفە هـەنن دنیایێ دە چقاس مسلمان هەبن گوند و باژێرێن حەمیا دە مەكتـەب و مەدرەسـە و جەریدە هەنن. دنیـایێ دە چ دبـە و چ نابـە جەریـدە دنڤیسـن. حـەیفا مـن تێـت ژ كوردا رە كورد ژ گەلەك قەوما زێدەتر خوەیێ هش و زەكانە جامێرن.....))[٨].

تا كۆتایی بیستەكانی سەدەی بیسـتەمیش، گۆڕانكارییـەكی ئـەوتو بـە سـەر زمانی نووسراوی كوردی، (لەوانە زمانی ئـەدەبی) نـەهاتبوو و بـە هـەمان شـێوازی بەكاهێنانی وشەی بیانی لـەنێو سینتاكسـی ڕسـتەدا بـەردەوامبوو. بـۆ نموونـە لـە سـاڵی (١٩٢٥) بەیاننامەیـەكی (جەمعییـەتی مودافیعـەی وەتـەنی سـلێمانی)دا هاتووە: (ئێمە ئەمانەوێ ئەم میللەتی ئێمەیش وەكو میللەتـەكانی تـر لەمـەولا بـە ڕەحەتی و ئیستراحەت ئیمراری حەیات بكاو تیجارەت و زیراعەت و ئیقتیسادییاتی مونتەزەم و سەربەست جەرەیان بكا. زاتەن لە عمومیشەوە مەعلوومـە كـە هـەموو

موعامەلاتی تیجاریە و ئیقتیسادییەی ئێمە لەبەر ئەوە بە عیراقەوەیە بێ عیراق ژیانمان نابێ...). لە هەمان بەیاننامەدا باس لە ڕۆڵی ڕەخنەگرتن دەکرێت و، هەبوونی بە شتێکی پێویست دادەنرێت:( لە داخیلی ئەم فیکرو مەقصەدا کە مەنافیعی عمومیە تێدایە ئومێد ئەکەین هەموو ئەفرادی میللەت بە کەمالی فیداکاری موعاوەنەت و تەعقیبی سلکی ئێمە بکەن. و هەر کەسێ لە داخیلی ئەم پرۆگرامەو غایەیە فیکرو مولاحەزاتێکی باش و جوان بێ لوتفەن بەیانی بفەرمووی و ئێمەیش مەعەلمەمنونیە قبولی ئەکەین...)[٩].

هەواڵنامەی کتێب

**تەوەری دووەم:**

## زمانی ئەدەبی لەنێوان سیمیۆلۆژی و شێوازگەراییدا

زمان لە هەردوو ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی تێدەپەڕێت و لە ئاستی سینتاکسەوە پێکهاتەیەکی واتادار و فرە ئاڕاستە بەرهەم دێنێت، کە لە گراماتۆلۆژیدا کۆدەکرێنەوەو بەشەکانیشیان بەپێی ڕێساکانی ئاستی هەر بەشێکەوە ئاڕاستەی جۆرەکانی دەق بنیاتدەنێن. ئەوەی پێوەندی بە زمانی ئەدەبی کوردییەوە هەیە ئاراستەی لادانە کە لە ئاستی سینتاکسدا ئەنجامدەدرێت. ئەرکی سینتاکسیش لە پێوەندییەکانی نێوان هێما زمانییەکاندا ورددەبێتەوەو لە رووی ڕۆنانیشەوە، لایەنێکە لە سیمولۆژیی و لەگەڵ هەردوو لایەنەکانی دیکەی (سیمانتیك) و (پراکماتیك) وردەکارییەکانی ئاخاوتن لێکدەدەنەوە. زۆربەی لێکدانەوەکانیشیان لەدەوری ڕستە دەخولێنەوە، بۆ نموونە: ((سینتاکس کە پێوەندییەکانی هێما زمانییەکان ڕێکدەخات. سیمانتیك واتای وشەو دەربڕینەکان شیدەکاتەوەو پێوەندی نێوان ئاخاوتن و ڕاستییەکەی دیاری دەکات. پراکماتیکیش کاریگەری زمان لەسەر ئەوانەی دەخوێننەوە یانیش بەکاری دێنن لێکدەداتەوە)) (عبدالرحمن، ١٩٧٩: ٤٩). بەم شێوەیە هەر سێ لایەن پێکەوە هەڵویستی سیستەمی سیمیۆلۆژی بەرانبەر دیاردەی زمان دیاری دەکەن. لەم هەڵویستەدا سیمیۆلۆژی تەنیا ڕستە وەك بنەما وەرناگرێت، بەڵکو ئەو یاسایانەی ڕستەی بەرهەم دێنن دەهەڵنجێنێت و ئەو زانیارییانەی پێش بەرهەمهێنان و بەکارهێنانیشی لێکدەداتەوە. لەم ڕووەوە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ سیستەمی شێوازگەراییدا هەیە. سیستەمی شێوازگەرایی لە بەرهەمهێنانی ڕستەدا ، جەخت لەسەر ئامادەکردنی پێشوەختەی هەندێ ڕێسا ناکات بۆ ئەوەی شێواز بەرهەم بێنێت، بەڵکو بایەخ بە ئاخاوتن دەدات کە خۆی بەرهەمهێنەری سیستەمی خۆیەتی. لەم ڕووەوە بەپێویست دەزانرێت، کە هەر یەك لە سیمیۆلۆژی و شێوازگەرایی ـ بە کورتیش بێت ـ شی بکرێنەوەو دواتر خاڵە جیاوازییەکانیان دەستنیشان بکرێن:

١– سیمیۆلۆژی یان زانستی هێماکان کە بە لقێکی زمانەوانی دادەنرێت، یانیش هەندێك بۆچوون پێگەیەکی فرەوانتری بۆ دادەنێن و هەموو لقە زمانییەکان لەنێو بازنەی سیمیۆلۆژی کۆدەکەنەوەو هەندێکی دیکە هەردووکیان لەنێو گراماتۆلۆژیایدا شیدەکەنەوە. لە ئەنجامی لێکدانەوەی هەر سێ بۆچوونەکانی سەرەوە، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە سیمیۆلۆژی وەك سیستەمێکی هێماکان هاوتەریب لەگەڵ ڕێبازە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەڕوات و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ بە هەزری هاوچەرخی مرۆڤایەتییەوە هەیە. لێرەدا لە دوو لایەنەوە سیمیۆلۆژی لە بابەتی زمانی ئەدەبی تا ڕادەیەکیش لەگەڵ شێوازگەراییدا نزیك دەبێتەوە: لە لایەکەوە ((بنەمایێکی وردە کە سێگۆشەی دال و مەدلوول و سەرچاوە لەسەری بینادەکرێت))(المسدی، ٢٠٠٦: ١١٨). لە لایەکی دیکەشەوە، ((خۆی بە بەشێك لە لێکۆڵینەوە ڕۆشەنبیرییەکان دادەنێت و جەختێکی موکور لەسەر گرنگی خوێنەر دەکات، بەمەش پێوەندی بە ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر و تیۆری وەرگرتنەوە هەیە)) (الرویلی، ٢٠٠٥: ١٨٥). ئەم هەردوو لایەنەیش لە بنچینەدا کۆمەڵە ڕستەن بەپێی سیستەمی سینتاکس کۆکراونەتەوەو لەسەر بنەمای لادان داڕێژراون.

٢– شێوازگەرایی زانستێکە ڕێبازو بنەما مەعریفییەکانی تایبەت بە خۆیەوە هەیەو ((لەمیانی گوتارێکی دابەشکراوداو بەپێی پرەنسیپی پێناسەی ژانرەکانەوە لە زمان دەکۆڵێتەوەو لایەنە زمانییەکانیش بە ئەدەب و ڕەخنەکەی دەبەستێتەوە)) (عیاشی، ٢٠٠٩: ٢٧). ئەم ڕەهەندەی زمانەوانی لە داڕشتنەکانیدا واتا دەگەیەنێت و ((ئەگەر لە بنەڕەتدا کردەوەی گەیاندن هۆکاری ڕووداوی زمانەوانی بێت، ئەوە ئامانجی ڕووداوی ئەدەبی تێپەڕاندنی ڕاگەیاندنەکەیە بۆ وروژاندن. لەم پێگەیەدا شێوازگەرایی دێت، لە خەسڵەتە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی گوتارەکە لە سیاقی خۆیی گەیاندنەوە بۆ ئەرکەکانی خۆیی کاریگەرییەکان و ئیستاتیکییەوە بگۆڕێت))(المسدی، ٢٠٠٦: ٣٣). بەم شێوەیە سیستەمی شێوازگەرایی زیاتر نزیکی زمانی ئەدەبییە، بە تایبەتی زمانی ئەدەبی دەستکرد (خوڵقێنەر)، کە ڕێساکانی پێشوەختە ڕەتدەکاتەوە، بەپێچەوانەی

زمـانی ئـەدەبیی دێـرین و زمـانی ئـەدەبیی هاوبـەش، کـە هـەردووکیان لـەڕووی ئیسـتاتیکا و ڕەخنەییـەوە پشـت بـە هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی دەبەسـتن. ئـەم پابەندبوون و پێڕەوکردنیان زیاتر لە سیستەمی سیمیۆلۆژی نێزیکیـان دەکاتـەوە، کە ئەویش بەپێی ڕێساکانی پێشوەختە کاردەکات. لێرەدا دوو ڕێچکەی جیاواز لـە ڕێبازی ئەدەبیدا پەیدابوون و هـەر یـەکێکیان بنـەما تەکنیکییـەکانی تایبـەت بـە خۆیانەوە پێڕەو دەکەن، کە هێزێکی نوێی کاریگەریان بە زمانی ئـەدەبی گەیاند. هـەر چـەندە هـەردووکیان وەك دوو زانسـت، گۆڕانکـاری بەسـەردا دێـت و لـە زۆر ڕوویەکەوە بنەما تەکنیکییەکانیان تێکەڵکێشی یەکتر دەبن، بۆ نموونە: ڕەوانبێژی بـەپێی چـەمکی دێرینـەوە بریتییـە لـە ((ڕێسـاکانی هونـەرێکی دەستنیشـانکراوو دەقـەکان بەرهـەم دێنێـت، بـەڵام چـەمکی نـوێی زانسـتی ڕەوانبێـژی پێچـەوانەی چـەمکی دێرینـە، چـونکە مەبەسـت لێـی بەرهـەمهێنانی دەقـەکان نییـە، بـەڵکو شییاندەکاتەوە)) (بلیت، ١٩٩٩: ٢٣). ئەگەر ئەم بۆچوونە ئاڵۆزانـە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لـە ئـەدەبی کوردیـدا نـەبینرێن، بـەڵام کاریگـەرییان لـە بابەتـە بەراوردکارییەکانـدا دیـارەو بـە شـێنەیی دەخزێنـە نێـو لایەنەکانیـدا. ئـەم جـۆرە بۆچـوونانە دەمانگەیەننـە کرۆکـی پرسـێکی بنـەڕەتی، کـە بنیـاتی جووڵانـەوەی ئەدەبی کوردیی لە سەری بنیات بنرێت. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش، پێویسـتە سیماکانی ئـەم سـەرهەڵدانە ڕوون بکرێنـەوەو هەنـدێ تێبینـی و خـاڵی جیـاوازیش لەنێوان ڕەوانبێژی و شێوازگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا بخرێنەڕوو:

لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم، بزاڤـی شـیکردنەوەی هونـەرەکانی ئەدەبی کوردی وەك پێویستییەکی سەردەم لە ناوەندە زانستییەکاندا جێگیر بوو. سـەرەتاکەی بـە بڵاوکردنـەوەی وتـارو ناوەڕاسـتەکەی بـە دانـانی کتێـب و لـە کۆتاییشدا ڕێبازێکی گشـتگیری لـەخۆگرت، کـە تـا ڕادەیـەکی زۆر لەگـەڵ هونـەرە ئەدەبییەکان و زانستە زمانییەکانی عەرەبیدا یەکتریان دەگرتەوە.

ئەمەش حاڵەتێکی لۆژێکی ئاسایی بووە، ئەگەر هـاتو هۆکـارە هاوبەشـەکانی هـەردوولا لـە ڕووی پەرەسـەندنی مێـژوویی و تێکـەڵکردنی بەرژەوەندییەکانـەوە لەبەرچـاو بگیرێـن. بـەڵام پـێش ئـەوەی ئـەم بزاڤـە لەسـەرپێ ڕاوەسـتێت لەگـەڵ

دەرهاوێشـــتەی تیـــۆرە زمانەوانییـــەکانی ڕۆژئـــاوادا یـــەکتریان بـــڕی و نیمچـــە ململانێیەکی زانستی دروستبوو، کە هێشـتا ئـەدگارو کاریگەرییـەکانی بەتـەواوەتی دیارنین و، بەپێی ئەزموونی میللەتانی دیکەش وەکـو عـەرەب ، تـورك، فـارس ... کـە لـە حاڵـەتی وادا پـەنایان بـۆ لایـەنی ئـەکادیمی بـردووە، کەوتوونەتـە نێـو کێشەیەکی یەکجار گەورەوە، چونکە لە لایەنێکەوە بابـەتێکی هاوبەشـە لـەنێوان هونـەرەکانی هـەر یـەکێك لـە ئـەدەب و زمـان، لـە لایـەنێکی دیکـەوە بەرکەوتـە و دەرهاوێشـتەکانی کۆمەڵایـەتیی لێ دەکەوێتـەوە، بۆیـە هـەر بڕیارێـك لـەم بـارەوە وەربگیرێت پێوەندییـەکی راسـتەوخۆ بـە هەڵوەشـاندنەوەو سـەرلەنوێ بینـاکردنی مێشکی مرۆڤەوە هەیە(١٠).

لێرەدا چەندین پرسیاری رەوا سەرهەڵدەدەن، لەوانە:

ئا ـ ئایا کاتی ئەوە هاتووە کە دەزگە ئەکادیمییەکانی کوردسـتان دەرگـە بـۆ ئـەم جۆرە ململانێیە بکەنەوەو بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان بڕیار وەربگرن.

ب ـ ئایـا ڕەوانبێـژی و شـێوازگەرایی تەواوکـەری یـەکترن، یـان بەپێچـەوانەوە پەرەسەندنی هەر یەکێکیان لەسەر حیسێبی لەناوچوونی بەرانبەرەکەیەتی.

پ ـ دەکرێت ئـەم کێشـەیە بـە شـەڕی چالدێران (١٥١٤ز) بچوێنرێت ، کـە ئەوسـا ململانـێ لـە نێـوان دوو زلهێـز بـوو (عوسمـانی ـ سـەفەوی) و لەسـەر خـاکی کوردسـتان روویـدابوو، ئـەمڕۆیش دووبـارە دەبێتـەوە، بـەڵام یاریکـەرەکان جیاوازن و لەجیاتی ململانێ لەسەر خاك بکرێت ئەمجارە لەنێو مێشکی کـورددا ئەنجام دەدرێت.

ج ـ هەڵسووڕێنەرانی ئـەم کێشـەیە ملکەچـی ئـەنجامی زانسـتی لێکۆڵینـەوەکانیان دەبن، یانیش لەسەر پابەنـدبوونیان بـە بـیرو ئایدیۆلۆژییەکانیانـەوە بـەردەوام دەبن.

گەڕان بەدوای وەڵام و دۆزینەوەی پاساو بۆ سەلماندنی هەر گریمانەیـەك کـە بەم دوو لایەنەوە تایبەت بێـت، دیسـانەوە کـارێکی ڕەوایـەو لـە گرنگـی مەبەسـتە سەرەکییەکەی ئەم کێشەیە کەم ناکاتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی بنەماو ئامانجەکانی هەردوو لایەنی کێشەکەش (ڕەوانبیژی

و شێوازگەرایی)، بە پێویستمان زانی پشت بە بۆچوونی چەند پسپۆڕێکی عەرەبی ببەستین وەکو (مستەفا ناسف[11]، شوکری محەمەد عیاد[12]، عەبدولسەلام ئەلمەسدی[13]، یووسف ئەبوو لعەدوس[14])بۆ ئەوەی هەردوو لایەن شی بکرێنەوەو لەڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە بەراوردبکرێن و شێوەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەقی ئەدەبی و زانستی زماندا لێك بدرێنەوەو پۆختەی ئەم کێشەیە لەم چەند خاڵانەدا کورت دەکەینەوە:

١- بنەما زانستە ڕەوانبێژییەکان پشت بە لۆژیکی ئەرستۆیی دەبەستن، بەڵام بوارەکانی شێوازگەرایی لەچوارچێوەی زمانەوانیدا دەستنیشان دەکرێن.

٢- زانستە ڕەوانبێژییەکان مۆرکێکی هەڵوەشاندنەوەیان هەیە، بەڵام لێکۆڵینەوە شێوازگەراییەکان زیاتر ڕێچکەی ڕۆنان و ڕێکخستنەوەی پێکهاتەکان دەگرێتەبەر.

٣- لێکۆڵینەوەی ڕەوانبێژی بەرەو جۆرێکی پسپۆری لە ئاخاوتندا دەڕوات، کە ئەویش ئاخاوتنی ئەدەبییە، بەڵام لێکۆڵینەوە شێوازگەراییەکان هەموو جۆرەکانی ئاخاوتن دەگرنەوە.

٤- هەنگاونانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ڕەوانبێژی لە هونەری ڕەوانبێژییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام ڕێبازی لێکۆڵینەوەی شێوازگەرایی لە تایبەتمەندێتی خودی شێوازەوە دەستی پێ دەکرێت.

٥- مەبەستی ڕەوانبێژی دەستنیشانکردنێکی پێوانەییەو زۆر جار ڕێنماییکردن و فێرکارییەکی کردارییە، بەڵام مەبەستی شێوازگەرایی تۆژینەوەیی و دەستنیشانکردنێکی وەسفییە.

٦- ڕەوانبێژی لە هەڵسەنگاندندا پێوەرێکی دێرینی هەیە، بەڵام شێوازگەرایی لایەنە باش و خراپەکان دەستنیشان ناکات، بەڵکو پتر پێوەندی زمان بەدەقەوەو ڕێکخستن و پێکهاتەکانیان ئاشکرا دەکات.

٧- مەزراندنی زمان لە شێوازگەراییدا لە ڕێگەی وشەو ڕستەو پەرەگراف و دەقەوە ئەنجام دەدرێت و بەشێوەیەکی ڕۆنانی و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەڵدەسەنگێنرێت، بەڵام ڕەوانبێژی بە شێوەیەکی فەرهەنگی و ڕێزمانی و ڕۆنانی

و ڕوونبێژییەوە لە دروستی و ڕەوانی ڕامانەکانی دەق دەکۆڵێتەوە.

٨- شێوازگەرایی بە پێی پێداویستە زانستی و تەکنیکییەکان دەتوانێت بەئاستەکانی دەنگ و پێکهاتە و دەلالەتەکانی نێو دەقدا شۆڕببێتەوەو ، تەنیا دیاردەکان دەستنیشان دەکات و بەرەو لایەنی رەخنەیی ناڕوات. لەهەمان کاتدا ڕەوانبێژی دەتوانێت لە وردەکارییەکانی زمان و پێکهاتەو وێنە ڕەوانبێژییەکان و شێوازەکان ورد ببێتەوە و بۆچوونە ڕەخنەکەیشی لەهەموو ڕوویەکەوە دەربڕێت.

٩- شێوازگەرایی بە شێوەیەکی زنجیربەندی یەك لەدوای یەك لە دیاردەکانی شێواز دەکۆڵێتەوە، بەڵام کەم جار ئەم ڕێچکەیە لە ڕەوانبێژیدا دەگرێتەبەر.

ئەمەو چەندین جوداوازی دیکەش هەن کە ڕەوانبێژی و شێوازگەرایی لە ڕووی بنەماو ڕێباز و بۆچوون و کردارەکانیانەوە، دوو زانستی جودان و هەریەکە لایەنگیرو پەیرەوکەرانی خۆی هەیە، بەڵام لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە تا چەند ئەم جوداوازییە لەلایەن پسپۆرە ئەکادیمییەکانمانەوە یەکلا دەکرێتەوەو کامیان پەسەند دەکەن؟

## تەوەری سێیەم
## تێڕوانینە نەریتگەراییەکان لە زمانی ئەدەبی کوردیدا

ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەو بەشەکانی زمانی کوردی لە بەرنامەکانیاندا پشت بە تیۆرەکانی زمان دەبەستن، بەڵام تا ئێستا ئەو هەوڵانە لە بەرنامەیەکی گشتگیردا دانەڕێژراون و لە لێکدانەوەو شیکردنەوەی کەموکورتییەکانیشیاندا ئاڕاستەیەکی ڕوون و ڕێپێشاندەر بەدی ناکرێت، بۆیە دابڕانێکی زانستی ـ تەکنیکی ـ لەنێوان کارەکانیاندا هەیەو پرسیارێکی ڕەوا دەورووژێنێت کە: بۆچی زمانی کوردی نەبووەتە زمانێکی هاوبەش و لە هەموو کەناڵەکانی خوێندندا لە بنەڕەتییەوەو تا دەگاتە خوێندنی باڵا جێگیر نەبووە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی سەرەوە، سەرەتا وا باشە دان بەو ڕاستییە بنێین، کە ئەو کارانەی لە ناوەندە زانستییەکاندا ئەنجام دەدرێن، بە دەگمەن بۆ کایەکانی خوارەوە شۆردەبنەوەو سوودیان لێ وەردەگیرێت، بەڵکو لەڕووی پراکتیکییەوە زیاتر پشت بە تێڕوانینە نەریتگەراییەکانی پسپۆرەکانی زمان و شارەزایانی دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن و بەشە هونەرییەکانی میدیاوە دەبەستێت و دەکرێتە بنەمای کاری مەیدانی ئەو دەزگەیانە.

لەپێناو دوورکەوتنەوە لەشێوازی تێڕوانینە نەریتگەراییەکان و نزیکبوونەوە لە ڕێبازە زانستییەکان، و دۆزینەوەی دەرچەیەکی گونجاو بۆ پەڕینەوە لەم واقیعە قەتیس خواردووەدا، هەوڵدەدرێت پشت بە تیۆری (واتای ناوەندی) ببەسترێت و هاوتەریب لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو بۆچوونە دێرینانەی لەنێو کەلەپووری فێرکردنی دەڤەرەکەماندا هەبوون بەراورد بکرێت، بە تایبەتی ئەوانەی بەهایەکی زانستییان هەبووەو تا ئێستاش کاریگەرییان لەسەر جومگەکانی ئەدەبدا ماوەتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو هاوکێشەیەی لەنێوان تێڕوانینە نەریتگەراییەکان و ڕێبازە زانستییەکاندا هەیە، دوو نموونە وەرگیراون و لەم تەوەرەدا شیدەکرێنەوە:

- **نموونەی یەکەم،** لەبارەی فەلسەفەی ڕاڤەکردنی وشەیەو لە سێ لایەنەوە کاری بەڕێوەبەرایەتیی پرۆگرامەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە

لێکدەداتەوە: لەڕووی شوێنەوە کتێبەکانی زمان و ئەدەبی کوردی قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی دەگرێتەوە. لەڕووی ئەکادیمییەوە تەنیا لە ئاستی سینتاکسەوە پێکهاتەکانی ڕستە لێکدەداتەوەو لە واتاکانیشی دەکۆڵێتەوە. لەرووی پراکتیکیشەوە بەپێی بنەما زانستییەکانی زمانی ئەدەبی کوردی، پێگەی مۆرفیمەکان لەنێو بابەتە دەستنیشانکراوەکاندا شی کراونەتەوەو هەڵە بەکارهێنانیشیان ڕاست کراونەتەوە .

- **نموونەی دووەم**، کاری کەسایەتیەکی زانستی - فەلسەفی - زمانەوانی لێکدەداتەوەو لە پێگەی وشە فەرهەنگییەکان و هەڵبژاردنی زاراوەکان و بەکارهێنانیان لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوەو پێوەندییان بە زمانی ئەدەبییەوە شی دەکاتەوە.

## یەکەم: فەلسەفەی ڕاڤەکردنی وشە

### پەیڤێکی پێویست

زمانی ئەدەبی هەر گەلێك ئەو شێوەزارە پاراوەیە، کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێی دەنووسرێت و جودایە لەو زمانە گشتییەی کە قسەپێکەرانی بەپێی دیالێکتە جیاکانەوە لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا بەکاریدێنن. بەپێی بنەما هەزری و زانستییەکانی زمانی ئەدەبیش کتێبەکانی ڕێزمان و خوێندنەوەو ڕەوانبێژی و هونەرەکانی ئەدەبی لەلایەن لێژنەیەکی تایبەتمەندەوە دادەنرێن و تیمێکی شارەزایانیش پێدادەچنەوەو هەڵسەنگاندنی زانستییان بۆ دەکەن و پێشکەش بە لایەنی خاوەن بڕیار دەکەن. دواتر لەلایەن لێژنە تایبەتمەندەکانەوە پەسەند دەکرێن و چاپ و بڵاودەکرێنەوەو وەك وانەیەکی سەرەکی لە ناوەندەکانی خوێندن وەردەگیرێن. لە ناوەڕۆکی بابەتەکانیشدا هەنگاوەکانی دیداکتیکی دەکرێنە کرۆکی پرۆسەی وانەوتنەوە. پلانی وانەوتنەوەیش لەسەر بنەمای دەربڕینی سیاقی (Context expression) دادەڕێژرێت. بنەماکانی هەر کارێکی گشتگیرو هەستیاری وەك پرۆگرامەکانی خوێندنیش، کە لە بازنەی پیداگۆکییەکی تۆکمەدا دەخولێنەوە، پێویستی بە شیکردنەوە دەبێت، دواتر

شێوە تەکنیکییەکان و بابەتە زانستییەکانی لێك دەدرێنەوە. لەم سۆنگەیەوە، وا پێویست دەکات کە هەندێك لەسەر (دەربڕینی سیاقی) قسەبکەین، کە دەستەواژەیەکەو لە دوو زاراوە پێکهاتووە:

- یەکەمیان، دەربڕینە کە بە واتا گشتییەکەی، هەردوو لایەنی زارەکی و نووسینەوەی زمان دەگرێتەوەو ((بیرۆکەیەك یان سۆزێك بە ئاخاوتنێك یان هێماییێك یان ئاماژەیەك ڕووندەکرێتەوە))(عبدالنور، ۱۹۷۹: ۷۱). بە واتا پێوانەکەیشی ((ئامرازێکە بۆ خستنەڕووی بیرو هەستەکان و بە زمانێکی پاراوو بێ هەڵە لەنێو ئاخاوتن و نووسیندا ڕیزبەند دەکرێت))(الصویرکی، ۲۰۰٦: ۹). لەم ڕووەوە دەربڕین بە واتای ناوەڕۆك ناهێت، بەلکو ((دوو گۆڕانکاری جیاوازن لەمیانی یەك پرۆسەی هەماهەنگیدا دروست دەبن)) (مانغ، ۱۹۹٥: ۸۸)، کەواتە ناوەڕۆك مەدلوول نییە و دەربڕینیش دال نییە. ئەم پێوەندییە جەدەلییەی لەنێوان ناوەڕۆك و دەربڕیندا هەیە، کە (تیۆری دەربڕین) جەختی لەسەر دەکات، باشتر لە تیۆرە بونیادگەراییەکان وردەکارییەکانی بابەتەکەما شیدەکاتەوە.

- سیاقیش بریتییە لە((ڕێڕەوی ڕووداوەکانی کارێکی ئەدەبی پێکەوەبەستراو، کە بەشێوەیەکی تۆکمە کردەوەی بەستنەوەی ئاخاوتن و بونیادی دەقەکە بە سەرەتاو کۆتایی و گرێچنییەکەیەوە ئاسان دەکات))(التونجی، ۱۹۹۹: ٥۳٥).

بەلێکدانەوەی هەردوو زاراوەی سەرەوە، ئەوە (دەربڕینی سیاقی) پێکدێت و بە بنەما سەرەکییەکانی زمانی ئەدەبی دادەنرێت، کە دەتوانین ئەرك و تایبەتمەندییەکانیشی لەنێو هەر دەقێکدا، بەپێی هەر سێ (تیۆری واتای ناوەندی، تیۆری دەربڕین، تیۆری هەڵویستی ڕێساکانی زانستی زمانەوە) دیاری بکەین و دەرئەنجامەکانیشی لەم سێ خاڵەدا کۆبکەینەوە:

۱- سیاقی پێکهاتەیی، کە تایبەتە بە دەربڕینی زاراوەسازییەوە، کە وشەو دەستەواژەکان لە جێگەی خۆی گونجاودا دابنرێن.

۲- سیاقی دەق لە دەربڕیندا، پشت بەو ڕاستییە دەبەستێت کە ((جێگیربوونی واتای وشەکە لە بەرقەراربوونی ئەو سیاقانەدا دروست دەبێت کە

واتا بە وشەکە دەبەخشن، بۆیە جێگیربوون لە واتای وشەکاندا شتێك نییە کە بە گریمانە وەربگیرێت، بەڵکو هەمیشە دەبێت شی بکرێتەوە)) ( Richards, 1965: 11). کەواتە لەم جۆرە سیاقەدا، دەربڕینی وشە فەرهەنگییەکان و یەکە گۆکراوەکانیان بۆ هەندێك واتایی دیکە تێدەپەڕێنن ودەکرێت مەبەستی دەربڕینە سیاقییەکانیشیان لە ڕێگەی میتافۆرو درکەوە ئاشکرا بکرێن. لە ئەنجامی ئەو گواستنەوەدا ((زۆر جار کە ئاخاوتنەکە تەمومژاویش بێت، بەڵام لە سیاقی ڕێڕەوی ڕەوتی ڕووداوەکانیدا لێی تێدەگەین)) (التونجی، ١٩٩٩: ٥٣٥). ئەم جیاوازییە، زمانی ئەدەبی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی نزیك دەکاتەوە. کەواتە زمانی ئەدەبی زمانێکی پەرەپێدراوی زمانی ئاساییەو ئەگەر فێربوونی زمانی ئاسایی خودکاری بێت، ئەوە زمانی ئەدەبی لە ناوەندەکانی خوێندندا فێردەکرێت. بەپێی جۆری پلانڕێژی بەرنامەکانی هەر ناوەندێکیش ئاستی زمانەکە دەستنیشان دەکرێت، بۆیە شارەزایانی پرۆگرامی خوێندن پشت بە تیۆرەکانی پێوەندی بە زمانەوە دەبەستن. جومگەکانی هەر بابەتێك لە چەندین ڕوویەکەوە لێکدەدەنەوەو هەر شتێك چەند وردیش بێت دەبێت لە جێگەی دروستی خۆی دابنرێت. ئەم پرۆسەیە ئاڵۆزو تێکچڕژرایەش ئەستەمە بەپێی تێروانینە نەریتگەراییەکانەوە جێبەجێ بکرێت.

٣- سیاقی هەڵویست، ئەو بونیادە کۆزانیارییەیە، کە فێرکردنێکی گونجاوی تێیدا فەراهەم دەبێت و لە دوو ڕوویەوە کاریگەری لەسەر فێرخوازان هەیە. لە لایێکەوە بەڕوونی دەردەکەون و لەلایێکی دیکەشەوە بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستدان ڕێکخراون.

بەپێی خاڵەکانی سەرەوە، لەو ڕاستییە نزیك دەبینەوە کە ((دەربڕینی سیاقی سیستەمێکە، کە شێواز لەنێو پێکهاتەکانیدا ڕێکدەخرێت و پێناسەکانیشی بەم شێوەیە دەستنیشان دەکرێن: ئەو پێناسەی لە بنەڕەتدا جەخت لەسەر داهێنەر دەکات، بۆیە شیواز وەك هۆکارێکی کارا لە پرۆسەی نووسیندا دەبینرێت و لەمیانی ئەوەوە نووسەریش بەرەو ڕۆخساری ناوەوەی بابەتەکەی شۆڕدەبێتەوەو دەیدۆزێتەوە. ئەو پێناسەی لە دەقەوە هەڵدەقوڵێت و جەخت

لەسەر خەسڵەتەکانی خودی شێواز دەکات، کە وشەی گونجاو لە شوێنی گونجاودا بەکاربهێنرێت. ئەو پێناسەی جەخت لەسەر پێگەی وەرگر دەکات و شێوازیش بەپێی بۆچوونەکانی ئەوەوە دەناسرێت)) (عصفور، ٢٠٠٥: ١٩٤ـ ١٩٥).

بەم شێوەیە دەربڕینی سیاقی پێوەندی بە سینتاکسەوە هەیەو کاریگەرییەکەشی لەمیانی لێکۆڵینەوەکانی سیمیۆلۆژییدا جەخت لەسەر ئەرکی ڕستە دەکەن، کە لەڕووی ڕۆنانەوە پێڕەوی ڕێساکان بکات و لەڕووی واتایشەوە مەبەستێکی پەسەندکراوی هەبێت، بۆیە لە زمانی ئاسایی ئاخاوتندا ((بایەخ بە دیاردە داهێنانییەکان نادات و ئەرکی ڕستەیش لە سیاقێکی گەورەتردا کە دەقەکەیە فەرامۆش دەکات))(عیاشی، ٢٠٠٩: ١٠٤))، بەڵام لە زمانی ئەدەبیدا لادان لە ڕێساکان و گۆڕینی واتایی بە دوو بنچینەی ڕستە دادەنرێن.

**تێڕوانینە نەریتگەراییەکان لە دانانی پرۆگرامەکانی خوێندندا**

لەسەرەتاوە هەوڵدەدرێت لە سنووری کارەکانی وەزارەتی پەروەردە، هەندێك بنەما زانستییەکانی پرۆگرامی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییدا بهەڵنجێنرێن، کە لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکرێنەوە:

١– لە کۆتایی هەر بابەتێکی کتێبەکانی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلەکانی (٢، ٣، ٤)ی قۆناغی بنەڕەتی و کتێبەکانی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلەکانی (٥، ٦)ی هەمان قۆناغ و کتێبەکانی زمان بۆ پۆلەکانی (٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢)داو لەژێر ناونیشانی (واتای پەیڤەکان) و هەندێك جاریش بە ناونیشانی (واتای وشەکان)دا، خشتەیەکی دوو ئەستوونی وەك فەرهەنگۆکەك ڕێکخراوەو لەلای ڕاستەوە وشەیەك دانراوەو بەرانبەرەکەی واتایەکەی دەستنیشانکراوە، جاری واش هەیە دوو وشە بە یەك واتا ڕاڤە دەکرێن و مانای دوو وشە یان زیاتریش بە یەکسانی بەراورد کراون. بەبێ ئەوەی ئاماژە بە پێگەو ئەرکیان لە سیاقی ئاخاوتندا بکرێت، یان چەمکەکانیان ڕاڤەبکرێت یانیش بەکارهێنانیان لە ڕستەدا ڕوون بکرێتەوە. ئەم کردەوەیە کێشەیەکی نەرێنی ئاڵۆزەو لە ساڵی (١٩٦٣)یەوە (ئ. ئا. ڕیتشاردز)، بە دیاردەیەکی ترسناکی پاشکەوتوو وەسفی

دەکات، کە کاریگەری نەرێنیشی لەسەر ئاستی زانستی قوتابیان دەبێت، هۆکارەکەیشی بەو شێوەیە لێکدەداتەوە، کە بەپێی ئەو بیروباوەڕە باوەی کە فیدەری کتێبە پاشکەوتووەکانی قوتابخانەکانە: وشە مانایەکی جێگیرو دەستنیشانکراو، سەربەخۆ لە مەرجەکانی بەکارهێنانییەوە هەیە (Richards, :11) 1965. ئەگەر ئەم بۆچوونە لەگەڵ شێوازە پێڕەوکراوەکانی نێو کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردیدا بەراوردبکەین، ئەوە کێشەیەکی دیکەی دوو لایەنی سەرهەڵدەدات: لە لایێکەوە لێڵی و تەمومژاوییێك لەنێوان دوو وشەدا پەیدا دەبێت، کە ناولێنانیان لە ئەنجامی کردەوەیەکی هاوبەشدا بەدەستنەهاتووە. هەر واتایەك بەدەستەوە بێت یان تێگەهشتنەك ڕوویدات پەیوەستە بە کردەوەیەکی سێکۆچکەییەوە، کە لەنێوان سەرچاوەو هێماو هێمابۆکراوەکاندا دروستدەبێت و ڕێکدەخرێت(المسدی، ٢٠٠٥: ١١٨) ، بەڵام کە ئەو پێوەندییە لەنێوانیاندا نەما، ئەوە واتاکانیشیان دەشێوێنرێت. لە لایێکی دیکەوە ستراکچەری زمان لەنێوان دەقە نووسراوەکان و قسەپێکەرانی تێکدەدات.

٢– تا ئێستاش ئەو شێوازەی جەخت لەسەر واتای وشەکان دەکات پەرە پێدەدرێت و لەزیادبووندایەو، لەنێو دوا چاپەکانیشیاندا دووبارە دەبێتەوە، بۆ نموونە، لە کۆتایی هەر (٢٥) بیست و پێنج بابەتەکانی کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، شێوازی وشەو واتاکەی ڕەچاوکراوەو هەر زوو قوتابی فێری ئەوە دەکرێت کە چەندین وشە یەك واتایان هەیە. لێرەدا بە پێویست دەزانین ئەرك و مانای چوار لەو وشە فەرهەنگیانەی لە گۆشەی (واتای وشەکان)دا هاتوون - چەند بە کورتیش بێت - شی بکرێنەوەو دەرهاوێشتە نەرینییەکانی دەستنیشان بکرێن، لەوانە:

**نژیار: وەستای دروستکردنی خانوو (ل١٨)**

نژیار، ئەو کەسەیە کە شتێك دادەگرێت و بە ڕێکوپێکی لەسەری کەڵەکە دەکات، جا ئەو شتە دیوار بێت یان پرد یان دیە یان سندوقی تووتن ...بێت. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە نژیار تەنیا دروستکەری دیوار نییە. بەڵکو لە

کـاتی دیـوار دروستکردنیشـدا، مەبەسـت ئـەو دیـوارە بـووە کـە دوو ڕووی هەیـەو ناوەڕاسـتیان بـە کەرەسـتەی پێکـەوە نووسـاندن پڕدەکاتـەوە ئـەم پرۆسـەیەش بەپێی شێوازی تەلارسازی کۆن هەبوو و بـە کـردەوەی شەنگسـت لێدان دەسـتی پێ دەکـردو بـە کردەوەکـانی دانـان و ڕیزکـردن و سـەتمەکردن بـەردەوام دەبـوو، ئینجـا دەگەیشـتە کـاری نـژین یـان نژانـدن و بـە قۆنـاغی ڕاسـتکردنەوە چـینەکی دیواری تەواو دەبوو. ئێستا شێوە ئەندازەکەی زۆربەی دیواران یەك ڕوویان هەیـەو پێویستیان بە پرۆسەی نژاندن نییە کە یەکێك لە کردەوەکـانی دیـوار دروسـتکردن بوو. بە نەمانی ئەو کردەوەیەش هیچ پێوەندییەکی واتایی لەنێوان نژیارو وەستای دروستکردنی خانوو دا نامێنێت. پەسەندکردنی ئەم جـۆرە بۆچـوونانەی سـەرەوە، لە دانان و بەکارهێنانی وشە داتراشاوەکان، چەندین بۆشایی گەورە لەنێوان زمـان و هـزردا دروسـت دەکـەن. ڕووبـەری ئـەم بۆشـاییانەش ژینگەیـەکی گونجـاوە بـۆ شێواندنی زمان و لەکۆتاییدا ئاستی کۆزانیاری مرۆڤیش نزم دەکاتەوە.

**نانەوا: نانپێژ (ل١٨)**

هەردوو وشەی سەرەوە هەمان واتا هەڵناگرن، بەڵکو نانەوا پیشەیەو دەکرێت نانەواخانەیـــەکی هـــەبێت و کـــاری نانپێـــژی بکـــات و لەوانەیـــە نـــەیکات، بەپێچـەوانەوە(نانپێژ) ئـەو کەسـەیە کـە کـاری نانپێـژی دەکـات و مـەرج نییـە نانەواخانەیەکی هەبێت، یانیش بـەردەوام ئـەو کـارە بکـات. ئەمـەش دوو حاڵـەتی جودان و ئەگەر لە دوورەوە پێوەندییان پێکەوە هەیە، بەڵام لە چـەندین ڕوویـەوە یەکتر ناگرنەوەو تێگەیشتنێکی هەڕەمەکی لای فێرخواز دروست دەکەن. تەنانـەت لەڕووی ڕۆنانی وشەوە جیاوازییان هەیە، (نان) کـە مـۆرفیمێکی سـادەو واتـادارەو لەگـەڵ مـۆرفیمی (وا - وان) کـە مـۆرفیمێکی ئاوێتەییـەو ئـەرکێکی هەیـەو وشـەی (نانەوا) پێکدەهێنن کە خاوەن کارێکی دیاریکراوە. بەپێچەوانەی وشـەی (نانپێـژ) کە مۆرفیمێکی لێکدراوەو لە دوو مۆرفیمی سادەی واتادار پێکهاتووەو دەلالەت لـە کارامەیی لە کارێکدا دەکـات. ئـەم جوداوازییـەی لـەنێوان ڕۆنـان و واتـای هـەردوو وشەی (نانەوا) و (نانپێژ)دا هەیـە دەبێـت بـەوردی ڕەچـاو بکرێـت و ئەسـتەمە لـە

پرۆسەی فێرکردندا یەك مەبەستیان هەبێت، چونکە ئەم تێکەڵکردنە ئاڵۆزییەکی مۆرفۆلۆژی دروست دەکات و بنەمایەکی سەرەکی سینتاکسیش دەشێوێنێت.

**مەڕومالات: پەزو بزن (ل٤٣)**

هەردوو وشەی لێکدراو (مەڕومالات) و (پەزو بزن) هەمان واتا هەڵناگرن و جۆرەکانیان جیاوازن. (مەڕ: گیاندارێکی مێینەی خوریداری ماڵییە کە پێی نابێتە ساڵی چوارەم) (خاڵ، ٢٠٠٥: ٤٥٥) و (مالات: ئاژڵ، دڵسات، حەیوانانی ڕاگرتن) (شرفکندی، ١٣٦٩ه:٧٩٣) یان (مالات: أنعام، مواشی، حیوانات) (موکریانی، ٢٥٧٣ك: ٥٧٠) کەواتە مەڕومالات ئەم وشە لێکدراوە بەواتای هەموو ئاژەڵە ماڵییەکان دێت، لە مەڕ و بزن و ئەسپ و هێستر و مانگا و گامێش و گوێدرێژ... هتد، بەڵام (پەز: مێگەل لە مەڕ و بزن) (شرفکندی، ١٣٦٩ك:٧٩٢)دەگرێتەوە. یانیش هەندێك هەردوو وشەی (پەز: مەڕ) (مشەختی، ٢٠٠٦: ٨٤) بۆ یەك جۆری ئاژەل بەکاردێنن، کەواتە پەزو بزن بەشێکە لە مەڕومالات و لەڕووی واتاوە جێگەی یەکتر ناگرنەوە. قوتابییە گوندنشینەکان ئەو جوداوازییانە بە جوانی دەزانن و زانیاری وردتریشیان لەبارەی جۆری ئاژەڵە ماڵییەکانەوە هەیە، بە تایبەتی کە پەزو بزن دوو شتی جودان و هەردوو وشە هەمان واتا هەڵناگرن و ئەو قوتابیانەی لە شارن نابێت بە هەڵە فێربکرێن. ئەم حاڵەتە جگە لە شێواندنی زمانی کوردی، بێ متمانەیی لای قوتابیانیش بە زمانی دایکیان دروستدەکات.

**گەنمە کۆتاو: دانهێرك (ل٧٠)**

گەنمی کوڵاوی کوتراو جودایە لەگەڵ گەنمی کوڵاوی وردکراو. ئەمەش خستنەڕوویەکی نالۆژیکییەو ئەستەمە ئەنجامی دوو کردەوەی جودا هەمان ئامانجیان هەبێت، چونکە مەرج نییە هەر شتێك بکوترێت وردیش بکرێت. ئەمە لە لایێکەوە، لە لایێکی دیکەوە زۆربەی قوتابیان بەتایبەتی لە خێزانە هەژارەکان دەزانن کە دانکوت (گەنمە کۆتاو) لە دانهێرك جودایە و دوو خواردنی جیاوازن. گەنم ڕووەکێکی ستراتیژییە لە کوردستان، گرنگییەکەی لەوەدایە، کە دەهاڕدرێت و دەکرێتە ئارد، ژمارەیەکی زۆر لە خواردنە هەویرکارییەکان و جۆرەکانی نانی

لێی دروست دەکرێت و بەشێکی سەرەکی لە سفرەی کوردەواری پێکدێنێت. جگە لە ئارد، هەر یەک لە گەنمی کوڵاو و گەنمی نەکوڵاو سەرچاوەی دوو جۆرە خواردنی نانەدینی کوردین، کە جۆرەکانیان جیاوازە. گەنمە کۆتاو لە جۆری یەکەمە و دانهێرك لە جۆری دووەمە. ڕاستە ئەمە بابەتێکی سادە و ئاسانە و دەرهاوێشتەی پرۆسەیەکی دیداکتیکییە، بەڵام لەڕووی زانستییەوە قووڵ و هەمە لایەنەیە، چەندین لق و پۆپی دیکەی لێی دەبێتەوەو هەر یەکێکیان شێواز و ئامانجی خۆی هەیە.

٣- لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتیدا، هەمان شێوازیان دووبارەکراوەتەوەو واتای وشەکان بەرانبەر یەکتریان داناوە، لەوانە:

**نهال: گەلی (ل٣٤)**

نهال ئەو قۆرتە گەورەیە، کە ئاستی لەگەڵ دەوروبەریدا نزمترەو لایەنێکی لەگەڵ ڕووبەرێکی تەخت درێژ دەبێتەوەو وەك دەروازەیەکی گەورە ئاوی باران و کانیاوەکانی لێی تێپەڕ دەبێت. هەندێك جاران پێچ و پەنای زۆریشی هەیە، کە شێوەیەکی ئەختەبۆتی بەخۆوە دەگرێت. لەدوورەوە وا خۆ پێشان دەدات، کە چەند قۆرتێکی بچووك شۆڕدەبنەوە نێو قۆرتێکی گەورەدا. گەلی، ئەو کەلێنەیە کە دوو چیا یان دوو گردی گەورە لێك جیا دەکاتەوە. زۆر جار ڕێگە یان ڕووبارێك یان وشکەڕوویێك لە ناویدا تێدەپەڕێت. هەر چیایێك ناوی خۆی هەیەو پێوەندییان پێکەوە نییە. کەواتە گەلی سنووری چیا دەستنیشان دەکات، کە لەوێوە تەواو بووە، بەپێچەوانەی نهال، کە چیا هەیە دەیان نهالی تێدایە. هەردوو وشەی نهال و گەلی لەڕووی واتاوە، بەشێوەیەك لەیەکتر دوورن، کە خاڵە جیاوازییەکانیان ئەوەندە زۆرن، کە بوار نارەخسێت باس لە خاڵێکی وێکچوو لەنێوانیاندا بکرێت. ئەم کێماسییە لە زۆربەی فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێت، وەك ((گەلی: دۆڵ، دەرە، شیو، بوهل))(شرفکندی، ١٣٦٩هـ: ٧٣٤) یانیش ((نهێل: ڕاستیا ناڤ دوو چیایان. نەهلە و نەهال و نەوال و نهێل هەمی ژ یەك ڕیشەنە)) (مشەختی، ٢٠٠٦: ٤٨٣). لە فەرهەنگەکانی کوردی ـ ئینگلیزیشدا هەمان شاشی دەبینرێت،

بۆ نموونـە: بەرانبـەر نهـال هـەردوو وشـەی (ravine, gully) دانـراوە :Chyet, 2003) (415. هەمدیسان بەرانبەر وشـەی (گـەلی)یش هـەمان هـەردوو وشـە بـەکارهاتوون (ravine, gully) (هەمان سەرچـاوە: ٢٠٣). تـا ئێسـتاش لـە فەرهەنگـەکانی زمـانی کوردیـدا جیـاوازی لـەنێوان: زنـارو شـکێڕ، لات و ڕەوەز، شـاخ و پیـك، هەسـوی و هشار، مێرگ و چـیمەن، دۆڵ و نهـال، دەری و سـار، شـکەوت و نـاوس... و هـەتا دەگاتــە گــەلی و دەربەنــد نــەکراوە. کــورد بــە شــارەزاییەوە شــوێنەکانی چــیاو بەشەکانی لێك جیاکردۆتەوەو هەر یەکێکیان بە ناوێکی تایبەت و پڕپیستی خـۆی ناونراوە، تەنانەت هەندێ جار بەشەکانی چیای بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە چوواندووە، بە تایبەتی لە کرمانجی ژووروودا، وەك: ملـێ چـیای، سـینگێ چـیای، سەرێ چیای، دفنا چیای، پشتا چیای، کلۆخێ چیای، باسکێ چیای، زکێ چیای، ئەنیا چیای، شاخێ چیای... هەلبەت هـیچ شـوێنێك وەکیـەك نـین. هـەر شـوێنێك بـەپێی پێکهاتـەو قـەوارە و پێوەندییـەکانی بـە تەنیشـتییەکانییەوە لـەوانی دیکـە جودایە. ناکرێت دوو شوێنی جوداو بە نـاوی جـوداو هـەمان واتایـان هـەبێت. لـەم خاڵەوە ئیشکالیەت و تێکاڵزبوونی فەرهەنگەکانی زمانی کوردی دەستپێ دەکات و تـا دەگاتــە پرۆگرامــەکانی خوێنــدنی فــەرمی و دەزگــەکانی ڕاگەیانــدن بــەردەوام دەبێت.

**تەڵە: داو، بۆسە (ل٧٤):**

هەر یەك لەو سـێیانە تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیـەو لـەڕووی پێکهاتـەو فـۆرم و ئەرکـەوە جیـاوازن. تەڵـە و داو کەرەسـتەن و یەکـەمیان بـۆ گرتنـی گیانلەبـەران دادەنرێت و دووەمیانیش بۆ باڵندە، بەڵام ئـەوەی سـێیەم کەرەسـتە نییـە، بـەڵکو پلانێکە بە نهێنی دادەڕێژرێت و تێیدا چەند مرۆڤێك بە نهێنـی خۆیـان دەشـارنەوە بۆ ئەوەی لایەنی بەرانبەر لـە غەفڵەتـدا بکەوتـە ژێـر دەسـتڕێژییان، یـانیش ناچـار بکرێن وەك دیلێ خۆ بەدەستەوە بدەن.

**مەڕ: بزن (ل٢٣):**

دوو گیانـەوەرن لـەزۆر ڕووەوە لەیـەکتر جیـاوازن. ئـەوەی کۆیـان دەکاتـەوە

تەنیا دوو گیانلەبەری مێینەی شیردەرن. مەڕ نێرینەکەی بەرانە (سابرین)ـە و بەچکەکەی کاوڕە، بەڵام بزن نێرینەکەی نێرییەو بەچکەکەی کارکە. لە لاپەڕە(١٠٢)شدا، وشەی (پەز) بەرانبەر (مەڕ) دانراوە. پەز نێر و مێ و گەورە و بچووکیان دەگرێتەوە، مەڕیش تەنیا جۆرێکە لەو کۆمەڵەیە. وشەکانی مەڕ و بزن و پەز شێوێندراون، چونکە هەر یەکێکیان جیاوازە لەوانی دیکە. ئەم سێ وشە فەرهەنگییانە لە کتێبی خوێندنەوەی کوردیی پۆلی دووەمی بنەڕەتیدا شێوێندرابوون، بەڵام لە کتێبی پۆلی سێیەمدا بەتەواوەتی واتاکانیان تێکدراون.

٤- لە کۆتایی هەر بابەتێکی بەشی ئەدەبی کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی ـ پۆلی دەیەمی ئامادەیی و لەژێر ناوونیشانی (لێکدانەوەی وشەکان)دا، خشتەیەکی دوو ئەستوونی وەك فەرهەنگۆکەك ڕێکخراوەو لەلای ڕاستەوە وشەیەك دانراوەو بەرانبەرەکەی واتایەکەی دەستنیشانکراوە، جاری واش هەیە دوو وشە بە یەك واتا ڕاڤەکراون و مانای دوو وشە یان زیاتریش بە یەکسانی بەراوردکراون، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە پێگەو ئەرکیان لە سیاقی ئاخاوتندا بکرێت، یان لەگەڵ پێچەوانیەکانیاندا بەراورد بکرێن، یان چەمکەکانیان ڕاڤەبکرێن، یانیش بەکارهێنانیان لە ڕستەدا ڕوون بکرێتەوە، بەڵکو وشە بەرانبەر وشە دانراوە. ئەمە ئیشکالیەتێکی ئالۆزەو لە دوو لایەنەوە گفتوگۆ هەڵدەگرێت. لە لایەنێکەوە ئەم ڕاڤەکردنەی وشەکان پشت بە بنەمایەکی زانستی نابەستێت، لە هەندێك شوێنیشدا هاودژە لەگەڵ تیۆرەکانی تایبەت ب زمانەوە. لە لایەنێکی دیکەوە، هەندێك لە وشەکان بە هەڵە لێکدراونەتەوە، کە واتاکانیان لەگەڵ وشە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیدا یەکترناگرنەوە، تەنانەت واتاکانیان لە دەربڕینەکانی زمانی ئاسایی قسەکردنیشەوە نزیك نابنەوە. بۆ نموونە: لە بابەتی ئەدەبی کلاسیزمی کوردی ـ شێوەزاری گۆراندا، ژیاننامەو هەندێ بەرهەمی شیعری مەلا پەریشان (١٣٥٦- ١٤٢١) هاتووە، کە لەسەرەتای یەکێك لە پاڕانەوەکانیدا دەڵێت:

خودا من بەندەی ناچیزو زەلیل

گونام کەسیرەن، تاعەتم قەلیل (حوێز، ٢٠١٩: ١٣٦)

لە (لێکدانەوەی وشەکان) دا، وشەی ناچیز بەم شێوەیە ڕاڤەکراوە (ناچیز:

ناچیزه، خراب). بەڵام ناجیز بە واتای خراب ناهێت، بەڵکو وشەیەکی لێکدراوەو لە (نا) و (چین) پێکهاتووە: (نا)کە ئامرازی نەرێیەو هەبوونی ناوەڕۆکی وشەی دووەم ڕەتدەکاتـەوەو پێچـەوانەی واتاکـەی دەسـەلمێنێت. چـیز وشـەیەکی فارسـییە بـە واتـای (مـال، دارایـی) دێـت (نجفـی، ١٣٧٨: ٤٥٩)، یـان شـتێك کـە بـوونی هەبێت(التونجی، ١٩٦٩: ٢٢٥) و بەرانبەرەکەی لە زمـانی کوردیـدا بـە (شـت) یـان هەر شتێکی بێ گیان دێت(گولی، ٢٠٠٢: ١٥٦). وشـە لێکـدراوەی (ناچـین)یش وەك ئاوەڵناو بە واتای (اندك، کم، بی ارزش) دێت(عمید، ١٣٧٨هـ: ١١٤٦). ئەگەر وشـە فەرهەنگییەکەی لە زمانی فارسیدا وەربگـرین و بەرانبەرەکـەی لـە زمـانی کوردیـدا بەواتای (پچەك، کـێم، بەرنەکـەتی، بـێ قیمـەت) دێـت(گولی، ٢٠٠٢: ٣٥٣–٣٥٤).. وشـەی (ناچـیزە)یش بـە واتـای ژنـێ کـە لـە فـەرمانی شـو سەرپێچـی دەکـا. بـە فارســـیش دەبێتـــە (زن ناشزە)(شـــرفکندی، ١٣٦٩هـ: ٨٥٠). بـــەپێی ئـــەم ڕوونکردنـەوەی سـەرەوە، وشـەی (ناچـیز) دوورە لـە واتـای خـراب، کـە لـە لـە لێکدانـــەوەی وشـــەکانی نێـــو کتێبـــی نـــاوبراودا هـــاتووە. لـــەبارەی دەربڕینـــە ئەدەبییەکەیشـی دێـڕە شـیعرەکە، بـەم شـێوەیە لێکدەدرێتـەوە: (خـودا مـن بەندەیەکی بێ بـەها و سـووك و ڕیسـوا، گوناحم زۆرن و تاعـەتم کەمـە). ئەمـەش بۆچوونێکی ئاساییە بۆ کەسێکی زاناو باوەڕداری وەك مەلا پەریشان، کە خۆی بـە بچووك و بێ بەها بەرانبەر گەورەیی خودا دابنێت، تەنانەت خۆی بە مرۆڤێکـی بـێ کـەلك و ڕیسـوا و شـەرمەزار ئـەژمار بکرێـت، بـەڵام ناگاتـە ئاسـتی خرابـی. بەپێچـەوانەوە مـەلا پەریشـان ((دژی هەنـدێ لـە سـۆفیەکانیش بـووەو لەگـەڵ خۆبەزلزانەکان بە کافریان دادەنێ چونکە خۆیان کردۆتە هاوشانی خواو پێغەمبـەر "د. خ"))(شوان، ٢٠١٢: ٩٥).

لەم لێکدانەوەی سەرەوەدا دەردەکـەوێت، کـە ڕەچـاوی بنـەماکانی زانسـتی فەرهەنگسـازی نـەکراوەو بـەپێی تیـۆری واتایشـەوە بایـەخی بـە پـەروەردەکردنی سۆزداری فێرخواز نەدراوە، بە تایبەتی کە سیفەتی خراب دەدرێتە پاڵ شاعیرێکی گەورەو خوداناس. ئەمەش لە دوو لایەنەوە ئامانجـە فێرکارییەکـەی ناپێکێت. لـە لایەنێکـەوە بـەهای هونـەری شـاعیرو شـیعرەکەی لـەپێش چـاوی فێرخوازانـەوە

نامێنێت. لـه لایـەنێکی دیکەشـەوە هاوکێشـەیەکی نـەرێنی دروسـت دەکـات، کـە لـەڕووی بیرکارییـەوە سـیفەتە جوانـەکانی خـودا کـە بـێ کۆتـایین بەرانبـەر بـێ سـیفەتی کەسـێکی خـراب بـەراورد دەکـرێن. بەپێچـەوانەوە، ئەگـەر ژمـارە بـێ کۆتاییەکانی لایـەنی یەکـەم بەرانبـەر ژمارەیـەکی بچـووکی لایـەنی دووەم بـەراورد بکرێت، ئەوە هەردوو لایەنی هاوکێشەکە: مەزنی و میهرەبانی خـودا لـە ئاسمـان و داوابەخشین وخاکیبوون و گوێڕایەڵی شـاعیر لەسـەر زەوی، وەك دوو بـەهای بـاڵا لاسەنگ دەبن و لە مێشکی فێرخوازدا دەچەسپێن. چەسپاندنی ئەم هاوکێشەیەش ئامانجێکی سـەرەکی وانەکـە بـووە. بـەڵام ئـەوەی لـەمیانی ڕاڤـەکردنی وشـەکانی کتێبـی خوێندنـدا پێشکەشـکراوە، ئامانجـەکانی وانەکـەی نـەپێکاوەو مەبەسـتی سەرەکی شیعرەکەیشی تێکداوە.

ئـەم شـێوازەی سـەرەوە، کـە لێژنـەی دانـانی کتێبـەکانی خوێنـدنی زمـان و ئەدەبی کوردی لە وەزارەتی پـەروەردە پێـڕەوی دەکـات، دوو هـەنگاو لـە ڕێچـکە زانستییەکانی پرۆگرامی خوێندنەوە دوورن:

١- چـەندین وشــە واتاکانیــان بــە هەڵــە لێکدراونەتــەوەو وەك دوو لایــەنی یەکسان بەرانبەر یەکتر دانراون. لەڕاسـتیدا وا نییـەو واتاکانیـان یـەکتر ناگرنـەوە. بەپێچەوانەوە دەبێت وشە پێناسە بکرێت، ئەرکی بزانرێت، پێگەیشـی لـە سـیاقی قسەکردندا ڕوون بکرێتەوەو واتای لە ڕستەدا شی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی قوتـابی لێ تێبگـات و لەگـەڵ وێنـەو نـاوەڕۆك و قسـەپێکردنەکەیدا ئاشـنا بێـت و فەرهـەنگی زمانەکەی پێ دەوڵەمەند بکات.

٢- قوتابی بـە گومانـەوە، دەڕوانێتـە وشـەکانی فەرهـەنگی زمانەکـەی. بـە شێوەیەکی دروست فێری بەکارهێنانی نابێت. هەر وشـەیەکی نـوێ ببینێـت، بـەبێ ئـەوەی بـیر لـە پێکهاتـەو ئـەرکی بکاتـەوە، یەکسـەر لـەدوای وشـەی هاوواتاکـەی دەگەڕێت. ئەم جۆرە شێوازە لە وەرگرتنی واتای وشـەکاندا ڕێ لـە گەشەسـەندنی زمـانی ئـەدەبی دەگرێـت و هونـەرە شاراوەکانیشـی وەك ئـایرۆنی و پـارادۆکس و سارکازم فێرنابێت. دەرئەنجام لە کەلتووری نەتەوەییەکەی دوور دەکەوێتەوە.

ئەو زماننـاسانەی لەو بڕوایـەدان، کـە دەکرێـت وشـە بـە وشـە ڕاڤـە بکرێـت و

لەگەڵ وشە فرەواتاکاندا جیاناکەنەوەو بەپێی تێڕوانینەکانیانەوە کێشەکانی زمـان لێکدەدەنەوەو یاساکانیشی دادەڕێژن و لەسەر ئەم ڕێچکەیە کتێبەکانی پرۆگرامـی زمان و ئەدەبی کوردی دادەنێن، ئـەوە کارەکـەیان دوو جـار پێچـەوانەی ڕێچـکەی زانستییە: جارێکیان، زمان لـە لـۆژێکی نێوخۆییـەوە دوور دەخاتـەوە، کـە واتـای هەندێ لە مۆرفیمەکانی پێشگر وپاشگر لە وشەدا جێگیر نین و چەندین واتا لەگەڵ هـەمان وشـەدا دروسـت دەکـەن، کەواتـە هـەر یـەك لەوانـە دوو جـار ئـەرکی وشـە دەگۆڕن، جارێك لـەنیو خـودی خۆیـداو جارێـك لـە سـیاقی ئاخاوتنـدا)) (قـەرەنی، ٢٠٢١: ١٠٢–١٠٣)). لێرەدا ئەو ڕاسـتییە دەردەکـەوێت، کـە ئـەوەی پێوەنـدی بـە ئەرکی وشەوە هەیە، پێچەوانەی بۆچـوونی پێڕەوکـارانی (تیـۆری واتـای ناوەنـدی ـCore Meaning Theory) یە، کە کار لەسەر ئەو ڕاستییە دەکـەن، هـەر وشـەیەکی زمان چەندین واتای هەیە و یەکێکیان بە واتای ناوەندی و ئەوانی دیکە بە لاوەکـی دادەنرێن و بەپێی دووری و نزیکییان لە واتای ناوەندییەوە ڕیزبەند دەکرێن(شمس الـدین، ٢٠٠٣ : ١٧١). ئـەم دیادەیـەش بـە فرەواتـایی (polysemy) دادەنرێـت. بنەماکانی ئەم تیـۆرە نـوێ نـین و پاشـخانێکی دێرینیـان هەیـە، بـە تایبـەتی ئـەو بۆچـوونە بونیادگەراییانـەی فردینانـد دی سوسـێر، کـە زمـان لـە سیسـتەمێك پێکهاتووەو ئەستەمە لە توخمەکانی تێبگەین ئەگەر لـە چوارچێوەیەکی گشـتی و پێوەندییە ئالوگۆڕییەکانی نێوان توخمەکانیدا نەبێت. ئەم بۆچـوونەی سوسـێر بـە ئەڵقەیـەکی بەسـتنەوە لـەنێوان بۆچـوونە زمانەوانییـەکانی دێـرین و تیـۆرە هاوچەرخەکاندا دادەنرێت(الحجـازی، ٢٠١٧: ١٩٣). ئـەو بۆچـوونە دێرینانـەی، کـە ڕاستەخۆ پێوەندی بە کەلتووری دەڤەرەکەمانەوە هەیە بۆچوونەکانی عەبدولقاهیر ئـەلجورجانی یـە، کـە ئـەنجامێکی نزیـك لـە نـاوەڕۆکی تیـۆرە هاوچـەرخەکان خراونەتەڕوو، داوای جێبەجێکردنیشی کردبوو، کە ((دەتوانی ئاخاوتنەکە لە واتای خۆیدا لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی دیکە بگوازییەوە، بەبێ ئـەوەی گۆڕانکـاری لـە گۆکردنەکەیـدا بکـەیت، یـان وشـەیەکی لـە شـوێنی خۆیـەوە بـۆ شـوێنێکی دیکـە بگۆڕی)) (الجرجانی، ١٩٥٩: ٢٤٣). ئـەم بۆچـوونە لای زۆربـەی ڕاڤـەکارو زانایـانی زمـان و ڕەوانبێژییـەوە پەسـەند بـووەو لـە هەنـدێك مەدرەسـەو حوجرەکـانی

کوردستانیشدا دەخوێندرا. بەم پێیە ((قوتابی حوجرە لە سەرەتا فێری ئـەلفوبێی عەرەبی دەکرا، ئینجا قورئانی پیێ خەتم دەکرا. لە پاشانا هەموو ئەو زانستییانەی پێوەندییان بە قورئان و ئایینی ئیسلامەوەیە، وەکو تەفسـیرو حـەدیس و فیقـه و شەریعەت و مەنتیق و ڕیازیات و دەستووری زمانی عەرەبی "سـەرف و نـەحوو")) (خەزنەدار، ٢٠٠١: ٦٦). ئەوەی پێوەندی بە بابەتی ئێمەوە هەیە هەر دوو زانستی سـەرف و نـەحوو نـە، کـە ((یەکـەمیان خوێنـدنی عـەوامیلی جورجـانی بـووو دووەمشـیان (تصـریفی الزنجـانی) بـوو. دواتـر کـە فـەقیێ دەگەیشـتە خوێنـدنی (الأسیوطي) کە شەرحی ئەلفیەی (ابن المالـك)ە واتـە ئـەو فەقێیـەی گەیشـتووەتە ناوەڕاسـتی خوێنـدنی حـوجرەو ڕووی لـە خوێنـدنی زانسـتە قورسـەکان کـردووە (هــەورامی، ٢٠٠٨: ٣٣٥ ـ ٣٣٧). زاناکـانی کـوردیش ئاگـاداری ئـەم دیـاردە زمانەوانییە بوونە، بـە تایبـەتی ئەوانـەی پلـە بـەرزەکانی زانسـتیان تـەواوکردبوو، تەنانەت لە نێو دەقە شیعرییەکانیشیاندا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە مەولەوی لـە لاواندنەوەی زانایەکی گەورەی سەردەمی خۆیدا، باسی ئـەو کتێبانـە دەکـات، کـە کۆچکردووی بەکارامەییەوە لە حوجرەکەدا دەیگوتنەوە:

کیێ نە تەفاسیر قورئان بدۆ دەم
کیێ بۆ ئەحادیث ڕەسوول کەرۆ جەم
کیێ وە (صرف) و (نحو) خاتر کەرۆ مەحو
کیێ وادەی تاعەت دەم بدۆ نە صەحو
هەنی کیێ (آداب) وە ئاداب وانۆ
کیێ عیلم (منطق) جە منطق زانۆ
(مطول) یەی کیێ طوول دۆ عیبارەت
یا (مختصر) بۆ وە بیێ ئیشارەت
کیێ وە قووەی عیلم زەکای حەق بینی
دەم بدۆ نە کونە عیلم (چەقمینی)[١٥] (مەولەوی، ١٣٧٨ك: ٢٨٦–٢٨٧).

بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا بگوترێت ئەوە، کـە لـەنێوان کەلـەپووری زانسـتی دەڤەرەکـــەمان و تیـــۆرە هاوچـــەرخەکاندا، خاڵـــە وێکچـــووەکان زۆرن.

بۆچوونەکانیشیان لە زۆر ڕوویەکەوە یەکدی دەگرنەوە، بەڵام لێژنەکانی دانانی پرۆگرامەکانی زمان و ئەدەبی کوردی، پشتیان بە هەر دوو سەرچاوە نەبەستووەو فەرامۆشیان کردوون. ئەو ڕێچکەیەی پێڕەویان کردووە نە سەرەتای دیارەو نە کۆتاییەکەی. ئەمەش گەلەپرسیارێك دەورووژێنێت. لە بابەتەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا هەوڵدراوە هەندێ سەرەداوە ونبووەکانی ئەو ڕێچکەیە بدۆزرێنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە، کە:

١- ئەرکی زانکۆکان زیاتر بەرەو سەرڕاستکردنی هەڵەکان و ڕێکخستنەوەی زانیارییە سەرەتاییەکان قەتیس دەبێت. لەنێو ئەو ئەرکە لابەلایاندا، بەشەکانی زمان و ئەدەبی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر لە کاری ئەکادیمی و پەرەپێدانی زمانی کوردی دوور دەکەونەوە.

٢- منداڵ لەماڵەوە فێری زمانی یەکەم (زمانی دایك) دەبێت. ناوی شتەکانی دەوروبەر دەزانێت. ڕێژەیەکی باش لە وشەی فەرهەنگی بە چەمکەکانیانەوە لە مێشکیدا دەچەسپێت. ئەو چەمکانەی بە هەرەمەکی فێربووە، لە قوتابخانەدا بەپێی بنەما زانستەکانییەوە فێردەکرێت و ئەویش دەتوانێت واتا وردەکانیان لێك جیابکاتەوە. بە پێچەوانەوە کاتێك هەر دوو قۆناغ تەواوکاری یەکدی نەبن، ئەوە متمانەی منداڵ بەو زمانەوە سست دەبێت و بەپێی ڕادەی سستبوونەکەیشی دیاردەی پشتگوێخستن سەرهەڵدەدات و بیر لە بەکارهێنانی زمانێکی دیکە دەکرێتەوە(قەرەنی، ٢٠٢١: ١٢٠).

٣- بابەتەکەمان، هەروەکو لەناونیشانەکەیدا دیارە، باس لەو تێڕوانینانە دەکات کە پێوەندییان بە فێربوون و فێرکردنی زمانەوە هەیەو لە سنووری ناوەندەکانی خوێندندا جێگەی بایەخن و دەکرێنە بنەمای دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن و تا ڕادەیەکی زۆریش پرەنسیپەکانی وانەوتنەوەو بەڕێوەبردنی پۆل لەسەری بنیاتدەنێن. ئەم میتۆدە کە پشت بە تێڕوانینە کەسییەکان دەبەستێت جیاوازە لەو تیۆرییە هاوچەرخانەی کە لە کۆلێژەکانی زمان و پەروەردەو پەروەردەی بنەڕەتیدا دەخوێندرێن.

## دووەم: لەبارەی زاراوەسازی پێوانەییەوە[١٦]

زاراوەسـازی پێوانـە (Terminological Standaristion)، بـەری کـو نـاڤێ پەرتووکەکا مامۆستا (مەسعود محەمەد)ی بیت، یا فەرە بێـژین کـو ئـەو ب خـوە: ((کریارەکـە، دەسـتەیەکا رەسمـی ب سـتۆیێ خـوە ڤـە دگریـت، ژبـۆ هەلبـژارتنا زاراڤەیێن بنەجهـ و ب کێرهاتی. ئانکو، بزاڤەکـە ژبـۆ یـەکبوونا زاراڤـەیێن کۆمەلـە خەلکەکێ دیارکری)) (القاسمی، ١٩٨٥: ٢١٩–٢٢٠).

هـەتا سـەرەتایا ڤـێ سەدسـالیێ ژی، تشـتەکێ نورمـال و سـاناهی بـوو، کـو کەسانەکێ شارەزا ب ڤی کارێ تابەلاڤ و هەژی رابیت، لێ پشتی ئـەڤێ گولڤـەدان و پەرەسەندنا د زانسـت و تـەکنۆلوژیایێ دا چـێ بـووی، گەلـەك رامـان و پێگـوتن زێدەکرن کو پەیڤێن زمانی تێرا نەکەن، ئان ژی هنەك جاران د جهێ خوە دا نەبن. ژبەر هندێ تشتەکێ فەر و پێویست بوو هنەك رێکێن زانستی بهێنە بکارئینان، ژبۆ رێکخستنا کریارا دانانا زاراڤەیێن بنەجهـ کو ب درستی رامانێن خوە بـدەن. هـەر ژ ئەگەرا ئەڤێ چەندێ ژی بوویە (زانستا زاراڤەیان ـ Terminology) پەیدابوویە، کـو ئەڤـە ژی زانسـتەکا تایبەتـە ژبـۆ ڤـەکۆلینا ئـەوان هەڤبەنـدییێن د ناڤبـەرا رامـانێن زانستی و زاراڤەیێن زمانەڤانیێن پـێ دهێنـە دەربـڕین دا (القـاسمی، ١٩٨٥: ١٧) ، ئانکو بۆچوونەکا مەیدانییە ژبۆ ناڤلێنانـا وان و رامـانێن سـەر ب ئـالێن بسـپۆرییێن چالاکییا مرۆڤی ڤە ل گور کارێ وی یێ جڤاکی[١٧].

هەلبەت ئەڤێ زانستێ ژی تیۆرێن گشتی و تیورێن تایبەتی هەنە، لـێ ئـەرکێ وێ یێ سەرەکی پێکهاتیە.. کو دەستەیەکا شارەزا ئەنکێت و لیستەیێن زاراڤـەیان ـ ژ هەموو ئالێن ژینێ وەربگریت ـ ئامـادە بکـەت و پێشکێشـی دەزگەیـەکا فـەرمی (رەسمی) بکەت چ زانکو، ئان ئەکادیمییەك، ئان ژی جڤاتـەکا بلنـد. دا کـو پشـتی خویندن و ڤەکۆلینێ، زاراڤەیێن گونجاو و بکێرهاتی هەلبژێریت و پەسەند بکەت.

ژبلی کو (زانستا زاراڤەیان) هەڤبەندییێن دگەل هەموو زانستان هەین. دیسـان هەڤبەندییێن تێکهـەلتر دگـەل (زانسـتا پـەیڤان ـ Lexicology ) و( زانسـتا گولڤـەدانا ڕامـانێن پـەیڤان semasiology) و(زانسـتا رەسـەنیا پـەیڤان و مێـژوویا وان ـ Etymology) و (زانستا دەربڕینێن زاراڤەیی ـPhraseology ) و (زانستا فەرهەنگان

ـLexicography ) هەنە.

هەتا نوکە، نەمسا پێشەنگ بوویە د ئـەڤی واری دا، ژبـەر حنێریـا مامۆسـتا (فیستەری ـWuster)ی کو ل سالا ١٩٣١ێ شیایە پـەرتووکا یـەکبوونا ناڤنەتـەوی ژبو زمانێن ئەندازیاریێ دەربێخیت. دیسـان بیبلیوگرافیـەکا فەرهـەنگێن زانسـتی و تەکنۆلۆییێن بسپوری ژێ ئامادە کربـوو و رێکخـراوا یونسـکۆ بـەرکێ یـەکێ ل سـالا ١٩٥٥ێ و بـەرگێ دوویـێ ل سـالا ١٩٥٩ێ بـەلاڤ کربـوون. پاشـی(ئەنفوتـەرم - Infoterm)ێ ئـەڤ بیبلیوگرافیایـە د چـاپەکا دی یـا نـوی و زێـدەکری دا ل سـالا ١٩٧٩ێ بـەلاڤکربوو. بـەری وی، د ناڤبـەرا سـالێن (١٩٠٦–١٩٢٨)ێ دا شـلۆمانی فەرهەنگەکا وێنـەدار د شـانزدە بـەرگان دا و ب شـەش زمانـان دەرکربـوو. پاشـی ئەڤێ زانستێ جهێ خوە ل چیکوسلوڤاکیا بەرێ و کەنەدا و فرەنسا ڤەکر... هـەتا عـەرەبان ژی ل سـالا (١٩٦٩)ێ ئـەڤ کـارە راسـپاردی یـە (نڤیسـینگەها تەنسـیقا تەعریب کرنێ) ل (روبات)، ئەوا کو زۆربەی نڤیسین و ڤـەکۆلینان د کۆڤـارا خوەیـا ب ناڤێ (اللسان العربی)دا بەلاڤدکەت.

گەلەك رێکخراو و لیژنەییێن جیهانی ژبۆ ئەڤی کاری هاتینە درسـتکرن، وەکـو (ISA)و (ISO) ... هـەتا کـو ئەنفوتـەرم ـInfoterm ێ ل ڤییـەنا رابـەرەکا ژێهـاتی دەربارەی ناڤێن وان دەزگە و رێکخراوێن د ئەڤی واری دا کار دکەن دەرکرییە.

د ئـەنجاما پەرەسـەندن و گولڤـەدانا زاراڤـەییێن زانسـتی و تـەکنولوژی دا و ژ ئەگـەرا بـەلاڤبوونا بکارئینانـا میکـروفیلم و میکـرفیش و پاشـی کۆمپیوتـەرێ د تۆمارکرنا وان زانیاریان دا، بانکێن زاراڤەیان ژی، ل ئـەلمانیا و فرەنسـا و سـوید و رووسیا و ژێریا ئافریقیا و کەنـەدا و ئـەمریکا و دانیمـارك درسـتبووینە... لـێ ئـەم کورد هێشتا ددویرین ژ ئەڤێ پێنگاڤا پێشکەفتیا مرۆڤایـەتیێ، ژبلـی کـارێن هنـەك جوامێرێن مینا د. کامل حەسەن بەصیر و محەمەدی مـەلا کـەریم و کـەمال جـەلال غەریب و صادق بەهائەدین و ئەورەحمانی حاجی مارف[١٨] و...هتد، کو هەر یەکی ژ ئەوان بزاڤەکا تاکانە کرییە و، هەتا رادەیەکێ شەنگستێن ئەڤێ زانستێ دانایـنـە. هەرچەندە ئەو کریار نە د بێ شاشی و کێماسی نـە، لـێ جهـێ کوبـار و شـانازیەکا مەزنن... مینا پـەرتووکا مامۆسـتا (مەسـعوود محەمـەد)ی (زاراوەسـازی پیوانـە–

المصطلح القياسي) ئەوا بەرەپێشین من بەحس کری... کو ناڤـەرۆکا وێ ژ (٤٤٥) رووپەلان پێکهاتییە، یا پڕە ژ زانیارییێن بهاگران و ڕەهـ و ڕیشالێن زاراڤەیان. ب کورت و کرمانج، نڤیشکێ ئەزموونا زمانزان و نڤیسکارەکێ پایە بەرزە. لێ هەتا مرۆڤ پەرتووکا ناڤبری ڤەنەخوینیت، نزانیت کو ژ پێشەکیەکا نزیکی (٣٠) رووپەلان پێکهاتیە و (٤) بابەتێن دی کو ئەڤەنە:

١ -وشەی دارێژراو.

٢ -ناوی دارێژراو.

٣ -وشەی لێکدراو.

٤ -بایی پەیینکە لە باراشی زمانی کۆنینەمان.

د پێشەکییا پەرتووکێ دا، مەبەستا دانەری خویا دبیت، دەما دبێژیت:

((هەتا بشێ تاکە وشە پەسەندە بۆ زاراوە، کە نەشیا ئنجا دارێژراو کە بریتییە ل وشەیێکی سەربەخۆ و زیادی وەکو پێشگر و پاشگر. کە مومکین نەبوو ئنجا وشەی لێکدراوو ئاوێتەو دەستەواژە کە بریتین لە دوو وشەی سەربەخۆ و لە دوو وشەو زیادی... و هتد)).

پڕ ژ دل مە پێخوەشە ئەڤ کارێ مامۆستای ببیتە سەرەتایەك ژبو پەیدابوونا ـ کۆمەلا کوردستان ژبو دانانا زاراڤەیان ـ چونکە کارەکێ هۆسا ب کەسانەکی ڤە ناهێت چەندی یێ شارەزا و گەڕناس بیت، لەوما مامۆستا ژی کەفتیە د گەلەك هەڵە و شاشیان دا، چ یێن زمانەڤانی، چ یێن زانستی، چ یێن دیرۆکی، چ یێن گۆڤەر(١٩) و دەمارگیری... ژبۆ نموونە، ب رێڤە، ئەزێ زاراڤەیا ژمارە (٥٨) ل پشکا چارێ ژ پەرتووکا مامۆستای کەمە بەلگە و بیانگ ل سەر ئەڤێ چەندێ دەما دبێژیت:

"گاثا ـ Gatha" لە لاپەرە ١٩٥ تا ١٩٨ مزدیسنا کونترین بەشەکانی ئاڤێستایە لەناو نوێژی یەسنا دا هاتووە لە سانسکریتیش Gatha هاتووە. ووشەکە (سرود، نظم، شعر) ڕادەگەیەنێ. من تەنها لە گۆشەی زمانەوە سەیری (گاثا ـ گات) دەکەم کە ئێستا لە درزەبیاتی (گاس) هەیە بە واتای بانگ کردن: ((لە حەفتاکان دا هەژار و زەبیحی و من لەو باوەڕەدا بووین کە گاس، گات، گاتا یەك شتن. لە گاتادا کە

سـروود (چـڕین) هـەبێ هـەر خۆیـەتی لـە دەنـگ هـەڵبڕینی گـاس کردنـدا دەردەکەوێتەوە. گوڕانی دەنگی (پ) بـە (س) لـە کـوردی دا دەسـتورێکی گشـتی بنچییە. مەگەر لە هەورەمان دەنگی (پ) مابیت. هەندێك کـە دەڵـێن (گـازی بکـە) هەڵە دەکەن)) (محەمەد، ١٩٨٨: ٤٢٤).

دگەل نەرێکیا داڕشتنا ئەڤێ هەڤووکا دیماهیێ، کو گاپا، گاتی– گاس مەعنا گازی ـ بانگ (نداو) نادەت. لێ بەلێ پەیڤا گـازی ژمێـرە جهـێ خـوە د نـاڤ زمـانێ مەدا گرتییە، نە ل دەڤەرەکێ ئان ژی دوویان... بەلکو د سەرانسـەری دیالێکتییـا کرمانجییـا ژووروو دا بکارهاتیـە و بکاردهێـت. ژبـۆ نموونـە، ئـەڤێ پـەیڤێ (گـاز– گـازی) د کـەڤنترین تێکسـتێن ئـەدەبی و دێـرینترین بەرهـەمێن فۆلکلـۆری دا، دێ دەستنیشان کەین. ژبلی جهێ وێ یێ رۆهن و ئاشکرا د فەرهەنگێن کـوردی دا، نـە مینا نموونەیا مامۆستای ئینای کو هـەموو دزانـین دزەییـاتی ژ خەلکـەکێ پـەرت و بەلاڤێ گەلەك گۆڤەر و دەڤەران پێکهاتیە ژ کۆچەر و بنەجهان، هەرچەندە پشکێن سـەرەکی (پـیران، گونتـولا، مامـان)ن. لـێ ئاخفتنـا وان یـا تێکهەلـە ژ پـەیڤ و زاراڤەیێن زێدەتر ژ دیالیکتەکێ (خورشید، ١٩٧٩: ٤٩ – ٥٩).

***

١(گاز ـ گازی) دناڤ تێکستێن شاعر و نڤیسکارێن کورد دا هاتییە:

* سەرهوستایێ کێش و ڤەهاندنێ مەلایێ جزیری دبێژیت:

میری غازی شیری تازی
ڤێکران من دی ب بازی
کر ل م ژ غەفلەت ڤە گازی
دل ژ من بر دل ژ من (جزیری، ١٩٧٧: ٨٤).

ئان دەما دبێژیت:

دەما (جلاد) بین بازی
ژ شیر و خەنجەرێن تازی
ل دەرگەه دانەکی گازی
دەلال و ناز و پەروەردە (جزیری، ١٩٧٧: ٣٤٤)

* ئەحمەدێ خانی د شاکارا خوە دا (مەم و زین)ێ ئەڤ پەیڤە گەلەك جاران بکارئینایە:

شاباش و صەدا و گازە گازان
گوهدار غەنی کرن ژ سازان (خانی، ١٩٨٩: ٨٤)

ئان ژی:

هاتینەڤە بێ لیباس و گازی
گەهـ گەهـ دکرن فیغان و گازی (خانی، ١٩٨٩: ٦٤)

ئان ژی:

ئەڤ چەند دکی هەوار و گازی
ئیدی چما رادەکی دخوازی؟ (خانی، ١٩٨٩: ١١٢)

ئان ژی:

مالا خوە ژ رەنگی قەومی زەردەشت
دا ئاگر و گازیا خوە را هەشت (خانی، ١٩٨٩: ١٣٨).

ئان ژی:

گاڤا کو تە ئەز بریم ژ سازی
نە دەنگ دمن هەبوو نە گازی (خانی، ١٩٨٩: ٢١٥).

* شاعرێ پەیڤ نازکێ پایەبەرز فەقێ تەیران دبێژیت:

هەم سوفلە وی بازی دکین
هەم مەیلی ئەفرازی دکین
هەم (کینون) هەم گازی دکین
جارەك ببینین روئیەتێ (تەیران، ١٩٨٩: ٤٢)

ئان ژی دەما دبێژیت:

لەو بێ لباس و تازیێ
ب رەقس و سەیر و گازیێ
ژ کێرا دکی عشق بازیێ
رەمز و سڕان تە ڤێکەتێ (تەیران، ١٩٨٩: ٣٣)

*مەلایێ باتەیی د مەولوودنامەیا خوە دا دبێژیت:

وەقتێ ظهري رۆژەکێ بێ کاروبار

ضمره جابك هات و گازی هەی هەوار (ئوسمان، ١٩٨٦: ٥٨)

*هەلبەستڤان و نڤیسکار و رۆژنامەنڤیس عەبدلڕەحیم ڕەحمی هەکاری د هەلبەستا خوەیا ب ناڤێ (عشقا وەلات) دا دبێژیت:

کانیێ وەلاتێ سەرهەدان

سۆتن ئەوان ئاتەشگەدان

لەورا کو گور بوونە شڤان

دەنگی بلوولان، نالیان

دەنگی هەواران، گازیان

عشقا وەلات، عشقا وەلات

تە جەرگ و میلاکێ مە پات (هەکاری: ١٣٣٤: ١٤–١٥)

*د (سەری یەکەمین) دا ژ ئنجیلا لوقا هۆسا ئەڤ پەیڤە (گازی) هاتیە:

٦١ و وان ژی رە گۆتن: ناڤ ئیلا تە یەك تونە

کو بڤی ناڤی هاتە گازیکرن (لوقا، ١٩٥٣: ١٢)

ئان ژی د (سەرێ پانزدەهین)دا هۆسا هاتیە:

٦ و کوتی مالی، گازی دوست و جیرانێن خوە دکە

و دبێژە وان، بمن را شا بن، چما کو من

پزا خوەیا وندا بویی دیت (لوقا، ١٩٥٣: ١٣٢)

***

پەیڤا (گازی– گازیکرن) دناڤ تێکستێن فولکلۆری یێن گەلەك دەڤەران دا هاتیە و ژبۆ سەلماندنا ڤێ چەندێ دێ ڤان نموونەیان دەستنیشان کەم:

* د داستانا (عەمەری جەلالی) دا چەند جاران ئەڤ پەیڤە د ناڤدا دووبارە بوویە:

شاهنشاهێ مەزن

پادشایێ پادشا

گازیَ عەمەریَ جەلالی دکە
ل دیوانا خوە
حوکمیَ شاهە، چاوا نەقەدینە (جەلیل، ١٩٨٢: ٣٣)
ئان ژی دەما هۆسا تیَ گۆتن:
ب قاسدا شاهـ گازی عەمەر کر
کو تێکنە بیریَ قەنجیا ژێرا کر (جەلیل، ١٩٨٢: ٥٢)
ئان ژی:
شاهـ گازی خانی مەرگیَ کر
چەك سلیح دانیَ و حوکم کر (جەلیل، ١٩٨٢: ٥٣)

*داستانا شێخیَ سەنعان کو هێژا ئەحمەد شـەریفی ل دەڤـەرا زەرزا ل سـەر کاسێتەکیَ تۆمارکریە و دەستپێکا ویَ هێژا تاها– فیضي زادە د پەرتووکا خوەدا، دەستنیشان کریە. پەیڤا (گاز) هۆسا تێدا هاتیە:

گەلۆ شێخێك هەبوو،
خاوەن تەکیە و بارەگا بوو،
صاحیب گاز و رابو،
دەستی دە رۆیی لە ماڵە میرا،
عاشق دە بو لە کچە دیرا (زادە، ١٣٦٥ك: ٩٨).

لڤێرە پەیڤا گاز ب رامانا (دەنگ، بـانگ، صـوت، نـاڤودەنگ، شـهرت) دهێـت هەروەکو هێژا بخوە پاچڤەکریە زمانیَ فارسی:

ای مردم، شیخی بود،
که صاحب تکیه و بارگاه بود،
(و) بلند اوازه (عمید، ١٣٦٧: ٩٦) و صاحب رای،
در خانوا دەهای سرشناس نفوذ داشت،
با أين همه، عاشق دختر دیرنشین شد!

*د داستانا (سیابەند و خەجیَ) دا هۆسا هاتیە:
ڤی عەردی، ڤی عەزمانی،

ڤی دەردێ بێ دەرمانی،
بلبلێ مال شەوتی
سەر بەلگێ دارێ دکر گازی (سەمەند، ١٩٨٠: ٢٧).
*د سترانا (عەیشا ئیبێ) دا هۆسا تێ گۆتن:
دایکا پیر گازیکێ دکە ل توختورا، ل حەکیما، ل سەرێ
کورێ خوە کۆم دکە و دجڤینە، (رێزان، ١٩٨٧: ١٠٩)
*خانما مارگریت رودینکو ژ زاردەڤێ کوردێن پشت قەفقازێ، شینی یێن وان تۆمارکرینە کو هۆسا هاتیە:
هەی ـ لۆ، پایزە ل مەکرە گازی
گۆ، (دارا بەلگێ داوەشاندن، گەردەنێ وانا
مانە رووت و تازی،
گەلۆ نفراکێ بوو، کو: (برانە کیژی تو بەختا تو مرازی)!
(رودینکو، ١٩٧٨: ٣٣٩)
***
پەیڤا (گازی– گازی کرن) جهێ خوە د فەرهەنگێن کوردی ژی دا گرتیە، و ب رێڤە ئەڤان نموونەییێن ژێری دێ دەستنیشان کەین:
*ئەحمەدێ خانی د فەرهەنگا خوەیا سەروەر دا (نوبهار) دبێژیت:
(صیاح وصدا) دەنگە گازی (نداء) (خانی، ١٩٧٩: ٨٨)
*گیو موکریانی د فەرهەنگا مەهاباد دا دبێژیت:
گازیی کرن: نداء (موکریانی، ١٩٦١: ٥٠٦)
*فازل نیزامەدین د فەرهەنگا خوەیا ب ناڤێ (ئەستێرە گەشە) دا دبێژیت:
گازی کرن: استدعاء، نداء، استقدام، استحضار
(نظام الدین، ١٩٧٧: ٥٩٧)
ئەگەر ئەڤ هەموو بەلگە و دەلیلە بەس بن ژبۆ هەبوونا پەیڤا (گاز– گازی)[٢٠] د ناڤ زمانێ مە دا و ئەم بکارین ل پەی لیکسیولوژیا ڤێ پەیڤێ هەڤبەندییا وێ دگەل پەیڤا (گاتا ـ Gatha) بسەلمینین[٢١] دێ گەینە ئەڤان ئەنجامێن خوارێ:

١– هەردوو پەیڤ (گاپـا) و (گـازی) یـەك رامـان ددەن كـو بـانگ و دوعانـە. وەكو روخسار گەلەك نێزیكی یەكن، چـونكە پیتـا (پ) د زمـانیٚ كـوردی دا نەمایـە ژبلی دیالیكتا هەورامان. هەرچەندە هندەك كورد ژبۆ پەیڤا (گاثـا) دبێـژن گـات... لیٚ ئەڤە ژی پتر بۆچوونا مە موكم دكە مینا مامۆستا عەلائەدین سـجادی دبێـژیت: گات: خۆی لە ئاوێستادا بە (گاتها) ناوی ئەبا، بە واتا (سروود، گۆرانی، شیعر. بـە پەهلەویی "كاس"ی پیٚ ئەلێن) (سجادی، ١٩٧٨: ٢٥).

٢– (گاثا ـ Gatha ) پشكەكا دێرینە ژ (ئاڤیستا) یێ و ژبلی كو ئەو كەڤنترین نڤشتوكا ملەتێن ئیرانی یە... هنەك رەئی و بۆچـوون هەنـە ـ كـو سـەریٚ مامۆسـتا مەسـعوود محەمـەد بخـوە ژی د ئـەڤیٚ گێلەشـوكیٚ دا دەرناچـیت (محمـد، ١٩٨٧: ١٣): دبێژن پشكا (گـاثـا ـGatha) گەلـەك كـەڤنترە ژ زرادەشـتی و دزڤریتەڤـە بـۆ (١٥٠٠) هزار و پێنج سەد سالان بەری پەیدابوونا مەسیحی. و ئەگەر ئـەڤ بۆچـوونە هاتنە سەلماندن، (گاثا ـGatha ) ژی، مینا (ڤیدا ـVeda) یا هنـدی دیٚ بیتـە یـەك ژ كەڤنترین نڤیسینێن ملەتێن هندو ئەوروپی... لەوما مامۆسـتا عەلائـەدین سـجادی دبێژیت: هونراوە لە گاتاكانا وەكوو هی (وودا– ڤیدا) كە كتیبی هیندیەكانـە؛ واتـە كتـیبی پـیرۆزی بورەهمیـەكان، لەسـەر (هیجـا، حینجـە. برگـە. پەنجـە) ئـەروا (سجادی، ١٩٧٨: ٢٥).

٣– دیرۆكا پەیڤەكا نـازك و جـوان و پـڕ رامـان مینـا (گـازی– گـاس) دگـەل پەیدابوونا ملەتێن هندوئەوروپی دەسپیٚ كرییە و دنـاڤ زمـانێن ملـەتێن ئیرانـی دا مایە و جهیٚ خوە دناڤ زمانیٚ كوردی دا گرتییە... و ئەڤە ژی بەلگەیەكا دی یە ژبۆ رەسەنیا زمانیٚ مەییٚ شرین.

٤– پەیڤا گازی هەژی هنـدیٚ یـە كـو ببیتـە نـاڤیٚ كۆڤارەكـا قەشـەنگ، كـو بەردەوام ئەڤ ناڤە هەلبژارتی داكو ببیتە نوینـەرا عـەمریٚ نـوی و سـەمبولا خـەباتا سالێن دێرین.

# بەشی دووەم
# جۆرەکانی زمانی ئەدەبی کوردی

**تەوەری یەکەم: زمانی ئەدەبی دێرین**

مێژوو و بەردەوامبوون

سیماکانی زمانی ئەدەبی دێرین

**یەکەم**: بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی بیانی

- مەلایی جزیری
- مەولەوی

**دووەم**: لەڕووی ناوەڕۆکەوە پاشخانێکی ئایینی هەبووە

- ئەحمەدی خانی

**تەوەری دووەم: زمانی ئەدەبی هاوبەش**

- پیرەمێرد
- شامی کەرماشانی
- جگەرخوین

**تەوەری سێییەم: زمانی ئەدەبی دەستکرد**

- ئەنوەر مەسیفی
- موحسن قۆچانی
- سەعید عەبادەتیان

## تەوەری یەکەم: زمانی ئەدەبی دێرین

### مێژوو و بەردەوامبوون

ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە بە زمانێکی یەکگرتوو نەنووسراوەتەوە، بەڵکو بە دیالێکتی جیاوازەوەو لە قۆناغی جیادا دەستپێکراوە. دەستپێکردنیشی ـ بەپێی بەڵگە مێژووییەکانەوە ـ بە چوارینەکانی بابا تاهیر هەمەدانی دادەنرێت. ئەگەر بەرهەمەکانیشی لەڕووی دەربڕینەوە، بە زمانی کوردی ئەو سەردەمەی ناوچەی خۆی نووسیوەتەوە (عارف، ١٩٩٧: ٢٦)، ئەوە چوارینەکانی بابا سەرهەنگی دەودانی، جگە لەڕووی دەربڕینەوە، کە بە زمانێکی کوردی پاراوو بێگەردەوە نووسراونەتەوە، لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە پرسێکی کوردی سەردەمی خۆی دەورووژێنێت:

**— (سەرهەنگی دەودان، سەرهەنگی دەودان**
**ئەز کە ناممان، سەرهەنگی دەودان**
**چەنی ئێرمانان، مەگێلم هەردان**
**مەکۆشم پەرێ، ئایینی کوردان)**

واتاکەی:

**— (من کە سەرهەنگی دەودانم**
**ئێمە کە ناومان سەرهەنگی دەودانە**
**لەگەڵ یاران لە زەوی و هەردان دەسووڕێینەوە**
**تێدەکۆشین بۆ زیندووکردنەوەی ئایینی کوردان)**

(خەزنەدار، ٢٠٠١: ٢٣٥)

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی سەرەوەو ڕەواندنەوەی ئەو گۆمانەی جەخت لەسەر دابڕان و پچڕانی قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی دەکات. دەتوانین زنجیربەندی قۆناغەکانی مێژوویەکەی بەپێی هەر یانزدە سەدەی ڕابردوو پۆلێن بکەین:

**سەدەی دەیەم:**

- بابا تاهیری عوریانی هەمەدانی (٩٣٧ ـ ١٠١٠).
- بابا سەرهەنگی دەودانی ـ سەرهەنگ کوڕی ئیبراهیمی دەودانی (٩٣٥ ـ ١٠٠٧).

**سەدەی یازدەهەم:**

- پیر شالیار (١٠٠٦ ـ ١٠٩٨) ، خودادادی کوڕی جاماسپ.
- شا خۆشین (١٠١٥ ـ ١٠٧٤) ، موبارەك شا.

**سەدەی دوازدەهەم:**

- بابا ناووسی جاف (١٠٨٤ ـ ١١٦١) ، ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد.

**سەدەی سێزدەهەم:**

- سولّتان سەهاك (١٢٧٢ ـ ١٣٨٨) ، سەهاك کوڕی شێخ عیسای کوڕی عەلیی بابای هەمەدانی.

**سەدەی چواردەهەم:**

- عابدینی جاف (١٣٢٠ ـ ١٣٩٤)، عابدین کوڕی نوورولّلای جاف.
- شا ئیبراهیم ئەیووت (١٣٢٤ ـ ١٤٠٧)، شا ئیبراهیم کوڕی سەید محەمەدی گەورە سوارەی کوڕی سولّتان سەهاك.
- مەلا پەرێشان (١٣٥٦ ـ ١٤٢١)، محەمەد ئەبولقاسم.
- بابا یادگار (١٣٥٩ ـ ١٤٨٠)، سەید ئەحمەد.

**سەدەی پازدەهەم:**

- قرمزی (١٤٠٧ ـ ١٥١٤)، شاوەیس قولی کوڕی پیر قەنبەری شاهۆیی.
- عالی قەلەندەر (١٤٣٤ ـ ١٤٨٤).
- سەید ئەکابیری خامۆشی (١٤٤٠ ـ ١٤٩٣) ، سەید ئەکابیری کوڕی شێخ عەلیی خامۆشی کوڕی سەید ئەبولوەفا.

**سەدەی شانزەهەم:**

- بابا جەلیل (١٤٧٨ ـ ١٥٦٠) ، بابا جەلیل کوڕی جۆزی دەودانی.
- ئێل بەگی جاف (١٤٩٢ ـ ١٥٥٣).

- عەلی حەریری (١٥٣٠ ـ ١٦٠٠).
- فەقیێ تەیران (١٥٦٣ ـ ١٦٤١) ، محەمەد مۆکسی.
- مەلایی جزیری (١٥٦٧ ـ ١٦٤٠) ، مەلا ئەحمەد محەمەد.

**سەدەی حەڤدەهەم:**

- بێسارانی (١٦٤٣ ـ ١٧٠١)، مستەفا کوڕی قوتبەددین کوڕی شەمسەددین.
- ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ ـ ١٧٠٧)، ئەحمەد کوڕی ئەلیاس کوڕی ڕۆستەم.
- مەلای باتەیی (١٦٧٥ ـ ١٧٦٠)، مەلا حوسێن.

**سەدەی هەژدەهەم:**

- ئەڵماس خانی کەندووڵەیی (١٧٠٢ ـ ١٧٧١)، ئەڵماس ئەحمەد خانی کەندووڵەیی.
- خانای قوبادی (١٧٠٤ ـ ١٧٧٨).
- وەلی دیوانە (١٧٤٥ ـ ١٨٠١)، ڕەزا کوڕی کویخا حەمە.
- ڕەنجووری (١٧٥٠ ـ ١٨٠٩)، مەلا عومەری کوڕی خالید بەگی کوڕی عومەر بەگی زەنگەنە.
- پرتەوی هەکاری (١٧٥٦ ـ ١٨٢٥)، مستەفا بەگ کوڕی عەبدوڵڵا بەگ کوڕی محەمەد کوڕی ئێزدین شێر.

**سەدەی نۆزدەهەم:**

- غولام ڕەزا ئەرکەوازی (١٧٧٥ ـ ١٨٤٠)، غولام ڕەزا کوڕی حەسەن بەگ کوڕی میرزا بەگ.
- شەفیع (١٧٧٦ ـ ١٨٣٦)، شەفیع کوڕی عەباسی دەلۆیی.
- سەیدی (١٧٨٤ ـ ١٨٤٨)، محەمەد سلێمان کوڕی حاجی سەید مەحموود.
- هەلقەتینی (.... ١٧٨٥.....)، مەلا یوونس.
- سەید براکە (١٧٩٥ ـ ١٨٧٣)، حەیدەر کوڕی مەنسوور.
- کۆماسی (١٧٩٨ ـ ١٨٧٨)، ئەحمەد بەگ.
- وەداعی (١٧٩٠ ـ ١٨٥٠)،
- بایەزیدی (١٧٩٩ ـ ١٨٦٧)، مەر مەحموود.

- نالی (١٨٠٠ ـ ١٨٧٧)، مەلا خدر کوڕی ئەحمەد شاوەیس.
- سەید یەعقووب (١٨٠٢ ـ ١٨٧٥)، سەید یەعقووب کوڕی سەید وەیسی.
- سالم (١٨٠٥ ـ ١٨٦٩)، عەبدلڕەحمانی بەگی کوڕی محەمەد بەگی قەرەجەهەنەمی کوڕی ئەحمەد بەك.
- مەلای جەباری (١٨٠٦ ـ ١٨٧٦)، فەتاح کوڕی سەید مستەفا کوڕی سەید ئیسماعیل کوڕی سەید جانی.
- مەولەوی (١٨٠٦ ـ ١٨٨٢)، عەبدلڕەحیمی کوڕی مەلا سەعیدی تاوەگۆزی.
- فایەق (١٨٠٦ ـ ١٨٨٩)، عوسمان کوڕی حاجی ئیسماعیل کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا فازیل.
- کوردی (١٨١٢ ـ ١٨٥٠)، مستەفا بەگی کوڕی مەحموود بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقران.
- کەیفی (١٨١٤ ـ ١٨٨٣)، فەتحوڵڵا جوانڕۆیی.
- کۆشکی (..... ـ ١٨٨٢)، شاوەیس.
- حاجی (١٨١٦ ـ ١٨٩٧)، حاجی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە.
- فەقێ قادر (١٨٣٠ ـ ١٨٩٠)، عەبدولقادر کوڕی ڕەسووڵ کوڕی جوامێر هەمەوەندی.
- تەیموور (١٨٣٠ ـ ١٨٥٦)، تەیموور کوڕی بانیارانی.
- ئەختەر (١٨٣٩ ـ ١٨٨٨)، ئەمین ئاغا کوڕی بەکر ئاغای کوڕی محەمەد ئاغای حەوێزییە.

**قۆناغی پەڕینەوە بۆ سەدەی بیستەم:**

- جافەر قولی (١٨١٤ ـ ١٩٠٥)، جەعفەر قولی کوڕی مەلا ڕەزا قولی.
- مەحوی (١٨٣١ ـ ١٩٠٦)، محەمەد کوڕی شێخ عوسمانی باڵخی.
- ساڵح (١٨٣٤ ـ ١٩٠٥)، میر محەمەد ساڵح حەسەنی نیعمەتوڵڵاهی کەرمەشانی.
- جەلی (١٨٣٤ ـ ١٩٠٨)، عەبدوڵڵا کوڕی مەلا ئەسعەدی جەلی زادە.

– سانی (... ـ ١٩٠٦)، عەبدوڵڵا کوڕی کاك عەلی کوڕی کاك عەبدوڵڵا کوڕی کاك مستەفا.

– شێخ ڕەزا (١٨٣٧ ـ ١٩١٠)، شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان کوڕی شێخ ئەحمەد تاڵەبانی.

– بەهائی (١٨٤٤ ـ ١٩١٨)، تاها مایی.

– وەفایی (١٨٤٤ ـ ١٩٠٢)، عەبدولڕەحیم کوڕی مەلا غەفوور کوڕی مەلا نەسروڵڵا.

– ئاهی (١٨٤٥ ـ ١٩٠٦)، ساڵح کوڕی ئەحمەد.

– خاکی (١٨٤٥ ـ ١٩٠٦)، مەلا محەمەد.

– سالمی سنە (١٨٤٨ ـ ١٩١١)، سەلیم کوڕی شێخ ئەحمەدی تەختەیی.

– میهرەبان (١٨٥٨ ـ ١٩٠٥)، میهرەبان کچی مەلا حەسەنی مایی.

– جیهان ئارا (١٨٥٨ ـ ١٩١١)، جیهان ئارا کچی مەلا نەشئەتی پاوەیی.

– قادر (١٨٤٩ ـ ١٩١٠)، ئەولقادر کوڕی کویخا محەمەدی پاوەیی.

– حەریق (١٨٥٦ ـ ١٩٠٩)، ساڵحی کوڕی مەلا نەسروڵڵا.

– ئەدەب (١٨٥٩ ـ ١٩١٦)، عەبدوڵڵا کوڕی ئەحمەد بەگ کوڕی ڕۆستەم بەگ کوڕی بابا عومەری کوری سەیفەدددین.

– خەلیل (١٨٦٣ ـ ١٩٢٣)، خەلیل کوڕی خدر کوڕی ئەحمەدی کوڕی خەلیل.

– نیهانی (١٨٦٥ ـ ١٩٣٤)، شێخ محیەدین کوڕی شێخ عەبدولکەریم کوڕی شێخ ئەحمەد.

– مەنفی (... ـ ١٩٢١)، مەلا ڕەسوول کوڕی مەلا مەحموودی بێتووشی.

– تاهیر (١٨٧٨ ـ ١٩١٨)، تاهیر کوڕی عوسمان پاشای کوڕی محەمەد پاشای کوڕی کەیخوسەو بەگی جاف.

– هلالی (١٨٨٢ ـ ١٩٥٠ )، مەلا محەمەد ئەمین کوڕی شێخ یاسین کوڕی شێخ عیزەددین.

جگە لەو ناوانەی کە لە لیستەی سەرەوەدا هاتوون، چەندین ناوی دیکەیش

هەن، کە هێشتا ژیاننامە و بەرهەمەکانیان بە شێوەیەکی تەواو و بێ کەموکوڕی ساغ نەکراونەتەوەو پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زیاترە. لێرەدا بە پێویست نەزانرا، کە هەموویان لەنێو قۆناغی ئەدەبی دێرینی کوردیدا تۆمار بکرێن.

## سیماکانی زمانی ئەدەبی دێرین

زۆربەی شیعری کوردی لە سەرەتاوە تا پەڕینەوەی بۆ سەدەی بیستەمیش بە زمانێکی ئەدەبی نووسراوەتەوە، کە سێ تایبەتمەندی هەبووەو تا ڕادەیەکی زۆریش لە زمانی ئەدەبی قۆناغەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە:

### یەکەم: بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی بیانی

لەڕووی داڕشتنەوە وشەو دەستەواژەی زمانەکانی دیکەی دراوسێ وەکو عەرەبی و فارسی بەکارهێنانەوە. هەتا ڕادەیەکی زۆر ئەو دەقانە بۆ نەوەی ئێستا هەندێك تەماوییەو تێگەیشتنیشی ئاسان نییە، بۆیە:

– لەکاتی بەچاپگەیاندنی دیوانەکانی شیعری دێرین پێویستییان بە پەراوێزی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی وشەکان هەبووە، وەك: دیوانی مەولەوی کە لە لایەن مەلا عەبدولکەریمی مودەرسەوە کۆکراوەتەوەو لە پەراوێزی هەر هۆنراوەیێکدا واتای وشەکان ڕاڤەکراون و دێڕەکانیش شیکراونەتەوە (مدرس، ١٣٧٨:). هەروەها دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی کە لەلایەن د. مارف خەزنەدارەوە چاپکراوەو وشەکانی بیانی ڕاڤەکردوون و هەندێکی دیکەی نامۆ لە پەراوێزی دەقە شیعرییەکاندا ڕوونکراونەتەوە (خەزنەدار، ١٩٧٧)).

لێکۆڵەریش هەبووە، کە دیوانی شاعرێك کۆکردۆتەوە بەشێکی تایبەت بەشێوەی فەرهەنگۆکێك بۆ لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی وشەکانی بیانی و نامۆ تەرخانکردووە، وەك دیوانی فەقێ تەیران کە لەلایەن لێکۆڵەر سەعید دێرەشییەوە کۆکراوەتەوەو لەسەری نووسیوە (تەیران، ٢٠٠٥: ٤٤٩ ـ ٥٢٠).

– هەوڵی باش نراوەو چەندین فەرهەنگی ئەدەبی تایبەت بۆ دیوانە شیعرییەکان دانراون و بەچاپ گەیێنراون وەك: وشەو زاراوەکانی بابا تاهیرو بەراوردکردنیان لەگەڵ شێوەکانی زمانی کوردی دا(عارف، ١٩٩٧)، شرۆڤەکرنا

دیوانا مەلایێ جزیری (دۆسکی، ٢٠٠٧)، فەرهەنگی دیوانی شاعیران نالی - سالم - کوردی (عارف، ٢٠٠٧)، فەرهەنگی مەم و زینی خانی (گەردی، ٢٠١٦) و....هتد.

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی سەرەوەش، هەوڵدەدرێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەق ولێکدانەوەی ئاماری ئەدەبییەوە، هەردوو لایەنی ڕووکارو ناوەڕۆکی چەند نموونەیەکی شیعری دێرینی کوردی ڕوون بکرێنەوە:

لەڕووی داڕشتنەوە دوو قەسیدەی شیعری لە ئەدەبی دێرینی کوردی وەك نموونە کراونەتە بەڵگە، یەکەمیان قەسیدەیەکی (مەلای جزیری)یە، کە بە دیالێکتی (ك. ژ) هۆنیوەتەوە. دووەمیانیش قەسیدەیەکی (مەولەوی)یە، کە بە دیالێکتی گۆرانە. هەر یەك لەوانە بۆ قسەپێکەرانی دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردی پێویستی بە ڕاڤەکرنی چەندین وشەو لێکدانەوەی دەستەواژەکان و ڕوونکردنەوەی واتای دێڕەکان و تا دەگاتە مانای گشتی قەسیدەکە هەیە، تەنانەت هەندێك لە قسەپێکەرانی دیالێکتەکەیشی پێویستیان بە یارمەتی لێکۆڵەرو ڕەخنەگرانی ئەدەبی هەیە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕوون و زولال لێی تێبگەن.

مەلای جزیری ئەم هەڵبەستەی خوارەوە لەسەر کێشی ڕەجەزی هەشتی مەخبوون هۆنیوەتەوە، جگە لەوەی کە عەرووزی عەرەبی پێڕەوکردووە، چەندین وشەی فارسی و عەرەبیشی بەکارهێناوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە زمانی ئاسایی خەڵکەوە دوورن، بەڵام لە ئەدەبی دێریندا شتێکی سروشتی بووەو تا ڕادەیەکیش لەگەڵ سەلیقەی زمانی کوردی گونجاندووە:

**وەللا ژ هەر دوو عالەمان من حوسنێ جانانە غەرەض**
**لەو من ژ حوسنا دلبەران هەر صونعێ ڕەحمانە غەرەض**
**ئەو کافرێن جامە سیاە هاتن ب هەڤرا صەف ب صەف**
**زانم کو هەر تێن ئەو مەدام وان ئەخذێ ئیمانە غەرەض**
**ئیرۆ دلێ من دلبەران ئاڤێتە سەر سەد پەیکەران**
**ئانین مەیا گولگوون و صاف دان من کو بریانە غەرەض**
**ب شاهی ب هەڤڕا هەمنەشین ڕەنگ و ڕوویێ هەڤ مە نەدین**

**هەر یەك طەعامەك بوو ئەڤین لەورا کو پوڕ خوانە غەرەض**
**عەقل و دلێ من بر ئەوان شاهان ب ڕەمز و عشوەیان**
**وان عەقل و دل ڤێکرا دڤێن لەو ئەخذ و ئعطانە عەرەض**
**من گۆ: گەلۆ ئەی دلرویا فتنا ڕەقیب فەیدە هەیە؟**
**گۆ: سووند ب حوسنا من کونە! لێ فعلێ شەیطانە غەرەض**
**ئەو سونبولێن بووعەنبەری وەیحان و بنەفش و عەرعەری**
**لەو تێن ب دێمێ دا ب لەز وان سەیر ل نیشانە غەرەض**
**خالێن مودەوەر فلفلێن ماوەر ژ بسکان لێ وەرین**
**زولفێن پەریشان تێنە مەست بهنا بها وانە غەرەض**
**دل گرت ب داما سونبولان بەردا و دیسا حەبس کر**
**میرە کو هەر ئەو دائیمەن گرتن و بەردانە غەرەض**
**ڤان عشوەیان دل هەڕشاند سەرتیر ژ خوونێ نەققشاند**
**لەو ئەز دبێم جانێ مەلێ ئیرۆ تە قوربانە غەرەض**

(جزیری، ٢٠٠٧: ٥٨٥ ـ ٥٩٢)

بەپێی بۆچوونی شرۆڤەکاری دیوانی جزیری: ئەو وشانەی کە پێوستە ڕاڤە بکرێن و واتاکانیان ڕوون بکرێنەوە ئەمانەن: (وەللا (والله): (ع) سویند ب خـودێ/ عالەم: (ع) دنیا، هەبوون/ هەر دو عالەم: مەبەست ژێ (عالم الجن والانس) ـە، یان (عـالم الغیـب والشـاهده)یە/ حوسـن: (ع) جـوانی/ جـان: دلبـەرێن وەکـی جـانی خوشتڤی/ غەرەض: (ع) مەبەست ، ئارمانج/ صـونع: (ع) چـێکری/ ڕەحمـان: (ع) دلۆڤان، یەکە ژ ناڤێن پاکێن خودێ (حق)و مەبەست ژی هەر ئەوە/ کافر: (ع) ئەو کەسـە یـێ بـاوەڕی ب خـودێ هەیـە، لێ هەڤپشـکا بـۆ چـێ دکـەت و بـاوەڕیێ ب پێغەمبەری و پەیامان نەئینیت، ل ڤێـرێ کینایەتـە بـۆ دلبـەرێن ب جـوانی یـا خـۆ زۆرداریێ دکەن/ جامە: (ف) گـوزك، مەسـینێ مـەیێ/ سـیاه: (ف) ڕەش/ صـەف: (ع) ڕێز/ مەدام: (ع) بەردەوام/ ئـەخـذ: (ع) سـتاندن، بـرن/ ئیمـان: (ع) بـاوەڕی/ گولگـوون: (ف) ڕەنگـێ گـولان/ صـاف: (ع) زەلال/ بریـان: کوشـتن و نـەهێلان/ شاهی: شادی/ هەنەشین: (ف) بێن ل یەك جە پێکڤە ڕونیشـتی، یـێن دگـەل یـەك

ڕونیشتی/ طەعام: (ع) خوارن/ خوان: (ف) سفرا زادی یە، د عەرەبییێ دا سفرا یێ زادە، ژ بەر کو عەرەب دبێژنەیا زاد ل سەر (مائدة)/ ڕەمز: (ع) نهێنی/ عشوە: (ع) ڤەشارتی/ ئەخذ: (ع) وەرگرتن، ستاندن/ ئعطا (إعطاء): (ع) دان، قەنجی/ گۆ: گۆت/ گەلۆ: خەلکۆ، ئەوێ تە های ژێ هەی/ دلروبا: (ف): ئەو جوانە یا کو دلێ عاشقان ب جوانی یا خۆ دبەت/ فتنە: (ع) فەسادی، بێزەڤەنگی، ئەوێ ئاخفتنا د ناڤبەرا دو کەسان دا ڤەدگوهێزیت ژ بۆ خرابیێ/ ڕەقیب: (ع) بێزەڤەنگ، فەساد/ فەیدە (فائدە): (ع) مفا/ حوسن: (ع) جوانی/ فعل: (ع) کار، کریار/ شەیگان: (ع) ناڤێ وی عەزرایلە، ژ نفشێ ئەجنانە، بەری خودێ (حق) وی ژ دلۆڤانی یا خۆ دەربێخیت ژ بەر چاکی یا وی دگەل ملیاکەتان بوو، لێ نەگوهداری و مەزناهی یا وی هێلان بهێتە دەرخستن، و ببیتە هێمایێ خرابییێ/ سونبول: جۆرەکێ گولێ یە، گولێن بنەفشی ددەت، ل بهارێ بەری هاتنا نەورۆزێ شین دبیت، کینایەتە بۆ پەرچەمێ/ بووعەنبەری: (ف) بێهن عەنبەر، عەنبەر ژی کەرەستەیەکێ بێهندارە ژ زکێ جۆرەکی ماسیان دەردکەڤیت و ب سەر ڕوییێ دەریایان دکەڤیت، دبێژنێ: ماسیێ عەنبەری/ ڕەیحان: (ع) ریحان، کینایەتە بۆ بسکان/ بەنەفش: (ف) بنەفش، دیسان جۆرەکێ کولیلکانە/ عەرعەر: (ع) دارەکا چیای یە، یا ب خەمل و جوانە هندەك دبێژن هەڤرستە/ مودووەر: (ع) گرۆڤر/ فلفل: (ع) بیبەر/ فلفلین: سۆر فلفلین/ ماوەر: ماو الورد): (ع) گولاڤ/ زولف: (ع) بسك/ پەریشان: ژالە/ بە: (ف) باشی، ساخبوون، جوانی/ دام: (ف) خەفك، داڤ/ میر: کینایەتەبۆ دەستهلاتدارییێ/ دائمەن: (ع) هەروهەر، بەردەوام/ عشوە: (ع) نهێنی، راز/ نەققشاند: ڕەنگین کر، سۆرکر/ قوربان: (ع) سەر بڕ، گۆری.

بەپێی ئامارێکی ساکارو سەرەتاییەوە، دەتواین ڕاڤەکردنی وشەکانی هەڵبەستەکەو پێگەیان لەنێو هەردوو باڵەکانی ڕاست و چەپی دێڕەشیعرەکەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە لێکبدەینەوە:

١- هەلبەستەکە (١٠) دێڕەشیعرەو لە (١٩٠) وشە پێکهاتووە، لەوانە (٣٠)یان مۆرفیمی ناڕێزمانین کە هیچ واتایان نییەو تەنیا ئەرکیان هەیە. لەو (١٦٠)ی ماونەتەوە (٥٥)یان پێویستی بە ڕاڤەکرن هەبووە، کە (٣٣) وشەی

عەرەبی و، (١١) فارسی و (١١) کوردی بوون. ئەنجامی ئەم هاوکێشەیەش ئەو ڕاستییەمان دەداتێ، کە (٧٣٦ ،٤٤٪)ی سەرجەم وشەکانی هەلبەستەکە ڕاڤەکراون و تەنیا (٥٥,٢٦٣٪)ی پێویستیان بە ڕاڤەکرن نەبووە.

٢- وشە هەبووە دوو جار بەکارهاتووە، بەڵام بەپێی پێگەی لە ڕستەدا، بە دوو واتای جیاواز ڕاڤەکراوە، وەك (ئەخذ) لە دێڕەشیعری دووەمدا بەم شێوەیە هاتووە (ئەخذ: (ع) ستاندن، برن) بەڵام لە دێڕەشیعری پێنجەمدا (ئەخذ: (ع) وەرگـرتن، ستاندن) هاتووە. هەڵبەت جیاوازییێکی زۆر لەنێوان (برن) و (وەرگرتن)دا هەیە. وشەی ستاندنیش لە هەردوویان جیاوازەو واتاییێکی دیکە هەڵدەگرێت.

٣- لە دێڕەشیعری شەشەمدا هاتووە کە وشەی (شەیطان: (ع) ناڤێ وی عزرایله). ئەوی ڕاستی بێت ناوی عەزازیلەو عزرایل فریشتەیەکی دیکەیەو وەك سیفەت و کارو ئەرك جیاوازەو بە پێچەوانەی عەزازیل چو جاران لە فەرمانی خوا دەرنەچووە.

* * *

مەولەوی لەم هەڵبەستەدا لە ناخی خۆیدا شۆربووتەوەو ترسی خوا گرتییەتی و لەگەڵ دڵی خۆی دەدوێ و تانەی لێ دەدا:

دڵە وەردەی نەفس گوناه ئاوەردە
سیفەت نە ڕووی زات وە پەردە کەردە
جە ڕووی بێ شەرمی پەردەت دڕدەوە
هیچ نەویت وە تەنگ ئەودیم پەردەوە
سەتاری لاو دا وە یانەتەدا
کەریمی شوومی وە شانەتەدا
کردم وە عامیی ڕەحمەتەکەی وێش
وادەی بەزم گەرم خزمەتەکەی وێش
ویەرد، نەزاناش سیوای ئەو هەنی
ئاخ زانایی ئەو چێش کەری چەنی

نەو دەم دا جە یاد کردەی ویەردەم
جە حاڵەت سەخت وە دۆزەخ بەردەم
هەر دەلالەتێش مەلالەتێوەن
هەر لو تفێش پەرێم خەجاڵەتێوەن
هەوای وەش نەسیم وەصڵێ و حضووری
سەموومەن پەرێم چون شنۆی دووری
های نایی نایێ، مطرب مەقامێ
مغنی تەرزێ ، ساقییا جامێ
تا دەماخ نەی بەزم نەشئەیێ سانۆ
مانۆ ، تا ئەبەد وە جیا مانۆ
شنۆش نەی دەم دا ، نەی دڵەی تەنگدا
ڕیشەی ویر غەیر بدۆ وە هەم دا
بەڵێ دڵەی چەند ساڵێ ئینتیزارەکەش
لەزەتێ بەرۆ جە دیدارەکەش (مەولەوی، ١٣٧٨: ٢٢١– ٢٢٣)

ئەو وشانەی کە پێوستە ڕاڤە بکرێن و واتاکانیان ڕوون بکرێنەوە ئەمانەن: (وەردە: خوراو/ ئاوەردە: هیناو/ دەردەوە: دادری/ نەویت: نەبوویت/ ئەو دیم: ئەو دیو/ لاو: لافاو/ شانە شان/ عامی: هەموو کەس گرەوە/ ویش: خۆی/ ویەرد: بوورد/ هەنی: هەیت/ نەو: لەو/ دەلالەت: دڵدانەوە/ سەمووم: بای سەمووم/ نایی: نەی ژەن/ سانۆ: وەربگری/ مانۆ: بمینیتەوە، ئەمێنیتەوە/ بەرۆ: ببا...). هەر چەندە ڕاڤەکردنی وشەکان بەشی ئەوە ناکات، کە بە دروستی لە دەقەکە تێ بگەین، چونکە بەپێی پێگەیان لەنێو ڕستەدا واتاکانیشیان دەگۆڕێت، بۆیە کۆکەرەوەو لێکۆڵەری دیوانەکە دێڕ بە دێڕ واتای شیعریان لێکداوەتەوەو بەپێی مەبەستی شاعیر و تێگەیشتنی خۆی ڕوونی کردوونەتەوە.

## دووەم: لەڕووی ناوەڕۆکەوە پاشخانێکی ئایینی هەبووە
## ئەحمەدی خانی وەك نموونە

لەڕووی هزرییەوە، ئەدەبی کوردی پاشخانێکی ئایینی هەبووە، تەنانەت لە بابەتەکانی خۆشەویستی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە هەر بە بنەماکانی شەریعەتەوە پابەندبووە، بۆیە لەڕووی دەربڕینەوە بابەتێك لەبارەی زمانی ئەدەبی ئەحمەدی خانی وەرگیراوە، کە مۆرکێکی سۆفیگەرایی پێوە دیارەو لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوەو وەك نموونەیەکی زیندی لە زمانی ئەدەبی دێرینی کوردی سەیردەکرێت، کە زۆربەی شاعیرانی ئەو قۆناغە پێڕەویان کردووەو لە بەرهەمەکانیاندا دەبینرێت، لە بابا تاهیری هەمەدانییەوەو تا دەگاتە بێسارانی و پەرتۆ بەگی هەکاری و نالی و مەحوی... هتد. زمانی ئەدەبی دێرین پاشخانێکی ئایینی هەبووەو لە زۆر لایەنێکەوە مۆرکێکی سۆفیگەرایی پێوە دیارە. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەیش، بابەتێك لەبارەی هزری ئایینی - سۆفیگەری لای ئەحمەدی خانی وەك نموونە وەردەگرین و دەکرێت هەمان بۆچوون لەسەر زۆربەی شاعیرانی دیکەی ئەو قۆناغەدا جێبەجێ بکرێت.

لەبارەی تەسەوفی ئەحمەدی خانییەوە زۆر بیرو ڕا خراونەتەڕوو، بەڵام کاتێك هەموویان لێك دەدرێنەوەو هەوڵی دەرخستنی ئەنجامەکانیان دەدرێت، دوو گریمانەی سەرەکی دێنە پێشەوە:

١- خانی تەریقەتێکی تەسەوفی پەیرەو کردووەو قۆناغەکانیشی بڕیوەو پێگەی لەنێو موریدەکاندا هەبووە.

٢- ئەگەر خانی سۆفیش نەبووبێت ، ئەوە شارەزایەکی زۆری لە زانستە ئایینییەکاندا هەبووەو، لە هزرە فەلسەفییە کۆن و تازەکانیش ئاگاداربووەو، توانیویەتی بە سەرکەوتوویی باسیان بکات و ڕاو بۆچوونیان لێك بداتەوەو ئەنجامەکانیشیان بخاتەڕوو.

خانی لە شیعرێکیدا باس لە ڕێگەکانی عشقبازی دەکات. بە ڕێگەی پلەکانی تەسەوفەوە کار بۆ ئەوە دەکات کە بگاتە مەقاماتی باڵا، یانیش بە ڕێگەی (حاڵ)ـەوە لە ئاشکراکردنی کەرامات شارەزا بێت و بگاتە خۆشەویستی خودا:

عشقبازی دوو تەریقن چ حەقیقەت چ مەجاز
شەمعی جان دێ بقەژێتن چ ب نار چ ب نوور
شەبێ زوولماتێ ب ئیمکانێ دبت صوبحی نوما
ئافتابێ ئەحەدییەت ژ فەلەق تێتە ظوهوور
سەر و مال ودل و جانێ مە فدایی تە بتن
بکە قەلبێ مە تۆ ساقی ژ شەرابا خوە طهوور
دا بکەم کەسبی مەقامات عولوویێ دەرەجات
یا بکەم کەشفێ کەراماتێ ژ دارا مەنصوور (دوڕە، ٢٠٠٢: ٢١)

لەبارەی کەراماتەوە خانی لۆژیکی زمانی شیعر بەرەو پلەبەندی دەگۆڕێت و هۆکارو ئەنجامەکانی هەر هاوکێشەیەك بەراورد دەکات و کار بۆ پاراستنی هاوسەنگییان دەکات.

سوفیگەری فەلسەفی بە ڕێگەی کەسبی دەگاتە یەقین کە پلەو پایەی مەقامات دەبڕێت و، لەحاڵ جێگیرترە، بەڵام خانی لەو باوەڕەدا نییە، کە ئەم بۆچوونە ڕاستتر بێت، بەڵکو لەناوەراستی هەردووکیاندا بۆچوونێکی تازە دەدۆزێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بەڕێگەی حاڵەوە بە بەخششی خودا شاد دەبێت و هەوڵ نادات لەنێو حەقیقەتدا بتوێتەوە، لە یەکبووندا ببێتە بەشێك لەحەزرەت، هەروەکو: (بەستامی ١٨٨-٢٦١/ ٨٠٤-٨٧٤) گوتویەتی (سبحانی) و (حەلاج)یش(٢٤٤- ٣٠٩هـ/٨٥٧- ٩٢٢) گوتویەتی (انا الحق)، بەڵکو لەرێگەی پێغەمبەرەوە ئەم یەکبوونە دەکرێت. ئەو خۆ نزیك کردنەوەش هەر لە ڕێگەی ئەوەوە دروست دەبێت، چونکە زۆر ڕامان و مانای شاراوە هەیەو لە ڕێگەی سرووشەوە بۆ حەزرەتی پێغەمبەر ڕوونکراونەتەوە:

کافرێ عشقم ئەگەر ئەز نەدەمێ ئیمانی هەر
یا ب میحرابێ برویان نەبرم سەجدە ژ دوور
واعزا گوهـ بدە من دا ببهی نەقلا صەحیح
موصحەفا چەهرەئێ خووبانە کتێبا مەسطوور
دەفتەرێ عشقێ نەدا دەست تە موعەللم ژ ئەزەل

مەعنەیا ئایەتێ حوسنێ ل تە لەوما مەستوور
بێ تەکەللوف دخورم سوندی ب قورئانا شەریف
"خانیا" صوورەتێ جانانە ب من سوورەتی نوور (دوڕە، ۲۰۰۲: ۲۲)

بەم شێوەیە ئەحمەدی خانی هەموو بۆچوونەکانی حلول و یەکێتی رەت دەکاتەوەو ، لەسەر ڕێچکەی ئەشعەری دەڕوات و مەیلداری تەریقەت دەبێت، کە لەڕێگەی مورشیدەوە هەر دووکیان بە شەفاعەتی پێغەمبەرەوە (د. خ) دەتوانن بگەنە ئەو یەقینەی خۆیان مەبەستە.

لە یەکێتی بووندا خانی بۆچوونێکی ڕوونی هەیە کە نووری خودا لە هەموو شتێکدا رەنگ دەداتەوەو مرۆڤ لە روح و مادە دروستکراوەو بەپێێ نزیکبوونەوەی لە ڕووناکی روح لە خودا نزیك دەبێتەوەو بە پێی نزیکبوونەوەی لەمادە لەخودا دوور دەکەوێتەوەو، لەم بۆچوونانەدا خانی لە بۆچوونەکانی عەبدولڕەحمان جامی(۸۱۷– ۸۹۸ھ / ۱٤۱٤– ۱٤۹۲ز) و ئیبن تەیمیە(٦٦١– ۷۲۸ھ/ ۱۲٦۳– ۱۳۲۸ز) نزیك دەبێتەوە، کە هەموو رێچکەکانی راستەوخۆ دەرفەت دەدەن کە ئینسان لە نێو هەقیقەتی بووندا فەنا ببێت، بەلأم ناتوانێ یەکبوون لە نێوان خۆی و سەرچاوەکەی دروست بکاتەوە، چونکە بوونەتە دوو شتی جودا ، بۆیە دەڵێت:

بەتاڵە تەناسوخ ، مەحالە حلول
مەکە ئیتحادا دو تشتان قەبوول

ئەم بۆچوونەی خانی لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەو جودابوونە لە ئەنجامی دابەشبوونێکی یەکسان نەبووە، بەڵکو شتێك لە گشتییەوە بە بەشێکی دروستکراو بەخشیوەو مەرج نییە ئەو بەشە هەمان خەسڵەتەکانی گشتی هەبێت و یانیش بە ئارەزوومەندانەوە بۆ گشتی بگەڕێتەوەو لە ناویدا بتوێتەوەو:

حیکمەت ئەوە: باطنی بۆ ظاهیر
قودرەت ئەوە غائیبی بۆ حاضیر
نینن تە تەجەززی یو تەمەککون
ئەمما وە دوان دکی تەوەططون
گویا هەمی جیسمەکن تو جانی

گویا هەمی شەهرەکن تو خانی   (خانی، ٢٠٠٨: ٢٩)

ئـەوەی لـە زمـانی ئـەدەبی خـانی بـەدی دەکرێـت، کـە نموونەیـەکی زینـدی ئـەدەبی دێرینـی کوردییـە، ئەوەیـە، کـە لـەنێو بازنـەی بـیرو بـاوەڕی ئایینیـدا دەخولێتـەوەو بـەپێی پێـوەری ئـەوەوە بـاس لـە شـتەکانی دیکـەش دەکـات و هەمووشیان لەسەر بنەمای ڕوح و مادە هاوسـەنگ دەکـات، یـانیش لایـەنی ڕوحـی پێش دەخات.

**سێیەم: جیاکارەکانی قۆناغی پەڕینەوە بۆ سەدەی بیستەم**

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە، هەندێ نیشانەی گۆڕانکاری بەسـەر زمانی ئەدەبی کوردی دیاربوون، کـە سـەرەتای هـەنگاونانێك بـوون بـۆ قۆنـاغێکی دیکەی ڕووبەر فراوانتر، بەتایبەتی کە:

١- لــەڕووی ناوەڕۆکــەوە هەنــدێ بابــەت لــەپاڵ ئاڕاســتەکردنی بنــەما ئایینییەکان هاتوونەتە نێو شیعری کوردیدا، وەك هۆنراوە نشتیمانییەکانی حـاجی قـادری کـۆیی و داشـۆرینەکانی شـێخ ڕەزای تاڵـەبانی، بـۆ نموونـە حـاجی لـەم هەڵبەستەدا خەباتی مرۆڤی کورد بە پلەبەندی ڕێك دەخـات. هەوڵـدەدات لـەڕووی دەروونییــەوە پــەروەردە بکــات، بــۆ ئــەوەی هــەنگاو هــەنگاو لەســەر پەیــژەی سەرکەوتندا بەرەو ئامانجـەکانی ڕزگـاربوون بـڕوات و لـە دیـن و دونیـادا سـەرفراز بێت:

| | |
|---|---|
| بەڵێ وایە لە ئەلزەمی ئەشیا | ئەووەلەن خواردنە، دووەم سوکنا |
| سێ یەمی سەتری عەورەتە ئەنجا، | مەشغەلەی "لا اله الا الله" |
| پشتیوانی بینایی شەرعی مەتین | شیرو بەخشین و خامەیی ڕەنگین |
| بەو شەشە دین موحافەزە دەکرێ | یەکێ مرد لەم شەشانە دین دەمرێ |
| | (کۆیی، ١٩٨٦: ٢٣٦-٢٣٧) |

شێخ رەزاش ڕێچکەشکێن بوویـەو ئـەو بابەتانـەی لـەنێو شـیعرەکانیدا بـەدی دەکرێن بە جۆرێك هۆنیوەتەوە کە هەردوو لایەنی ئیرۆتیـك و سـاتیرا دەگرێتـەوەو ئەگەر پێشترێ بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا هـەبووە، بـەڵام

لای شێخ ڕەزا بێ پەردەبووە:

دنیا تەوێلەیەکە پڕە لە کەر
من کەر و تۆ کەر و ئەو کەر
لەدڵت گران نەبێت گەر پێتیان ووت کەر
حیسابکە کەرێك بە کەرێکی ووت کەر

٢- لەڕووی داڕشتنیشەوە سنووری هۆنراوەیی تێپەڕاندو بەرەو پەخشانەوە چوو. ئەمەش وەرچەرخانێکی ڕێخۆشکەربوو، کە چەندین ژانری دیکە لەنێو زمانی ئەدەبی کوردیدا پەیدا ببن و گەشە بکەن. داستانە شیعرییەکان بۆ ڕۆمان، بەیت بۆ کورتە چیرۆك، دەمەتەقێی شیعری بۆ شانۆنامە...

٣- تۆمارکردنی ئەدەبی فۆلکلۆریش، کە لەڕێگەی پەخشانەوە دەکرا ڕێبازی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەنتر کرد، وەك هەوڵانەی مەلا مەحموودی بایەزیدی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا کردی بە تایبەتی لەلایەنی وەرگێڕان (دێرەشی، ٢٠٠٧) و تۆمارکردنی کەلەپووری کوردییەوە(فندی، ٢٠٠٤).

٤- گرنگییەکی دیکەی پەخشان ئەوە بووە، کە هاوسەنگی بۆ ڕێبازی ئەدەبی گەڕاندەوەو هانی نووسەرانی دا کە بیر لە دانانی ڕێنووسێکی تایبەت بە زمانی کوردی بکەنەوە.

٥- پەخشان پانتاییێکی گونجاو بوو، کە ڕۆژنامەگەری کوردی لەسەری بنیاتنراو ڕووبەرێکی باشیش بۆ بڵاوکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکانی وەك گۆتاری ئەدەبی و کورتە چیرۆك و شانۆنامە....

عەلائەدین سەجادی بە دوورو درێژی مێژووی پەخشانی کوردی نووسیوەو هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پێشڤەچوونیشی ڕوون کردۆتەوەو ئاماژە بە دەقەکانی ئەو نووسەرانە کردووە، کە لەم بوارەدا پێشەنگ بوونە، بەتایبەتی ئەوانەی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستیان پێکردبوو، وەك ئەم دەقەی لە پێشەکی کتێبی "ئەنجومەنی ئەدیبان"ی ئەمین فەیضی بەگی وەرگرتووەو دەستکاری ڕێنووسەکەیشی کردووە، بۆ ئەوەی هەندێ لەگەڵ ڕێنووسی پەسەندکراوی سەردەم بگونجێت: ((ئودەباو شوعەرای کورد زۆرن، لاکین ئاثاریان

به تەواوی جەمع و تەئلیف نەکراوە. من نییەتم کرد کە بەعضیٚ لە ئەشعاری کوردی بابان طبع و نشر بکەم تا بزانریٚ مولٚکی بابان چەند مەنبەعی فەیض و زەکایە. لە شیعری هەر شاعیریٚ چەند پارچەیەکم ئینتیخاب کردو لەو مونتەخەبانە رسالەی "ئەنجومەنی ئەدیبان"م هێنایە وجوود، بەم وەسیلەیە طالبان و راغبان کەمێك خەلاص بوون لە شیعر نووسینەوە لەسەر دەفتەر پارچە پارچە. حەزیشم کرد لە پێش هەموو چشتیٚ یەك نوبذە لە ئەوصافی ئەو شاعیرانە بەیان بکەم. ئەوانە کە شوهرەتیان هەیە ئەمانەن: مەولانا ضیاءالدین شێخ خالد، مەلا خضر ـ نالی، شێخ ڕەزا، ئەحمەدی کۆر، مەلا سالح ـ ئاهی، سید عبدالرحیم ـ مەولەوی، هجری ـ کوردی، سالم و سائرە)) (سەجادی، ٢٠٠٠: ٤٤).

ئەم شێوازەی دارشتن و دەربڕینی زمانی ئەدەبی کوردی تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش بەردەوام بوو، وەك ئەم نموونەیەی لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد)ی ساڵی (١٩١٩)دا هاتووە، کە زۆربەی وشەکانی بە زمانی عەرەبی بووە، هەر لە ناونیشانییەکەیەوە(بە تأثیر محیط مادی و معنوی علم وفن) تا دەگاتە ناوەڕۆکەکەی، کە بەم شێوەیە دەستپیٚ دەکات: ((دلین انسان طبعاً متمدنە فقط ام تعبیرە مختصرة چونکە في الواقع انسان باطیعاً متمدن بی ظریف لعقلو معرفتدا بر ژایی فقط دائماً لکل دو چشتا قائمة اول بة تنیا کس نازی لیرا مەکە چونکە همو آنی محتاجە بە انواع چشت خوی بە تنیا قابل نیة تدارك همو احتیاجات خوی بکا...))(عەبدلکەریم، ١٣٣١: ٢٣) ، کە لە ستەنبووڵ دەردەچوو. جگە لەو دەستکارییە، ئەو ئاگاداری ڕێنووسی بابەتە سەرەتاکانی پەخشانی کوردی بووە، هەندیٚ نموونەی هێناوەتەوە، کە ڕاستوراست بە ڕێنووسی زمانی عەرەبی یان زیاتر بە ڕێنووسی زمانی فارسی دەچوون، وەك ئەم دەقەی کە بە قەلەمی زەکی سائیب لە ژمارە ٣ی ڕۆژنامەی "پێشکەوتن" بڵاوکرابووە کە ڕێنووسەکەی بە قسەی سەجادی لەگەڵ فارسی و عەرەبیدا تێکەڵاو بووە: ((هچ وختی ام قامیشە دو لتە، ام آسنە دو کرتە اکرم بە دستوە زمانم توی نوی ابی، خوینی دل او دلوپە دلوپە سورانە لە همو شارکی لشمەوە کو ابیتوە اتکی حوزێکی سور دخاتە بر چاوم...)) (سجادی، ٢٠٠٠: ٥٢). ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ، کە لە ڕێنووسی زمانی

ئەدەبی کوردی ئەو سەردەمەدا فۆنیمەکانی (سەر، بۆر، ژێر) جێگایان دیارە، بەڵام نەنووسراون و فۆنیمەکانی (ۆ، وو، یٚ، ئە، ئا) بوونیان نەبووە.

بەم شێوەیە قۆناغی پەڕینەوە کاریگەرییەکی ڕاستەخۆ لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی زمانی ئەدەبی کوردی هەبووە. لەڕووی داڕشتنەوە هەوسەنگی لەنێوان هونراوەو پەخشاندا دروستکرد. لەڕووی دەربڕینەوە ئەدەبی فۆلکلۆری بەرەو ئەدەبی نووسراو برد. لەڕووی تۆمارکردنەوە ڕێنووسێکی تایبەت بە زمانی ئەدەبی کوردییەوە ڕێکخست. لەڕووی هزریشەوە پانتاییێکی گونجاو بۆ پەیدابوونی زمانی ئەدەبی هاوبەش ڕەخساند.

## تەوەری دووەم: زمانی ئەدەبی هاوبەش

ئەدەبی هاوبەش ئەو دەقانە دەگرێتەوە، کە لە جۆری دیداکتیکین و بە زمانێکی ڕوون و پاراوە نووسراونەتەوەو خەڵك بە گشتی لێی تێدەگەن. هاوبەشەکەیشی لەنێوان دوو لایەنی سەرەکین، کە دەتوانین لەم دوو خاڵەدا کورت بکەینەوە:

– مەبەست لە نووسین و بڵاوکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان (شیعر، کورتە چیرۆك، گوتاری ئەدەبی...) هۆشیارکردنەوەی خەڵك بێت، بۆیە بە زمانێکی سادەو ئاسان دادەڕێژرێن و پێویستی بە فەرهەنگی ڕوونکردنەوە ناکات. کەم جار لە ڕێگەی ڕەخنەوە شیدەکرێنەوە.

– کاتێك دەقە شیعرییە میللییەکان و گۆرانی و پەندی پێشینان و ئەفسانەو حیکایەتە فۆلکلۆرییەکان تۆمار دەکرێن و دەبنە بەشێك لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی. ئەم تۆمارکردنەیش لە دوو لایەنەوە گرنگە: لە لایەنێکەوە دەبێتە ئەڵقەی بەستنەوە لەنێوان زمانی نووسراو و زمانی نەنووسراودا. لە لایەنێکی دیکەیشەوە، هەر چوار دیالێکتی زمانی کوردی لە یەك تەوەردا کۆدەکاتەوە.

لە هەردوو لایەنی سەرەوەدا، زمانی ئەدەبی بەرەو زمانێکی پاراوی پێوانەیی دەڕوات. ئەمەش خاڵێکی گرنگەو پێویستە قۆناغبەندی بۆ مێژوویەکەی بکرێت، کە بە بڕوای ئێمە ((لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بابەتەکانی شیعری نوێی کوردی پتر لە دەوری دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی دواکەوتنی گەل و دۆزینەوەی بنەماکانی ڕێچکەی ڕزگارکردنی وڵات دەسووڕانەوە، زۆربەی نووسەرانیش هەوڵیان دەدا پەیامە ڕاستەقینەکەیان لە ناوەڕۆکێکی تۆکمەو ئاساندا بە وەرگر بگەیەنن و، بە پێی ئاستی جەماوەر زمانی دەربڕینیان لە نێو وێنەی شیعری ڕوون و هونەرە ڕەوانبیژییەکانی سادەدا ڕێك بخەن)). (قەرەنی، ٢٠١٢: ١٤٧– ١٤٨) هەموو ئامانجیان ئەوە بوو ئەرکی هۆشیارکردنەوەی خەڵك و نوێنەرایەتی بزاڤی ئازادیخوازی میللەتەکەیان لە ئەستۆ بگرن.

ئەم هەوڵانە ڕۆژ بە ڕۆژ خەستتر دەبوون و بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی

ڕاستەوخۆی ئامانجبەر دەچوون، لە نێوان گەشبینی بە دەستکەوتەکانی سەردەمی نوێ و ئەگەری ستەمکارییەکی دیکەی وەکو دەوڵەتانی ئوسمانی و قاجاری دووبارە ببێتەوە، خەڵك پێویستییان بە دەنگێکی بەرزو ڕاستەقینە بوو، بۆ ئەوەی نهێنییەکانی ئەو بارودۆخەیان بۆ ڕوون بکاتەوە. شاعیران ببوونە ئۆرگانی چۆنیەتی مامەڵەکردنی خەڵك لەگەڵ ((ئەو سیستمە سیاسییە تازەیانەی کە لە ساڵی (١٩٢٥)ەوە بە تەواوەتی لە هەر چوار پارچەی کوردستان چەسپان و کەوتبوونە واری جێبەجێکردنی حوکمڕانییەوە)(جلیل، ١٩٩٢: ١٥٤–١٥٥)). بە تایبەتی کە بوشاییێکی سیاسی لە بزاڤی ئازادیخوازی کوردیدا پەیدا ببوو. شاعیرانیش بە پێی ئاستی هزری و توانای هونەری خۆیانەوە خواست و ئاواتەکانی گەلەکەیان دەخستەڕوو، ڕەخنەیان لە کەموکوڕییەکان دەگرت. کاری ڕەخنەگرتنیش لە کەشێکی وا ئالۆزدا پێویستی بە چەندین هونەری ڕەخنەییەوە هەیە، لەوانە ساتیرا و ئایرۆنی و...، کە پێوەرێکی ڕاستەقینەن لە نێوان مەبەستی شاعیرو هۆشیاری وەرگردا.

لەم سۆنگەیەوە دەمانەوێت سێ نموونەی شێوە جیاواز، بەڵام هەڵگری هەمان مەبەست بکرێنە بەڵگە بۆ زمانی ئەدەبی هاوبەشی کوردی، کە ئەوانیش پیرەمێرد[٦] لە دیالێکتی (ك. ن) و شامی کەرمانشانی[٧] لە (ك. ب) و جەگەر خوین[٨] لە (ك. ژ) دا.

### ١– پیرەمێرد: زمانێکی پاراو، نیو وێژەو نیو زانست

پیرەمێرد باسی میری و فەرمانبەران ناکات ، بەڵام بەوێنەیەکی پێکەنیناوییەوە، باس لەوە دەکات کە جارێك لەخەودا شەیتان هاتووەتە لای و ریکلامێکی هێناوە، بۆ ئەوەی لە (ژین) دا بڵاوبکرێتەوەو، تێیدا داوا دەکات کە هەر کەسێکی ئەم مەرجانەی خوارەوەی ئیعلانی ئەکەین چوار شەرتی تێدابێت و حەز دەکات بەمووچەیەکی باش دابمەزرێت باسەردانیان بکات ئەمە وێنە ئاشکرایەکەیە، بەڵام بە مەبەستی پیرەمێرد ئەوەیە، کە تا کەسێك ئەو خەسڵەت و ئەدگارانەی نەبێت، ناتوانێت لەدەزگاکانی میریدا کاربکات :

وا ئێمە بەژینهەیە بەیانی ئەکەین
شەرتی یەکەمیان ئەبێ بەدکار بێ
نابێ بەکردەی چاك لەکەدار بێ
دووەم بەلەشی پیس ڕاببوارد بێ
نەخەڵەتا بێ نوێژی کرد بێ
سێ هەم هەرچی پێی ئەڵێن موسکەرات
قەت بوارەی نەبێ بیست و چوار سەعات
چوارەمیان نامووس لای مێشوولە بێ
سویندی بە شەرەف وەك پەپوولە بێ
ئەمجا هەر کەسێك ئەیەوێ بچێ
ڕاکات بۆ ئەوەی لە کیسی نەچێ (هاوار، ١٩٧٠: ٣٩٦)

لە شیعرێکی دیکەی پەند ئامێزدا، نەفرەت لە ئاخاوتنی کەسی نەزان و نەفام دەکات و ناڕاستەوخۆ خەڵك ئاگادار دەکاتەوە، کە ئەو جۆرە کەسانە کەڵکیان بۆ خۆو بۆ دەوروبەر نییە. خوێنەری هۆشیارو شارەزای کەلەپووری مەعریفی کورد دەتوانێت چەندین مانای دیکەی شاراوە بدۆزێتەوە:

سوحبەتی نادان تاڵ ڕابواردنە
لەدوای کەر ڕۆین تەرس بۆن کردنە
مەیەڵن نەفام دەنگی دەربێنێ
سەگی هەڵەوەڕ دزتان بۆ دێنێ (هاوار، ١٩٧٠: ٢١٣)

## ٢- شامی کرماشانی: زمانێکی خەست، نیوەی ئازارو نیوەی ئومێد

شامی لە هۆنراوەی (کرانشینی)دا کێشەیەکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو، کە لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە زۆر نزیکەو داڕشتنەکەیشی کە بە دیالێکتی کرمانجی باشوور ـ شێوەزاری کەلهوریيە ڕوون و ئاسانەو ڕێنووسەکەیشی هەندێ جیاوازە:

بەندە یەی نەفەر کرانشینم
چـــۆ ئەزیز مردی دایم غەمینم
نە خارج مەزهەب نە جوداس دینم
ئەر دوعاد گیراس بکە نفرینم
بەشکەم لەی دونیا دیتر نەمینم
راحەت بووم وە دەس کرانشینی
توای بزانی، سەگ و حالّم نەو
ئاسایش نەیرم نە رووژ و نە شەو
سوب تا ئیوارە هامە تەق و دەو
تا سەرمانگ بای، دو تیکە ئەسپەو...
یا بەم بفروشم با بنمە گرەو
ئـــۆشم کراگەم بەلّکەم نەمینی
چە بکەم وە دەس کرانشینی؟
داد وە هەر کەس بەم حەقم نیەسینی

ژنم جارو کیش خوەم قاپچی دەرم
فەسل(فصل) زمسان وەفر پاکەو کەرم
لە عەیش و عەزا چـۆی سەماوەرم
دەنگ کەم نانەجیب، دەنگ نیەکەم خەرم
خوەیان چـۆی ئاقا بەندە نەوکەرم
مەنعیان نەکەی دەنە بان سەرم
ئـۆشن گووشت گەن ئەڕامان سینی
چە بکەم وەدەس کرانشینی؟
داد وە هەر کەس بەم حەقم نیەسینی

یەی هەفتە مینی مانگ بچوو وەسەر
ژن ساحومالّ(ساومالّ) دەس نەیدە کەمەر

وه ژست تەمام تێدە پشت دەر
لە وەر پای هەڵسم چــۆی ئاقا و نەوکەر
وه ژنم ئــۆشم دەمکە سەماوەر
چەبکەم وەدەس کرانشینی؟
داد وه هەر کەس بەم حەقم نیەسینی

یەی کوری دیرن چــۆی وەچکە شەیتان
سۆب(صبح) لە خەو هەڵسی تێدە ناو ئەیوان
جیبی پڕ لە ریخ ، دەس وە تیرکەمان (تیرکەوان)
خەید ئەڕای قوریو جام و ئستکان
سیولێ جافرخان گریدە نشان
کەس جورئەت نەیری سدای(صدای) بایدەبان
بویشی جوانەمەرگ سەرم شکنی
چە بکەم وەدەس کرانشینی؟
داد وه هەر کەس بەم حەقم نیەسینی

لەدوای خستنەڕووی لایەنە کۆمێدی و تراژیدییـەکانی کێشـەکە، دەگاتـە ئـەم ئەنجامەی خوارەوەو بەم کوپلەیە کۆتایی بە هەڵبەستەی دێنێت:

زانی چەن نەفەر هایمە یەی حەسار؟
من ئــۆشم پەنجا تو بــۆش پەنجاو چوار!
دریژ و کووتاه کاردار و بیکار
سوب هەڵسی دۆنی لە گووشەی حەسار...
هڤدە ئەفتاوە نریاسە قەتار
بایەد پەی نەوبەت بلیت بسینی!
چە بکەم وەدەس کرانشینی؟
داد وه هەر کەس بەم حەقم نیەسینی

### ٣- جەگەرخوین، زمانێکی خەست: نیوەی هزرو نیوەی بەرخۆدان

لەبەر ئەوەی زمانی ئەدەبی جەگەرخوین بە پەیامێکی دیداکتیکی بارکراو بوو، بۆیە ڕوون و نزیك لە بیرکردنەوەی خەڵك بوو و تێگەیشتنەکەیشی ئاسان بوو. هەر بە هۆی ئەو ڕەوانییە بووە، کە هاوارەکانی زمانێکی بیستراو بێت و گەل بە دەنگی خۆی بزانێت و بەرهەمەکانیشی وەك تێمووریێ خەلیل موورادۆڤ دەڵێت ((ویێ ببن چاڤکانیا باوەڕیا کوردستانەکە ئازا)) (جەگەر خوین، ٢٠٠٣، بەرگ). لەم بارەوە، لە هەڵبەستی (چیرۆکا زۆرۆ ئاغا)دا (جەگەر خوین، ٢٠٠٢: ٥١–٦٨) بە زمانێکی ئەدەبی هاوبەشەوە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی هەر بە شیعر شیدەکاتەوە، کە گوێگری نەخوێندەوارو خوێندەواری ئەدەب دۆستیش بە ئاسانی لێی تێبگەن و مەبەستەکانی شاعیریش وەك پەند وەربگرن. چیرۆکەکەش بەم شێوەیە دەستپێ دەکات:

زۆرۆ ئاغایێ گوندە
خۆرتەك جوان و ڕندە
ب مێرانی دایە دەنگ
پڕ ب ساوە وەك پلنگ
سووندا تەڤان سەرێ وی
هەمی تێن بەر دەرێ وی
وەکە شێران د شەڕ دا
تێنە کوشتن د بەر دا
بێش و بەلا ددن وی
مال و دلا ددن وی
لێ ئەو ب چاڤەکێ دی
وان دبێنی وەك گدی
ب زۆر دستێنی ژ وان
د ناڤ وان دە پەهلەوان

زۆر و سەتەم، تۆلازی
نە هاوار و نە گازی
کەچەك هەبوو گەور و ڕند
بووبوو چیرۆك ل ناڤ گوند
گەورێ کەچەك ڕند و ژیر
خوەدی هش و خوەدی بیر
ڕۆکێ چووبوو سەر ئاڤێ
ژ ئاغێ ڕە کەت داڤێ
ئاغا چووبوو ناڤ باخا
گوهـ ددێران ل زاخا
دی خوش خوشەك تێ ژ چەم
پێژنا زینێ کری مەم
خوە بەردایە سەر ئاڤێ
کەلا دلێ وی داڤێ
دەست ئاڤێتن ملێ وێ
بوو کوت کوتا دلێ وێ
سڤك ئەو ڕابوو سەر خوە
سەرێ خوە خستە بەر خوە
زۆرۆ دەست برنە سێڤا
لێڤ بەردانە سەر لێڤا
ڕەوشا بندەست و پەپووك
دهەژیا وەکە چووك
دلەرزی وەکە ڕۆت
د بەر خوە دە ژێ ڕە گۆت:
ئەز گوندی مە ل با تە
وەك قەراشا ژنا تە

تو ل شوونا بابىَ من

قرێژ مەكە ناڤىَ من

جەگـەرخوين ئـەم چـيرۆكە شـيعرەی لـە (١٩٧٤/٩/٢٨) هۆنيوەتـەوەو هـەر وەكو حيكايەتە كوردەوارييەكانيش بەم شێوەيە كۆتايى بە گێڕانەوەكەی هێناوە:

ئەگەر بێتە وە پسيك

ونىَ ببن نەخوەريك

وە چيرۆكا من بهيست

ڕستا مە بوو سەد و بيست

## تەوەری سێیەم: زمانی ئەدەبی دەستکرد

زمانی ئەدەبی دەستکرد یان خوڵقێنەر کە دەقە ئەدەبییەکان بە زمانێکی ئاڵۆزو شێوازێکی باڵا دەنووسرێنەوەو هەردوو لایەنی شیعرو پەخشانیش دەگرێتەوە، بەڵام لە شیعردا زیاتر دیارەو بە شێوەی شیعرییەتەوە دەخزێتە نێو پەخشانیشەوە. ئەوەی لە زمانی ئەدەبی هاوبەش جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە مەرج نییە واتایەکی ڕوون بەدەستەوە بدات و هەموو خوێنەران بە ئاسانی لێی تێبگەن. ئەوەی لە زمانی ئەدەبی دێرینیش جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە لە ڕێساکانی ڕێزمان دەردەچێت و خۆی بە هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە پابەند ناکات، بۆیە لادانەکەی کەلێنێکی فراوان لەنێوان واتای وشە فەرهەنگییەکان و واتایان لە نێو دێرەشیعرەکاندا دروست دەکات، یانیش هەندێ وشەو دەستەواژەی نوێی نەبیستراو بەکاردەهێنرێن، کە لە دوو لایەنەوە سوود بە زمانی ئەدەبیی دەگەیەنن: یەکەمیان، زمانی نەتەوەبی دەوڵەمەند دەکات و گیانێکی تازەشی پێ دەبەخشێت. دووەمیان، بوارێکی گونجاو بۆ ڕەخنەی ئەدەبی - بە هەموو جۆرەکانییەوە - دەڕەخسێنێت، بە شێوەیەك کە ڕەخنەگر دەتوانێت لە چەندین لایەنێکەوەو لە گۆشەنیگای جوداوە دەقەکە شی بکاتەوەو مەبەستەکانیشی لێك بداتەوەو ئەڵقەیەکی لێکتێگەیشتن و هزرکردنەوە لەنێوان نووسەرو خوێنەردا دروست بکات، کەواتە بەبێ ڕەخنەیەکی بونیادگەرانەی بێلایەن کارێکی ئاسان نییە خوێنەری ئاسایی لێی تێ بگات. ئەم جیاکارانەی ئەدەبی دەستکرد وای کردووە، کە بەردەوام گۆڕانکاری تێدا بکرێت و هەمیشە بەرەو نوێگەراییەوە بڕوات. بۆ شیکردنەوەی ئەم بۆچوونەو ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەیشی سێ نموونە دێنینەوە، کە یەکەمیان بەرهەمێکی ئەنوەر مەسیفییەو بە دیالێکتی (ك. ن)ـە. دووەمیان بەرهەمێکی محسن قوچانی و بە دیالێکتی (ك. ژ)یەو سێیەمیشیان بەرهەمێکی سەعید عەباداتیانە، کە بە دیالێکتی (ك. ب) شێوەزاری کەلهوورییە.

١– ئەنوەر مەسیفی

شێوازی بەرهەمەکانی مەسیفی ئاڵۆزن. لەڕووی ڕێزمانەوە ڕیساشکێن و لەڕووی واتاوە زۆر ڕوون نین و فرە ڕەهەندن و هەمیشە پێویستییان بە شیکردنەوەیە، بۆیە لەلایەن هەندێ نووسەرەوە بە فۆرمی گران ناودەنرێن، بۆ نموونە لەسەر ئاستی زەمەنی شیعرییەتەوە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەییم بۆ هەڵبەستی (ئەو گۆرانییەی نەمگوت)ی ئەنوەر مەسیفی بە ناونیشانی (ئاستی زەمەنی شیعرییەت لە "ئەو گۆرانییەی نەمگوت" ی ئەنوەر مەسیفی دا) ئامادەکردبوو، کە دەروازەکەی بەم پێشکییەی دەستپێ دەکات:

"ئەو گۆرانییەی نەمگوت" دوابەرهەمی شیعری ئەنوەر مەسیفی (١٩٥٢ – ٢٠٠٥) بووە، کە لە ناوەڕاستی ئەیلولی (٢٠٠٥) نووسیویەتی و، دوای چەند ڕۆژێکیش لەمیهرەجانی شیعری کوردی کە لە ڕۆژانی (٢٣ – ٢٥/ ئەیلوول) لەدهۆك سازکرابوو پێشکەشی کردبوو. لەگەڕانەوەدا بۆ هەولێر مەسیفی تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆیی دڵتەزێن دەبێت و لەدوای هەفتەیەك گیانی لەدەست دەدات. ئەمەش دەقی ئەو شیعرەیە:

ئەو گۆرانییەی نەمگوت

**کاهینێك**

**سێوێکی**

**لەناو**

**پێڵاوی**

**ژنێك**

**دانا**

**ئەو گۆرانییەی نەمگوت**

**ژنێك کردی**

**بە ئەسپ**

**کاهینێك خۆی**

**کردە گیا**

ئەو ئاگرەی
پێم نەکرد
کاهینێك کردی
بەدارستان
ژنێك
پێلاوی
خۆی
هاوێشتە
رۆژ
ئەو جەنگەی نەمکرد
لەناو بەلەکۆنەی
ژنێك شکا
کاهینێك خۆی
کردە باخچە
ئەو شارەی پیاسەم
لێ نەکرد
ژنێك بردی
بۆ ئەشکەفت
کاهینێك خۆی
کردە قوڵغ
ئەو گۆرانییەی نەمگوت
ژنێك کردی
بە گا
کاهینێك
پێلاوی
خۆی

**هاوێشته**
**ڕۆژ**
**ژنێك**
**سێوێکی**
**لەناو پێڵاوی**
**کاهینێك دانا**
**ئەو دەرگایەی**
**نەمکردەوە**
**ژنێك کردی**
**بەبەلەم**
**کاهینێك خۆی**
**کردە با**

ناوەڕاستی ئەیلوولی ٢٠٠٥

**پێناسەی زەمەنی شیعریەت**

زەمەنی شیعریەت سنووری دیاری کراوی نییەو ، لەو وەختەدا دەست پێ دەکات کەخوێنەر بتوانێ لەو دیوی دەقەکەوە شتە نەزانراوەکە بدۆزێتەوەو، بەپێی قوڵی دەقەکەو توانای شۆڕبوونەوەی ئەوەوە، ئاستی زەمەنی شیعرییەت دەست نیشان دەکرێت ئەمەش ڕاستەوخۆ پێوەندی بەشیکردنەوەی شتە ئاساییەکانەوە هەیە کە چۆن لەنێو وێنە شیعرییەکاندا ڕەنگ دەدەنەوەو، تا چ ڕادەیەك وشە و هێماکانی بە نهێنییەکان بارگران دەکرێن ، کە هەندێك جار زمانی دەربڕینیان ئەوەندە قورس دەکرێت، کە وەکو گەواڵە عەورێکی باراناوی بەردەوام لەجووڵەدایەو، لەنێو هیچ مانەیەکی تایبەتدا جێگیر نابێت.

لەناونیشانی شیعرەکەوە دیارە کە زەمەن بوونی نییە، چونکە کردەوەی گۆرانی وتن ئەنجام نەدراوەو، هەڵبەتە ئەگەر شتێك ڕووی نەداو قەوارەی ڕووداوەکە دەستنیشان نەکرێت، جۆری زەمەنیش نازانرێت . ئەمە لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە کردەوەی گۆرانی وتن وەکو پرۆسسێکی هونەری بۆ هەموو

زەمەنێك دەشێت و ، دەستنیشان نەکردنی جۆرە زەمەنێکی تایبەتیش هەر ئەو مانایە دەگەیەنێ کە سنوور بۆ زەمەن دانەنراوەو زەمەنی بێ سنووریش خۆی لەخۆیدا ئاستی نموونەیی زەمەنی شیعرە. لەم سۆنگەیەوە دەرگەی گریمانەکان دەکرێتەوەو، لەوانەیە لەهەر گریمانەیەکدا چەندین ئەگەرێکی جیا جیا سەرهەڵبدەن و، لەهەریەکێکیاندا گەلەپرسیارێك هەبێت و گەڕان بەدوای پرسیارەکانیش ئامانجی سەرەکی هەر توێژینەوەیەك بێت.

**٢- موحسن قوچانی**

ئەم جۆرە زمانە ئەدەبییە لە دیالێکتەکانی دیکەیش پەرەی سەندووەو ئاستی ئەدەبی کوردی بەرەو قۆناغێکی نوێی بردووە، بۆ نموونە لە (ك. ب)دا، چەندین شاعیر هەن کە بەرهەمەکانیان لەسەر ئەم ڕێچکەیان هۆنیوەتەوە. لەوانەیە بۆ خوێنەرانی دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردی ئاسان نەبێت، چونکە لەڕووی شێوازو ناوەڕۆکەوە جیاوازی هەیەو پێویستی بە پاچڤە، یانیش بە ڕاڤەکردنی وشەکانی دەبێت وەك: ئەم هەڵبەستەی موحسین قۆچان بە ناونیشانی (ڕوی و ڕۆژانە):

هەمی ڕۆژا
هرە ڕوبیارەك سۆراڤی
دەخسی دکەم
ئەز دئالیسم
شێلی دکەم
ب ترس.. ب لەز
دبن لێڤێن خۆ ڤە دبشێڤم
هێکێن پۆرا
د دەستێن خۆ دا دمەرقینم
ئەز سینگێ خۆ دکەم گۆڕەپان
شەرما ڕۆژێ لێ گێرە دکەم،

دخەندقینم
بیرهاتنێن
بەلبیکێن ئەورێن هناری
هەلدەم سەرێك
نهێنیا ل ژێر ئەزمانێ خۆ دنخێڤم
هەمی ڕۆژا
ئەز جارەکێ
ڕێلێ پرچا خۆ ئادە دکەم
داڤێن بەهی دتەرقینم
هێرڤە دبەم
هێرڤە دئینم
هزار جاری دهەلشکێڤم
هەمی ڕۆژا
ئەز سەد جارا
ل بەر قودیکێ سەح دکەمە خۆ
ئەڤا هەنێ ئەزێ ژێ سل
کانێ بۆچی؟
وەکو هۆڤا ئەز ماچی دکەم
پاشی ب چ ڕوی ئەز ماچی دکەم (قوچانی، ٢٠٠٩: ٢١١ ـ ٢١٢)

**٣- سەعید عبادەتیان**

شیعری دەستکرد بە دیالێکتی کرمانجی باشوور، کە شێوەزاری کەلهووری ئێستا زیاتر گەشەی کردووەو کۆمەڵە شاعیری لێهاتوو پێی دەنووسن. لەڕووی ناوەڕۆکەوە هێشتا نزیکترە لە ئەدەبی هاوبەش و لەڕووی ڕێنووسیشەوە، هەندێ جیاوازی هەیە. هۆکارەکەیشی لەوانەیە لەبەر دووری و دابڕان بێت و ناچارن پشت بەخۆەوە ببەستن، بۆیە بە دروستی نەگەیشتوونەتە ئاستی بەرهەمەکانی هەردوو

دیالێکتی کرمانجی ژووروو و کرمانجی ناوەڕاست. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچـوونەیش هۆنراوەیـەکی (سـەعید عبادەتیـان) بـە ناونیشـانی "داولْ "وەك نموونەیـەکی بەڵگەدار دەخەینە بەر دیدی ئێوە:

لەیْ هەمگە مەلە رەیْ بوون لە لامەو
نیەزانم شێوەیْ ت بێشتر ها کامەو

هەرکە لەیْ دنیا شێوەیْ گولْ دێریْ
لە گشتیْ بێشتر ژان لە دلْ دێریْ

هەرکە لەیْ دنیا زەڕەیْ شیرینە
ئۆخەی نیەکەێدن وەیْ سەرزەمینە

بیْ هاز و بیْ نز چۆ پۆش وە پاوە
قرچەیْ گیانم تیْ وە دەس واوە

ئرمێسم نزاو تیەنیْ بیْ نزە
بژانگم پەرچین باخ پایزە

وە داولەیل بۆش لە زووانی م
یەیْ رووژ کاڵەو بوو چۆ جوانی م

قلاْگان زانن داولْ داڕزیەیْ
وێنەیْ سەوزە وشك تاوسان سزیەیْ

لە بریجەیْ خوەر تانکیش بوو گیانیْ
وە پاوە مریْ و کەسیْ نیەزانیْ

له من ریقەیٚ ڕەق سقانیٚ مینیٚ
له داولٚ چوو وشك بیٚ گیانیٚ مینیٚ

* * *

له سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی و تـا کۆتـایی سـەدەی نۆزدەیەمـەوە، زمانی ژانرەکانی (چیرۆك، داستان، نامەگۆڕی... تەنانەت دانانی فەرهەنگەکانیش) هەر بە شیعر نووسراونەتەوە، بۆیە شـیعر بیـاڤێکی فراوانـی لـە ڕووبـەری ئـەدەبی کوردی پڕکردۆتەوەو بەپێی قۆناغـە مێژوویەکانییـەوە سـێ جـۆر کێشـی جیـاوازی هەبووە. لە قۆناغی ئەدەبی دێرین زیاتر کێشی عەروزی عەرەبی بەکارهاتووە، کـە هـەر سـێ جـۆری ئێپیـك و لیریـك و شـیعری فێرکردنـی دەگرتـەوە. لـە ئـەدەبی هاوبەشیشدا کە ئەویش زیاتر بە شیعر هۆنیوەتەوەو لەسەر کێشی خۆماڵی بـووە، وەك بـەیت و چـیرۆکی شـیعری و داسـتانە میللییـەکان... لـە ئـەدەبی خولقێنـەر (دەستکرد)یشـدا کێشـی ئـازاد بـەکارهاتووە کـە مۆسـیقای نـاوەوەی دەقـیش دەگرێتـەوە. لەسـەرەتای سـەدەی بیستـەمەوە زمـانی ئـەدەبی کـوردی بـەرەو پەخشـانیش ڕوویشـتووەو لەدەربڕینەکانیشـیدا پـاراوەتر بـووەو بـەپێی کـورتی و درێژی و تەکنیکی گێڕانەوەو جـۆری ناوەڕۆکـەوە بووەتـە دەرهاوێشـتەی چـەندین ژانری ئەدەبی و پەرەیان سەندووەو لە نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکانـدا بڵاوکراونەتـەوە، بۆ نموونە هەندێ لە دەقی دوو لەو ژانرانە وەك بەڵگە دەهێنینەوە، کـە ئـەوانیش: کورتە چیرۆك و شانۆنامەنە.

– کورتە چیرۆك، کە بۆ یەکەم جار فوئاد تەمۆ ناونیشـانی (چـیرۆك) لەسـەر ئەم ژانرەی دانـاوەو، بـە شـاویش نـاونراوەو شـێوازی زمانەکەیشـی بـەم شـێوەیە بووە: (شویش کوری شوان کی یـە. بوخـادە سـالی زاروکـە، پـر چـاو وەکـری یـە. شـویش دیـا خـو نەدیـە. بـاو وی رەبـن و ئـو بلنکـازە قسـت تشـتکی وان تونە....(تەمۆ، ١٣٣١: ٢٥).

**شانۆنامە**

ئەبدلڕەحیم ڕەحمـی هـەکاری شـانۆنامەیەکی بـە ناونیشـانی (مـەمێ ئـالان) نووسیوە(هەکاری، ١٩١٩: ٢٢– ٢٤)و ڕەهەندێکی دیکە بـە زمـانی ئـەدەبی کـوردی

بەخشیوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

تیاترۆیا کوردان فەزیلەتە کوردان نۆشی ددت دو پەردە پیەس ئەسەرا ئەشخاص:

مەمێ ئالان

لەوەند– هەڤالێ مەمۆ، خولامی میر

دایکا مەمۆ– چاڤڕەش

ژنا مەمۆ– غەزال

پەردە ڤەبوو

(ئۆدەکێ کورمانجی خەملاندی، ب بەڕ و مافۆران راخستی. دیوارێ وێ، چەکێت مەمۆ پێ ڤە هلاویستی نە. چار تەرەڤ دیوار دۆشەك، بالگی نە).

مەجلسا ئەول

مەمۆ

(تەنێ) بەلێ... ئیرۆکە میر ئەمر کری یە، غەزایە. نەیاران سەرحەد گرتنە. زاریێ کوردان، مەعازە للاه وێ دبەر دەست و پیێن دوژمنان بچت.

ئەز ژ کی کێمترم! ما ئەز کورمانج نینم! ما نامووسا هەر کوردەکی نامووسا من نینە! ئەلبەت... ئەلبەت ئەزێ بچم. قیامەت رابت دیسا ئەز دچم. خوین سەران ببت دیسا ئەز خوە ناگرم. هەتا غەزال ژی من مەنعی بکەت دیسا ئەز ناوەستم. ئەز مەمێ ئالانم. میرێ هەکاریا ئەمر کری یە. هەم سولتان سەلاحەدین شیرێ خوە کێشایە، ل پێشیا تەمامێ دنیایێ وەستانە، قودسا شەریف موحافەزە دکەت. ئومومێ (فلان)[٧] بەرهەڤ بوونە کو ئەوێ ژ ئیسلامێ بستینن. جوهاب ژ میرێ هەکاریان هاتیە، ئەم دێ بچنە هاریکاریا وی. ئیسلام هەمی ل وێ بەرهەڤ بوونە. ژ بو چ؟ ئەلبەت ژبۆ غەزایێ. ما ئەز ژ وان نازارترم! ماخێرا غەزایێ دێ هەر ژبۆ وان بت!

(دایکا مەمۆ ژ دەردا تێت. وەکی کورێ خوە وەها پر غەلەیان دیت)

چـاڤرەش: کـوڕێ مـن، خـودێ خێـر کـەت! تـە چ بهیسـتی یـە تـو وەهـا حیددەتی، چاڤێ تە وەها سۆر بوونە؟

مەمۆ: دایێ، شیرێ خوە ل من حەلال بکە! دژمنـان سـەر ل مـە راکـری یـە. هاتنە قودسێ ژ ئیسلامێ بستینن. ئو میر ئەمر کری یە، غەزایە، دێ بچنە غەزایێ. مادەم ئەز ژی کوردم ئۆ ئەز ژ ئالانم، باب و باپیرێت من دڤێ رێ دا چوونە، دڤێت ئەز ژی دڤێ رێ دا بچم. تەشیرێ سپی دایە من. شیرێ خوە ل من حەلال بکە.

چاڤرەش: کوڕێ من دڕێیا دینێ خـوە و د رییـا وەلاتـێ خـوە دا ئەگـەر ئـەز حەلال نەکەم، خوەدێ ژی من حەلال ناکەت. ئەگەر تۆ ئیرۆ نەچی، سبێ دژمن وێ بێن. من تو ژبۆ رۆژەکی وەها خودان کری. کـو تـو وی جیـێ ژبـۆ دیـن ووەلاتـێ خوە بگری، ناڤێ کوردیتیێ، کورمانجیتییێ ئیلا بکی، من شیرێ خوە حـەلال کـر، خوە دێ دگەل تەبی.

مەجلسا دوییێ

(دەنگێ دەری تێت)

مەمۆ: دایێ، وێ دەری دقوتن (هەمان دبەزت).

ئەوکی یە؟ ئۆ ۆ ۆ... برایێ لەوەند، کـەرەم کـە... کـەرەم کـە... (لەوەنـد ژ دەر دا تێت).

لەوەند: ئەسەلامو عەلەیکوم! (دچیت ملێ چاڤرەشێ).

چاڤرەش: عەلەیکو موسسەلام، کـەرەم کـە روونـێ خـوارێ (لەوەنـد رونـت). سەر سەرێ من هاتی، سەرچاڤان. تو قەنجکی، خوەشی؟ مال، بچووك چاوانن؟

لەوەند: خوەدێ ژتە رازی بت، مال، بچووك دەستێ تە رادمووسن.

مەمۆ: سەر سەرێ برایێ خوە هاتی.

لەوەند: سەرێ تە هەزار سالی بت. تە خوە بەرهـەڤ کـر، دادێ دەسـتووراس تەدا؟

مەمۆ: مە ژی هەتا نوها ئەو خەبەر ددا. دایکا من شـیرێ خـوە ل مـن حـەلال کر. دێ کارێ من بکەت. خوەدێ حەز کەت ئەم ژی کەنگێ بچن؟

لەوەنـد: ئیرۆکـە مرۆڤـەك ژ باشـگالان هاتیـە. کـۆ ((مـیر هـەتا چـولەمێرگێ

چوویه)) لازمه دڤیَ هەفتی ییَ دا ئەم بەرهەڤ ببنە چولەمێرگیَ.

مەمۆ: ئیرۆکە خوە بەرهەڤ بکن، سبیَ زوو جا ئەم ریَ بچن.

لەوەند: دەستوورا من بدە، ئەر ژی بچم خوە بەرهەڤ بکم.

مەمۆ: ل سەر سەریَ من هاتی

(لەوەند دچت).

چاڤرەش: (خوە ب خوە) یا رەبی، ئەولادیَ من ئەمانەتیَ تەیە! تو فرسەت و سلامەتییَ بدی ییَ! (تەماشا مەمۆ دکەت) کوریَ من، خوەدیَ دگەل تەبی! ئەز بچم، کاریَ زەوادا تە بکم.

(چاڤرەش دچت).

مەمۆ: (خوە ب خوە) ئەی خالقیَ من، تە چ لوتفەك مەزن راکرییە، دایەك خودان حەمیەت تە دایە من! چ یا وجدانا من ئەمر دکەت، ئەو پیَ رازی یە. چو جاران نابت مانعیَ شولان. ئەز ویَ دچم با غەزالیَ. بووکا هەفتەیەکیَ یە. ئەز بهێلم د جی دا ما ئینسافە؟!... بەلیَ، ئینسافە، لەورا ئەڤینیا وەلاتی ژ هەمی ئەڤینیان مەسترە. ئەو ژی پیَ رازی یە. ئەز بچم غازی ببم، جا ئەو ژی ببتە حەرەما غازییەکی. لازمە ئەو ژی فەخریَ بکەت.

(پچەك مولاحەزە دکەت، ویَ وەختیَ غەزال ژ دەر دا تێت. د دەستەکی دا دەسمالە، چاڤیَ خوە پاقژ دکەت. مەمۆ دەستی دکریت، ڕوودنتە خواریَ).

مەمۆ: غەزال، تەخێرە؟ تو بۆ چ دگری؟

غەزال: ما هون ناچن!

مەمۆ: بەلیَ. ژ بەر چوونا من لازمە تو بگری؟

غەزال: وەکی تو چوویی، پاش تە دیَ چ بکم! ما ممکنە ژینا من! وەکی تو چوویی، روحیَ من ژی دچت. من دگەل خوە ببە.

مەمۆ: د شەرێت وەها دا شەرمە ژن دگەل مە بێن. هەم ژی دایکا من تەنیَ یە. تو دیَ چاوا بهێلی!

غەزال: ئەز شەڤ– رۆژ خدامی ژ دایکا تەرا بکم ئەز ژیَ عاجز نابم، ئەز ژیَ تێر نابم.

(رۆهنکان ئیزهار دکەت).

ئەز دێ چاوا تە بدم دەستێ فەلەکێ، دێ چاوا ژ تە دوور ببم!

مەمۆ (ب ئاهەنگ)

ئیرۆ هەفتە داوەت کری

غەزاییێ ئەز ژ تە کری

ئەز دچمە بەر کافری

غەزالا من، دەلالا من، بەس بگری

غەزال: مەمۆ ئیرو بوو عەسکەرە

ئەڤینیا مە بوو کەسەرە

تو من ببە دگەل خوە، هەرە

یان بکوژە، یان بکوژ پاشێ هەرە

بەم شێوەیە شانۆنامەکە بە کۆتا دێت:

چاڤرەش: بەلێ.. بەلێ.. کوشتن.. ژ غێرێ وێ چو دیتر نینە.. خوەدێ ژی ژ من نا پرست.. چونکی ل سەر نامووسێ یە.. (هەمان دبەزتە، رم نانی، دئنت دانتە ل سەر سینگێ کوڕی خوە)

چاڤرەش: هان بۆ تە ! دەریا نامووسێ ئەی جانا وەرێ نامووسێ!

مەمۆ: ئاه.. دادێ..

غەزال: (هەمان هشیار دبت، رمێ د سینگێ مەمۆ دبینت، دبێژتە خەسیا، خوە) وای تە چاڤێ خوە کۆر کر (ل ناڤ سەرێ خوە ددت).

غەزال و چاڤرەش: (هەردو دگەل یەك ب ئاهەنگ)

هەرێ مەمۆ، مەمێ ئەباسی، ئەباسی

بریندارۆ مەمۆ، دایێ کۆر بت، نەناسی !

بەم شێوەیە ڕووبەری کارە ئەدەبییەکان فرەوانتر بوو، و ڕەگەکانیان بەرەو قووڵایی هەستی مرۆڤی کورد شۆڕبوونەوەو بەپێی ڕەخنەی سرێمەیی و ئەکادیمی هەڵسەنگێنران و چەندین لایەنەکانی ژیانی کوردەواری گرتووتەوە، بۆیە بەپێی لێکدانەوەی پێوەندییەکانی نێوان جۆرەکانی زمانی ئەدەبی و

شـیکردنەوەی بنـەماکانیان ئـەو ئەنجامـە دەگەیـەنێت، کـە ((زمـانی ئـەدەبی لـە ئاستێکی باڵاترەو هەتا ڕادەیەکی زۆریش کۆکراوەی سەرجەم دیالێکتەکانی زمانە، بۆیـە بـەردەوام هەوڵـدەدرێت هەڵکشـانێکی بـاڵا بـە زمـانی قسـەکردن بـدرێت، بـۆ ئــەوەی بــەرەو زمــانی ئــەدەبی بــڕوات)) (قــەرەنی، ٢٠٢١: ٩٧ ـ ٩٨). ئــەم بۆچوونەیش ئـەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنێت، کـە بـەپێی پێشـکەوتنی شارسـتانیەتی کۆمەڵ پێگەی زمانی ئەدەبی موکمتر دەبێـت و ئـەرکی قورسـتر دەبێـت و بازنـەی دەرهاوێشتەکانیشی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرفرەوانتر دەبێت.

لەبارەی زمانی ئەدەبی کوردیشەوە لەم سـەد سـاڵەی ڕابـردوودا ژمارەیـەکی زۆر لـە جۆرەکـانی دیکـەی ئـەدەبی، وەك: ، چـیرۆك، ڕۆمـان، سـیناریۆی فـیلم، گوتاری ئەدەبی...چاپ و بڵاوبوونەوەو پانتـاییێکی گونجـاو خوڵقانـد، کـە ئـەدەبی دەستکرد داهێنانی تێدا بکـات و زمانەکەیشـی لـەڕووی پـەخشـانەوە دەوڵەمەنـدتر بکات.

# بەشی سێیەم
# هەندێ لایەنی سینتاکسی دیالێکتەکانی زمانی کوردی

پێشەکی
**تەوەری یەکەم: هەندێ لایەنی مۆرفۆلۆژی لەزمانی کوردیدا**
جۆرەکانی مۆرفیم ...........
رۆڵی گیرەك لەدروست کردنی ناوی داڕێژراودا .....
رۆڵی گیرەك لەدروست کردنی کاری داڕێژراودا
**تەوەری دووەم: جێناوە کەسییەکان**
جێناوە کەسییەکان لە دیالێکتی (ك. ژ)دا
جێناوە کەسییەکان لە دیالێکتی (ك. ن) دا
ئاکامی کاری لێکۆڵەران لەبارەی جێناوە کەسییەکان لەزمانی کوردیدا
**تەوەری سێیەم: ناوی ڕەگەز ـ جنس لە زمانی کوردیدا**
پۆلێنکردنی ناوی نێرومێ لەزمانی کوردیدا
یاساکانی مۆرفیمی نێرومێ
ئەنجام

## پێشەکی

ئەم بەشە هەمووی بۆ بەراوردکردن و لێکدانەوەی هەندێ لایـەنی سینتاکسـی دیالێکتەکانی زمانی کوردی تەرخان کراوە، پتر جـەخت لەسـەر هـەردوو دیـالێکتی (ک. ژ) و (ک. ن) دەکات، بەتایبەتی لە ڕووی دیـاریکردنی لایەنـە وێکچـوو و خاڵـە هاوبەشەکانیانەوە، هەر وەکو لەو نموونانەدا بەدی دەکرێت، کە کراونەتە تـەوەری شیکردنەوەی نـاوەرۆکی بابەتـەکان. بـەپێی پێویسـت نموونـەش لـە گۆڤـەرەکانی دیکـە وەکـو بەڵگـە هێنراونەتـەوە. هەرچـەندە لایەنـە جیاوازییـەکانیش پشـتگوێ نەخراون. هەوڵ دراوە ئەو دیاردە ڕێزمانییانەی لەئـەنجامی دابـڕان و گەشـەکردنی زماندا، کـە دروسـتبوونە بـەوردی دەستنیشـانیان بکـات و لایەنـە هاوبەشـەکانیان لەسیاقی پێشڤەچـوونی زمانـدا ڕوون بکاتـەوە، بەتایبـەتی گۆڤـەرەکانی هـەر دوو دیالێکتەکە، کە پانتاییە دیموگرافییەکانی زۆرینەی میللەتی کـورد پێـك دێـنن. لـە ناوەڕاسـتی ئـەو پانتاییـە جوگرافییـەدا، گۆڤـەری شـەبەك هەیـە. لەبـەر ئـەوەی باسەکە جەخت لەسەر لایەنی بەراوردی دەکات، بۆیە بایەخ بە پێگەی ئەم گۆڤەرە دەدات، کە سەر بە دیالێکتی گۆرانەو لـە بابـەتێکی تایبەتـدا، لـەڕووی مێـژوویی و زمانی و کۆمەڵاتییەوە وەك بەشێکی سەربەخۆ بڵاوکراوەتەوە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە لەچوارچێوەی ڕێزمانی وەسـفی بەراوردیـدا دەڕوات و هـەردوو ئاسـتی مۆرفۆلـۆژی و سـینتاکس دەگرێتـەوە. سروشـتی ئـەم بەشـە وای پێویست کرد، کە جگە لە پێشەکی بکرێت بە سێ تەوەرەوە:

– تەوەری یەکەم: بۆ لایەنی مۆرفۆلـۆژی تـەرخان کـراوە و مـۆرفیم دەکاتـە کرۆکی تێهەڵکێشکردنی سنوورەکانی هەردوو ئاسـتی ڕێزمـانی، تەنانـەت سـنووری ئاسـتەکانی تـریش دەبـەزێنێ، بەتایبـەتی لـە دروسـتبوونی لێکسـیمدا، هـەر لـەم بەشەدا یاساکانی چوونە پاڵ یەکتری مۆرفیمەکان لەهەردوو دیالێکتدا دەستنیشان دەکات و لە چوارچێوەی وشەدا لێکدەداتەوە، کە لـە ئەنجامـدا فەرهـەنگی زمـانی کوردی پێك دێنن.

– تەوەری دووەم: جێناوە کەسییەکان لەهـەردوو دیالێکتـدا خراونەتـە بـەر لێکۆڵینەوەیـەکی بـەراوردکاری و یاسـا گشـتییەکانی بـەکارهێنانیان دەستنیشـان

کراوە، هەروەها ئەرکیان لە دروست کردنی ڕستەدا دیاریکراوە.

– تەوەری سێیەم: بۆ مۆرفیمی نێرومێ تەرخان کراوە، چونکە یەکە لەو بابەتە گرنگانەی، کە لە هەندێ لایەندا جیاوازی بنچینەیی لەنێوان دیالێکتەکاندا دروست دەکات، بۆیە هەوڵدراوە بەشێوەیەکی ورد شرۆڤە بکرێت و یاسا گشتییەکانی بەکارهێنانیشیان لە حاڵەتە جیاجیاکاندا دەستنیشان بکرێن.

## تەوەری یەکەم: هەندێ لایەنی مۆرفۆلۆژی لەزمانی کوردیدا

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە قالبێکی فراوان و بەپێزی بۆ ژیان و بووژانەوەی خۆی سازکردووە، لە تێهەڵکێشی دوو قالبی ناسراو زمان پەیدا دەبێ، ئەویش(قالبی لکێن ـ Agglutinative) و (قالبی داڕێژ ـ Analytie) پێکهاتووە (حلمی، ١٩٧٥: ١٤٤)، لەپێناو روونکردنەوەی هەندێ لایەنی ئەو تێهەڵکێشییە، ڕێچکەی بەکارهێنانی (مۆرفیم ـMorpheme) لەهەردوو دیالێکتی (ك. ژ)، (ك. ن)دا دەگرینەبەر.

**مۆرفیم چییە؟** مۆرفیم دانەیەکی سەرەکی زمانە. لەڕووی فۆنەتیکی و سیمانتیکەوە لە هیچ فۆرمێکی تر ناچێت (ئەحمەد، ١٩٩٠: ٨٣). هەر بەم پێیەش مۆرفۆلۆژی یاخود وشەسازی ئەو زانستەیە کە لە مۆرفیمی وشە دەکۆڵێتەوە، لەرووی قەوارەو جۆر و مانەیەوە (هەورەمانی، ١٩٧٤: ١٠٩). لێرەدا مەبەست لە مۆرفیمی وشە مۆرفیمەکانی زمانە. بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە ئاستی مۆرفۆلۆژی لەزماندا زانستی فێربوون و فێرکردنی جۆری وشەکانەو گواستنەوەی وشەکان شیدەکاتەوەو دەخاتە بەرچاو کە بە چ جۆرێك قەوارەی وشەکان دەگوێزرێنەوەو چۆن کۆتای وشەکان رێك دەخرێن و، بە چ جۆرێك و بەیارمەتی چی وشەکان دروست دەبن (ئەمین، ١٩٨٦: ١٨). بەپێی بیروڕای رێزمانزانانی کورد لەوانە د.ئاورەحمانی حاجی مارف، دەکرێ وشە لەیەك مۆرفیم پێکهاتبێ، وەك: چاو، لووت، پێ، سەر، ئاش، ئاو ...تاد. هەروەها وشەش هەیە کە لە دوو مۆرفیم یان زیاتر دروست بووە، وەك:

ئاسنگەر = ئاسن + گەر

تێ هەڵسوون = تێ + هەڵ + سوون (مارف، ١٩٧٧: ٢٨)

لەهەمان کاتیشدا، مۆرفیم هەیە لەیەك دەنگ پێك دێ، وەك: (ە) لە وشەی (شەوە)دا؛ (ی) لە وشەی (هەولێری)دا، و (ا) لەوشەی (زانا)...تاد. مۆرفۆلۆژی، بەر لە هەموو شتێك (گەردانی نێوەکان ـ Declension) و (گەردانی کارەکان ـ Conjugation)ی زمان دەگرێتەوە. جا ئەگەر تەماشای زمانی کوردی بکەین، دەبینین هەردوو شێوە گەورەکەی (ك. ژ) و (ك. ن) لەبارەی مۆرفۆلۆژییەوە، هەندێ جیاوازییان لەبەیندا هەیە (نەبەز، ١٩٧٦: ٢٣). بۆ روون کردنەوەی هەندێ لەو جیاوازییانە دەکرێت بەهۆی مۆرفیمی داڕشتن و مۆرفیمە ڕێزمانییەکان دیاری بکرێن و، چەند پۆلە فۆرمێکی زمانی کوردی بەهەردوو دیالێکتەوە جیابکرێن و لایەنە وێکچووەکانیش دەستنیشان بکرێن. لێرەدا دەمانەوێ وشەکانی زمانی کوردی لەرووی (مۆرفیمی بەند)ەوە وەربگرین، چونکە تەنها لەئاستی مۆرفۆلۆژییەوە لێی دەکۆڵرێتەوەو دەتوانن وشەی نوێ دروست بکەن و بخرێنە نێو فەرهەنگی زمانەوە. بەپێچەوانەی مۆرفیمی ڕێزمانی کە ئاستی مۆرفۆلۆژی دەبەزێنن و وەکو مۆرفۆسینتاکس لەئاستی ڕستەسازیدا شرۆڤەدەکرێن[1]. ئەمە لەلایەك و، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی بابەتەکەمان بەراوردکارییە، بۆیە جەختکردن لەسەر لایەنێکی دەستنیشانکراو لە بابەتەکە کە لەنێو سنوورێکی دیاریکراودا دیراسەت بکرێت، دەبێتە هۆی وەدەستهێنانی ئەنجامی وردتر و نزیکتر لە کرۆکی مەبەستەکە، بەتایبەتی لە بارەی چۆنیەتی لکاندنی مۆرفیمە بەندەکان بە (رەگ Root-) یان(بنیات ـ Base) یان وشەیەکەوە، بۆیە بەپێی پێکهاتن دەکرێن بەچەند جۆرێکەوە.

## جۆرەکانی مۆرفیم

### مۆرفیمی سەربەخۆ : Free morpheme

مۆرفیمی سەربەخۆ یاخود ئازاد یانیش سەرە، ئەو مۆرفیمەیە کە لە شێوەیەکی سەربەخۆدا دێت و واتاییەکی هۆشەکی دەبەخشێ وەك: (کوڕ، دار،

جوان...تاد.)(ئەحمەد، ١٩٩٠: ٢٧–٢٨). زۆر جاریش لەزانستی زماندا بە (مۆرفیمی ریشەیی Root morpheme) ناودەبرێت بۆ نموونە (ڕەش) لەوشەی (ڕەشایی) بنکەیە (بنیاتە) و مۆرفیمی ریشەییە؛ لەوشەی (چڵکن)دا (چڵك) بچووکترین بنکەیە و مانای سەرەکیی وشەکەی هەڵگرتووە(مارف، ١٩٧٧: ٣٠). مۆرفیمی سەربەخۆ لەزمانی کوردیدا زیاتر وشەی سادە و بنیاتی کار و ئامرازەکان دەگرێتەوەو هەتا رادەیەکی زۆریش هەموو ئەو وشانەی لەزمانەکانی دیکە خوازراون، وەکو: (فەقیر، غوربەت) لەعەرەبییەوەو (رادیۆ، کلیك..) لەئینگلیزییەوە.

٢–٢–٢ مۆرفیمی بەند (Affixes) ئەو مۆرفیمانەن کە بە سەربەخۆیی کارناکەن و واتا نابەخشن وەك (ـ تر)، (ـ ان) و (تێ ـ)...تاد، بۆیە رەگی وشەو وشەی سادە بەیاریدەی (ئەڤیکسەکان ـ Affixes) دەتوانن سەدان وشە دروست بکەن و سەدان مانا و مەبەست دەربڕن. مۆرفیمە ئەڤیکسەکانی زمان بە گشتی لەم پێنج بەشانە پێك دێن :(پێشگر ـ Prefixes، پاشگر ـ Suffixes، ناوگر- Infixes، گۆڕان- Replacives، هێز - Superfixes) (هەورەمانی، ١٩٧٤: ١١١). مۆرفیمی بەند دیسان دەبێت بەچەند پۆلێکەوە:

### ئا– مۆرفیمی رێزمانی

ئەم مۆرفیمانە هۆیەکی هەرە کاریگەرن لە پێکهێنان و دەربڕینی حاڵەتە رێزمانییەکاندا و بەدیارخستنی پەیوەندی نێوان ئەم وشەیە و وشەکانی دیکە لەناو چوارچێوەی ڕستەدا، واتە پێویستییەکی رێزمانی دەیانهێنێتە ئاراوە (ئەحمەد، ١٩٩٠: ٢٨). وەك: مۆرفیمی نێر، مێ، نەناسیاوی، ناسیاوی، کۆ...تاد، بۆ نموونە:

پیاو: پیاوێك– پیاوەکە– پیاوەکان.

پیاوەکە نانی خوارد. (ك. ن)

مێر: مێرەك – ئەوی مێری – ئەوان مێران.

ئەوی مێری نان خوار . (ك. ژ)

پیاو: پیاویگ ـ پیاوەگە ـ پیاوەیل

پیاوەگە نان خوارد (ك. ب/ شێوەزاری کەلهوری)

پیاگ: پیاگێگ ـ پیاگەگە ـ پیاگەیل

پیاگە نان خوارد (ك. ب/ شێوەزاری فەیلی)

**ب- مۆرفیمی داڕشتن:**

لەزمانی کوردیدا بەیارمەتی ئەڤیکسەکان[٢] وشە دروست دەبـن (کوردۆییێـف، ١٩٨٥: ٢٧). یانیش مۆرفیمێك دەچێتە سـەر مـۆرفیمێکی دیکـە بـۆ دروسـتکردنی وشەی نوێ یان گۆڕینی بەشی ئاخاوتنی وشەیەك یـان داتاشـینی وشـەیەکی دیکـە بەواتایەکی جیاواز (ئەحمەد، ١٩٩٠: ٢٨)، وەك: را-، دا -، -ی، - اتی...تاد.

را ———— را + گرتن = راگرتن

دا ———— دا + چوون = داچوون

ی ———— کورد + ی = کوردی

اتی ———— رەش + اتی = رەشاتی

لەبەر گرنگی رۆڵی گیرەکەکان (وەکـو مـۆرفیمێکی بەنـد) لەدروسـت کردنـی وشەدا، پێویستە بزانین گیرەك چییە؟

**گیرەك** :Affixes**:** مۆرفیمێکە کە هەبوونی تەنها بەلکاندنی بە مۆرفیمێك یان چەند مۆرفیمێکی دیکە بەندە، وەکو رەگ یان وشە یـان بنیـات و هـیچ وشـەیەکی مانادار لەزماندا نییە تەنها بەیەك گیرەك پێکهاتبێ. لەزمانی کوردیدا زیاتر دوو لەم پێنج گیرەکانە بەکاردێن کە (پێشگرprefixes-)ەو (پاشـگر ـ suffixe ) و هـەر سـێ گیرەکـی دیکـە کـەمتر بـەکاردێن، بۆیـە لێـرەدا بـاس لـەو دوو گیرەکـە دەکـەین، هەرچـەندە بـەپێی بۆچـوونی هەنـدێ رێزمانزانـان سـێ جـۆرە گـیرەك هەنـە، کـە ئەمانەن (Katamba, 1993: 44):

١- پێشـگر - prefixes: گیرەکێکـە لەپێشـەوەی رەگێـك یـان وشـەیەك یـان بنیاتێك دەلکێت، وەکو: را ، ڤە، دا ...تاد

٢- پاشگر-suffixes : گیرەکێکە بـەکۆتایی رەگێـك (یـان وشـە یـان بنیـات) دەلکێت، وەکو: وان، ەر، گەر....تاد.

٣- نێوگر - Infixes گیرەکێکە دەچێتە نێو رەگەکەی خۆیدا. بەلاَم بەرەنگێکی گشتی ئەو زیادییەی دەچێتە سەر وشەیەکی سادەو دەبێتە هۆی دروست کردنی ناوی دارێژراو بریتییە لە: پێشگر و پاشگر یا هەردوو (پێشگر و پاشگر) پێکەوە (مارف، ١٩٧٩: ١٠٧). لەزمانی کوردیدا ناو بەپێی گیرەکی دارشتنەوە زیاتر پاشگر وەردەگرێت وکار بەپێی گیرەکی دارشتنەوە زیاتر پێشگر وەردەگرێت.

### وشەی دارێژراو

### رۆڵی گیرەك لە دروست كردنی ناوی دارێژراودا :

ناوی دارێژراو، لەزمانی کوردیدا، بەهۆی لکاندنی گیرەکێکی دارشتن بەناوێکی سادەیەوە دروست دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئەو گیرەکانەی یارمەتی دارشتنی ناوێك دەدەن، کە پیشە یان پسپۆری دەگەیەنن:

{باز} ــــــــــ سەرباز، کۆترباز

{بەند} ــــــــــ نالّبەند، کەمەربەند

{ چی} ــــــــــ کەیفچی، قەهوەچی

{دار} ــــــــــ بریندار، تادار

{کەر} ــــــــــ سوالّکەر، راوکەر

{گەر} ــــــــــ ئاسنگەر، زێرنگەر

{ساز} ــــــــــ ددانساز، کلیلساز

{وان} ــــــــــ گاوان، بێریوان

{مەند} ــــــــــ دەولّەمەند، هونەرمەند [٣]

٢- ئەو گیرەکانەی ناوی مەعنەوی دروست دەکەن (مارف، ١٩٧٩: ١١٠):

{- ی} ــــــــــ منداڵی، دەستپاکی

{- ەتی} ــــــــــ پیاوەتی، برایەتی

{- ایەتی} ــــــــــ دۆستایەتی، مرۆڤایەتی

{– ێنی} ـــــــــ کوڕێنی، کچێنی

{– یتی} ـــــــــ کەریتی، گێلیتی

٣– ئەو گیرەکانەی شوێن و جێگە نیشان دەدەن:

{– گا} ـــــــــ یاریگا، فروشگا..

{– گە} ـــــــــ کارگە، ڕێگە ..

{– ستان} ـــــــــ کوردستان، دارستان ..

{– خانە} ـــــــــ چایخانە، مەیخانە ..

{– دان} ـــــــــ گوڵدان، ئاگردان ..

{– لان} ـــــــــ بەردەلان، قامیشەلان ..

{– ەن} ـــــــــ چیمەن، پووشەن ..

{– زار} ـــــــــ گوڵزار، لالەزار ..

{– ەوار} ـــــــــ شوێنەوار، لێڕەوار ..

٤– ئەو گیرەکانەی بۆ بچووک کردنەوەی ناو بەکاردێن:

{– لە} ـــــــــ برالە، مێروولە ..

{– ڵە} ـــــــــ گوزەڵە، دێزەڵە ..

{– وولە} ـــــــــ دانوولە، مێشوولە ..

{– ۆلە} ـــــــــ بەرخۆلە، قشتۆلە ..

{– ۆڵە} ـــــــــ کیژۆڵە، کچۆڵە ... ـــــ ک. ن

{– ۆکە} ـــــــــ بزنۆکە، دەسرۆکە ... ـــــ ک. ن

بزنۆکێ، دەرسۆکێ ... ـــــ ک. ژ گۆڕینی فۆنۆلۆژییە

{– ۆك} ـــــــــ گوندۆك، تیرۆك ..

{– چە} ـــــــــ باخچە، دەریاچە ... ـــــ ک. ن

باخچە، دەریاچە ... ـــــ ک. ژ هەمان ڕێچکە

{– وو} ـــــــــ ڕۆژوو، پووشوو ... ـــــ ک. ن

ڕۆژی، پویشی ... ـــــ ک. ژ گۆڕینی فۆنۆلۆژییە.

{– ۆ} ـــــــــــــ شێرۆ، بەفرۆ ... ـــــ ك. ن

شێرۆ، بەفرۆ .. ـــــــــــ ك. ژ هەمان ڕێچکە

{– یلکە} ـــــــــــــ چاویلکە، جامیلکە ..

{– ۆچکە} ـــــــــــــ منداڵۆچکە، داپیرۆچکە.. ـــــــــ ك. ن

منداڵوشك، داپیرۆشك .. ـــــــــ ك. ژ گۆڕینی فۆنۆلۆژییە.

**ڕۆڵی گیرەك لە دروستکردنی کاری داڕێژراودا:**

کاری داڕێژراو ئەوکارەیە لەئەنجامی کارێکی ساکار و مۆرفیمێك ساز دەبێت کە ئەمانەن:

١– پێشگری ساکار ٢– پێشگری داڕێژراو

٣– پاشگری کار ٤– پێشگر و پاشگر

٥– مۆرفیمی ئازاد و مۆرفیمی بەند (پێشگر و پاشگر)

پێشگر و پاشگری کار لەزمانی کوردیدا کەمن و بەپێی گونجان دەچنە سەرکارە ساکارەکان، واتای نوێ دروست دەکەن (زەنگەنە، ١٩٨٩: ٦).

بەرەنگێکی گشتی لەزمانی کوردیدا، کاری داڕێژراو زیاتر بەیارمەتی پێشگر پێکدێت. بەتایبەتی لە (ك. ژ)دا، وەك:

کرن ـــــ ڤەکرن. خویندن ـــــ ڤەخویندن.

بەڵام لە (ك. ن) دا پاشگریش دەچێتە سەر کارو دەیکات بە کاری داڕێژراو، وەکو:

کردن ـــــ کردنەوە. خوێندن ـــــ خوێندنەوە.

لە (ك. ب)یشدا کاری داڕێژراو زیاتر بە یارمەتی پێشگر پێکدێت، وەکو:

کردن ـــــــــ وازکردن

**دروستکردنی کاری داڕێژراو بەیارمەتی گیرەکی سادە**

{ تیَ –} ———— تێکەوت، تێچوون ..

{هەڵ –} ———— هەڵچوون، هەڵفڕین ..

لە (ك. ژ)دا، گۆڤەری بۆتان دەبێتە (هل ـــ هلچوون، هلدان ...)، بەڵام لە گۆڤـەری بەهدینانیـدا هـەر (هەلچـوون، هەلـدان ...) دەمێنێتـەوە، ئەمـەش زیـاتر دیاردەیەکی فۆنۆلۆژییە.

{را –} ———— راهاتن، راکێشان..

{دا –} ———— داگرتن، داهێنان ..

{رێ –} ———— رێکەوتن، رێخستن ..

{لیَ –} ———— لێکردن، لێچوون ..

{رۆ –} ———— رۆنان، رۆچوون ..

{وەر –} ———— وەرگێڕان، وەرگرتن ..

{پیَ –} ———— پێکەنین، پێکەوتن ..

{لیَ –} ———— لێدان، لێنان ..

{ژیَ –} ———— ژێهاتن، ژێکرن ..(٤)

{ڤە –} ———— ڤەخوێندن، ڤەگرتن..

هەندیَ لە رێزماننووسانی کورد مۆرفیمی (ژێر، لا، دەر، پاش، پێش) لەگەڵ گیرەکەکانیان ڕیزبەند کردووە (ئەحمەد، ١٩٩٠: ١٠٢) بۆ دروست کردنی وشەیەکی داڕێژراوی نویَ. ئەمەش لەرووی زانستییەوە دوو جار هەڵەیە:

أ– مۆرفیمەکانی (ژێر، لا، سەر، دەر، پێش، پاش) وشەن و واتا دەبەخشن و ڕۆڵی ئاوەڵکار دەبینن، وەکو:

– ئەم دەفتەرە لەسەر مێز دابنیَ. (ئاوەڵکار)

ب– کاتیَ بە رەگی کارەوە (یان چاوگ) دەلکێنرێن، کـاری لێکـدراو دروسـت دەکەن نەك کاری داڕێژراو، وەك:

{پاش –} ———— پاشکەوتن

{پێش –} ———— پێشکەوتن..

{ژێر –} ——— ژێرخستن ..
{لا –} ——— لا بردن..
{دەر –} ——— دەرهێنان ..
{سەر –} ——— سەرکەوتن ..

ئەمەش شتێکی سەلمێنراوە کە کاری لێکدراو لەکارێکی ساکاری یاریدەدەر و مۆرفیمێکی ئازاد یا زیاتر ساز دەبێت و وەکو کارێکی ساکار لە ڕستەدا بەکاردێت و واتاکەی لەواتای بەشەکانی دوور ناکەوێتەوە (زەنگنە، ١٩٨٩: ١٤).

### دروستکردنی کاری داڕێژراو بەیارمەتی گیرەکی نسادە:

گیرەکی ناسادە لەئەنجامی تێکەڵبوونی دوو گیرەکی سادە دروست دەبن و وەکو پێشگر بە رەکی کار (یان چاوگ)ەوە دەلکێنرێن و کاری داڕێژراو دروست دەکەن، وەك:

پێ + دا ——— {پێدا –} ——— پێداچوون ..
پێ + وە ——— {پێوە –} ——— پێوەدان ..
تێ + دا ——— {تێدا –} ——— تێداچوون ..
تێ + وە ——— {تێوە –} ——— تێوەگلان، تێڤەبرن ..
تێ + ڕا ——— {تێڕا –} ——— تێڕاکردن ..
پێ + ڕا ——— {پێڕا –} ——— پێڕاهاتن ..
پێ + ك ——— {پێك –} ——— پێکهاتن ..
تێ + ك ——— {تێك –} ——— تێکچوون ..
ڕێ + ك ——— {ڕێك –} ——— ڕێکخستن ..

ئەمەو ژمارەیەك لە پێشگر و پاشگر لەزمانی کوردیدا هەن. ژمارەکی بێ سنووریش لە وشەکان دروست دەکەن. ئەو جیاوازیانەی لەنێوان دروست بوونی وشە لە هەردوو دیالێکتی (ك. ژ) و (ك. ن)دا هەن، زیاتر فۆنۆلۆژین بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١- جێگۆڕکێ دەنگەکان**، وەك:

{ڤە –} ــــــــ هاتەڤە (ك. ژ)

{– ەوە} ــــــــ هاتەوە (ك. ن)

**٢-گۆڕینی دەنگ**، وەك:

{ڤێك –} ــــــــ ڤێك کەفتن (ك. ژ) گوڤەری بەهدینان

{وێك –} ــــــــ وێك کەوتن (ك. ن) گۆڕینی فۆنۆلۆژییە

{پێك –} ــــــــ پێك کەوتن (ك. ن)

{پێڤا–} ــــــــ پێڤا ئالاندن (ك. ژ) گۆڤەری بۆتان

پێڤە ئالاندن (ك. ژ) گۆڤەری بەهدینان

{پێوە –} ــــــــ پێوە ئالاندن (ك. ن)

**٣-کرتاندنی دەنگ**، وەك:

{تێ –} ــــــــ تێکرن (ك. ژ)

{تێ –} ــــــــ تێکردن (ك. ن)

{هەڵ –} ــــــــ هەڵکردن (ك. ن)

{هل –} ــــــــ هلکرن (ك. ژ)

جگە لە جیاوازییە فۆنۆلۆژییەکان هەندێ جیاوازی کەم لە چۆنیەتی لکاندنی گیرەك بە وشەوە لەنێوان هەردوو دیالێکتدا بەدی دەکرێت: گیرەکی (ڤە) وەکو پێشگر بەچاوگەوە دەلکێت و مانای دەگۆڕێت، وەك:

{ڤە –} خویندن ــــــ ڤەخویندن

{ڤە –} کوشتن ــــــ ڤەکوشتن (ك. ژ)

بەڵام لە (ك. ن)دا وەکو گیرەکی پاشگر بە چاوگە بنجییەکەوە دەلکێت و واتا بنجییەکەی دەگۆڕێت بۆ واتایەکی دیکەی (بنجی)، وەك (بڕینەوە). لە ئەم واتایەدا رەگەزی (ەوە) سیمایەکی واتاسازیانە دەهێنێتە کایەوەو دەیکات بە رەگەزێکی سەربار لەکردەوەی بڕینەکەدا (بابان، ٢٠٠١: ٦٤–٦٥). زۆر جاریش ئەم چاوگانە بێ زیادی پاشگر یا پێشگر واتا نابەخشن: وەك:

کولانەوە

چووزانەوە

حەسانەوە

لەم نموونانـەوە دەردەکـەوێت ئـەم جـۆرە چـاوگە، تێپـەڕو تێنەپـەڕی هەیـە (ئەمین، ١٩٨٦: ٢٧٧). هەر لەم رووەوە دەکرێ بوترێ کە چاوگە ناوێزەکانی کـە بە پاشگری (ەوە)ن وەك (خولانەوە، پلیشانەوە...) هەموویان نیشانەکەیان پێش پاشگرەکە بە (ان) کۆتاییان هاتووە، بەڵام بەبێ (ەوە) بێ واتان و لەگەردانکردندا راناوە لکاوەکان شـوێنی (ان) نیشـانە دەگرنـەوە، ئەمـە ئـەوە دەچەسـپێنێت کـە رۆژێك لەرۆژان لە کۆندا بەبێ پاشگری (ەوە) واتایان هەبووە، نموونـە: خولانـەوە، کولانـەوە، سـووڕانەوە. دەبنـە: خولامـەوە، کولایـەوە، سووڕاینەوە...(شـوانی، ١٩٩٨: ٦٧–٦٨). لەئەنجامـدا دەتـوانین بڵـێین نزیکبوونەوەیـەك هەیـە لـەنێوان لکاندنی گیرەکی (ڤە) وەکو پێشگر بەچاوگەوەو، لکانـدنی گیرەکـی (ەوە) وەکـو پاشگر بەچاوگەوە کە هەردوویان زۆرجـار واتـا دەگۆڕن و وشـەی نـوێش دروسـت دەکەن.

## وشەی لێکدراو

لەبەر رۆشنایی لێکدانەوەی زۆربەی ئەو وشە لێکدراوانـەی لـەزمانی کوردیـدا هەن، وشەی لێکدراو دابەش دەکرێتە سەر دوو گرووپ:

**یەکـەمیان:** وشـەی لێکـدراوی کـاری و **دووەمیـان:** وشـەی لێکـدراوی نـاوی (موکریانی، ١٩٨٦: ٤٣). وشەی لێکدراو لەزمانی کوردیدا زیاتر لەمانەی خـوارەوە پێك دێ:

١– دوو ناوی سادە، وەك:

شاهەنگ، مارماسی، شەڤچرا ...

٢– دوو نـاوی سـادە بەیارمـەتی گیرەکـەکانی (ە)، (و)، (بـە–ب) ئـەوەی شـایانی باسـە کەرتـەکانی وشـەی لێکـدراو دوو شـوێن یـان زیـاتر دەگرێـت، شوێنەکانیش لەگرنگیدا وەك یەك نـین، گرنگـی شـوێنی یەکـەم لـە شـوێنی دووەم

زیاتره. هەر بۆیە ئەو وشانەی شوێنی یەکەم دەگرن بەواتاو گرنگن (بەگیخانی، ١٩٩٦: ١١).

مانگە شەو ـــــــــــ ك. ن

هەیڤە شەڤ ـــــــــــ ك. ژ هەمان ڕێچکە

دەنگوباس ـــــــــــ ك. ن

دەستوپێ ـــــــــــ ك. ژ هەمان فۆرم و هەمان ڕێچکە

کاربەدەست ـــــــــــ ك. ن

کاربدەست ـــــــــــ ك. ژ هەمان ڕێچکە، جگە لەگۆڕینی دەنگی (ە) بەبزرۆکەی(i).

٣- ناوێکی سادەو ئاوەڵناوێك، بەیارمەتی گیرەکی (ە) (مارف، ١٩٧٩: ١٣٤).

مێرگە سوور ـــــــــــ ك. ن

مێرگە سۆر ـــــــــــ ك. ژ هەمان ڕێچکە، جگە لە گۆڕینی دەنگی (ۆ) و (وو).

٤- ئاوەڵناوێك و ناوێك، وەك:

ڕەشماڵ ـــــــــــ ك. ن

ڕەشمال ـــــــــــ ك. ژ هەمان ڕێچکە جگە لە گۆڕینی دەنگی (ل)و (ڵ).

٥- ئاوەڵناوێك و ناوێکی سادە بەیارمەتیی گیرەکێك، وەك:

ڕەشەبا ـــــــــــ ك. ن

ڕەشەبا ـــــــــــ ك. ن هەمان ڕێچکە

٦- ناوێکی سادە و ڕەگی کار (کوردۆ، ١٩٩٠: ٣٦)، وەك:

پیلان گێڕ ـــــــــــ ك. ن

پیلان گێڕ ـــــــــــ ك. ژ هەمان ڕێچکە

٧- دوو ڕەگی کار بەیارمەتیی گیرەکی (و)، وەك:

هات و چۆ ـــــــــ ك. ن

هات و چۆ ـــــــــ ك. ژ هەمان ڕێچكە

٨- ئاوەڵكارێك و ناوێكی سادە، وەك:

ژێركراس ـــــــ ك. ن

ژێركراس ـــــــ ك. ژ هەمان ڕێچكە

٩- ئاوەڵكارێك و ناوێكی سادە، بەیارمەتیی گیرەكی (ە)، وەك:

پاشەڕۆژ ـــــــ ك. ن

پاشەڕۆژ ـــــــ ك. ژ هەمان ڕێچكە

١٠- دووپات كردنەوەی ناوێك، بەیارمەتیی گیرەكی (ە)، (كوردۆ، ١٩٩٠: ٣٧) وەك:

گڤەگڤ ـــــــ ك. ن

گڤەگڤ ـــــــ ك. ن هەمان ڕێچكە

هەندێ وشەی لێكدراوی ڕێزبوونی كەرتەكانیان بەپێی هەنگاوە، واتە شوێنی یەكەم بۆ ئەو كەرتە دادەنرێت كە هەنگاوێك زووتر ڕوودەدات.

دەنگ و باس

ترس و لەرز (بەگیخانی، ١٩٩٦: ١٢).

هەندێ جاریش لەوشەی لێكدراودا، كورت كردنەوە بەدی دەكرێت، وەك: (دەستاڕ) لە (دەست + هاڕ) كە ڕەگی كاری (هاڕین)ە. هەروەها زۆر ناوی دیكە، وەك:


كانەبی ـــــــ كاك + نەبی

كاوێس ـــــــ كاك + وەیس

مامۆستا ـــــــ مام + وەستا

زۆربەی وشەكانی زمانی كوردی بەڕێگای (لێكدان)، (داڕشتن)ەوە پێكدێن و

دادەڕێـژرێن (شـوانی، ١٩٩٨: ٤٤). لەئـەنجامی بـەراوردکردنی ڕێگاکـانی دروسـت بوونی وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان (وشە بارگرانەکان– بـەپێی بۆچـوونی قـەناتی کـوردۆ (کـوردۆ، ١٩٩٠: ٣٥) دەرکـەوت کـە گـەلێ جـاران لـەناو و ڕەگـی کـار و گیرەکەکانی پێشگر و پاشگر دروست دەبن. ئەمەش نموونەیەکە لەدروست بـوونی وشەی زمانی کوردی بەڕێگای داڕشتن و لێکدانەوە:




**وێنەی ژمارە (١)**

## تەوەری دووەم: جێناوە کەسییەکان

لــە هــەر دوو دیالێکتــە ســەرەکییەکەی زمــانی کوردیــدا (ک. ژ) و (ک. ن)، چەندین جۆرە جێناوی کەسی هەن، هەر جۆرێکیشیان دۆخی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە رێزمانـدا دەیگێـڕن (موکریـانی، ١٩٨٠: ٢٣٤) و جیـاوازی رێزمـانی زیـاتر لـە بەشی مۆرفۆلۆژیدا دەبێ (فەتاح، ١٩٩٠: ١٠٨)، بۆیە جێنـاوە کەسـییەکانیش لـەم رووەوە ـ لەهەردوو دیالێکتدا ـ دەکرێن بە دوو بەشەوە:

١- **جێناوی کەسی جودا.**

٢-**جێناوی کەسی لکاو**[٥].

ئەم بابەتە لە هەردوو دیالێکتدا هێشتا بەتەواوەتی ساغ نەبۆتەوەو بـیروڕای جیاواز هەن. ئەمە لە لایەکەوەو، لـەلایێکی دیکـەوە لەچـەند روویەکـەوە جیـاوازی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی لـەنێوان جێنـاوە کەسـییەکانی هـەردوو دیالێکتـدا بـەدی دەکرێت. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لایەنی بـەراودکاری لـەرووی وێکچـوون و جیاوازی رێزمانییەوە کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵکو ببێتە یەکێ لە ئالۆزترین لایەنی سینتاکســی لــەزمانی کوردیــدا، چــونکە زۆر بــاس و لێکۆڵینــەوە لــەم بــارەوە بڵاوکراونەتـەوە بـە نـاوی رێزمـانی کـوردی و لەراسـتیدا جـەخت لەسـەر یـەکێ لـە دیالێکتەکان دەکەن، تەنانەت هەندێ جاریش هەر لە دۆر گۆڤەرێکی زمانی کوردی دەسووڕێنەوە. سـەرەڕای پشـت گـوێ خسـتنی لایـەنی مۆرفۆسینتاکسـی جێنـاوە کەسییەکان بەتایبەتی لکاوەکان. ئەوەی ئەم بابەتەی زیـاتر لێـڵ کـردووەو تـەم و مژییێکی رێزمانی پەیداکردووە، ئەو مەودایەیە کە لەنێوان بۆچـوونی زمانەوانـەکانی قوتابخانـەی کلاسـیکی و لایـەنگیرانی شـیکردنەوەی نـوێی زمـان و بووەتـە هـۆی نەبوونی یاسـا بنەڕەتییـەکانی بـەکارهاتنی جێنـاوە کەسـییەکان، کـە لەئەنجامـدا پەیدابوونی زمانی یەکگرتووی کوردی دوورتر دەکاتەوە.

لێـرەدا بەپێویسـت دەزانرێـت، چـەند لایـەنێکی جیـاواز لـە نێـوان جێنـاوە کەسییە جـودا و لکاوەکـانی هـەردوو دیـالێکتی (ک. ژ) و (ک. ن) روون بکرێنـەوەو هـەوڵ بـدرێت یاسـا گشـتییەکانی بـەکارهێنانیان لەڕسـتەدا دەستنیشـان بکـرێن و تیشـک بخرێتـە سـەر لایـەنی وێکچـوونیان، بەتایبـەتی لـەرووی جـۆرو ئەرکـەوە.

لەبارەی جۆرەکانییەوە زۆربەی ڕێزمانزانانی کورد لەسەر ئەوە کۆکن[٦] کە دوو کۆمەڵەی جێناوی کەسیی جوداو یەک کۆمەڵەی جێناوی لکاو لە (ک. ژ)دا هەن، بەرامبەر یەک کۆمەڵەی جێناوی کەسیی جوداو دوو کۆمەڵەی جێناوی کەسیی لکاو لە (ک. ن)دا، کە دەتوانین لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەستنیشانیان بکەین:

| کەس | ژمارە | ک. ژ | | | ک. ن | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | جێناوی کەسی جودا | | جێناوی کەسی لکاو | جێناوی کەسی جودا | جێناوی کەسی لکاو | |
| | | کۆمەڵەی ١ | کۆمەڵەی ٢ | | | کۆمەڵەی ١ | کۆمەڵەی ٢ |
| ١ | تاک | ئەز | من | م | من | م | ن |
| ٢ | تاک | تۆ | تە | ی | تۆ | ت | یت |
| ٣ | تاک | ئەو | وی، وێ | Ø، ت، ێت | ئەو | ی | Ø، ات، ێت |
| ١ | کۆ | ئەم | مە | یـ (ن) | ئێمە | مان | ین |
| ٢ | کۆ | هوون | وە | ن | ئێوە | تان | ن |
| ٣ | کۆ | ئەو | ئە (وان) | ن | ئەوان | یان | ن |

**وێنەی ژمارە (٢)**

لەبارەی جیاوازی لەنێوان جێناوە کەسییەکان لەهەر دوو دیالێکتدا، لەرووی مۆرفۆلۆژییەوە کە چۆنیەتی پێکهاتەکانیان دەگرێتەوە، دەبنە دوو بەش:

**ئا– جێناوە جوداکان:** کە بریتین لە مۆرفیمێکی ئازاد و دەتوانن

بەسەربەخۆیی لەڕستەدا دەرکەون، وەك:

ئەز چووم.

ئەز: مۆرفیمی سەربەخۆ، جێناوی کەسی جودا بۆ کەسیی یەکەمی تاکە.

من ڕۆیشتم.

من: مۆرفیمی سەربەخۆ، جێناوی کەسی جودا بۆ کەسی یەکەمی تاك.

**ب- جێناوە لکاوەکان:** نووسەکن Clitic بەوشـەی پـێش خۆیانـەوە دەلکێن، وەك:

هندی بمینین، هەر دێ بینین.

ین: جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بە ڕەگی کارەوە لکاوە.

دەمخوارت.

م: جێناوی کەسی لکاوە، بـۆ کەسـی یەکـەمی تـاك، بەنیشـانەی کـاتی (دە) یەوە لکاوە.

بەڵام لەرووی ڕستەسازییەوە جێناوە کەسییە جوداکان و لکاوەکان دەتوانن چەند ئەرك ببینن (فەتاح، ١٩٨٠: ١٧٠). هەر کۆمەڵە (دەستە)یەکیان بەپێی یاسـا گشـتییەکانەوە لەڕسـتەدا بـەکاردێت. لەبـەر هـەبوونی هەنـدێ جیـاوازی لـەنێوان جێنـاوە کەسـییەکانی هـەردوو دیالێکتـدا، پێویسـتە بـەجیا بـاس بکـرێن و هـەر یەکەیان بەسەربەخۆیی ڕوون بکرێتەوە:

## جێناوە کەسییەکان لە دیالێکتی (ك. ژ) دا

### جێناوی کەسیی جودا:

دوو کۆمەڵە جێناوی کەسی جودا لە (ك. ژ)دا هەن و بەناوی جیاجیا ناونراون (محەمەد، ٢٠٠٠: ١٣). ئەگەر ڕێکەوتن لەسەر ناونانی شتێك نەبێت، دیارە جیاوازی لەسـەر ئـەرك و نـاوەڕۆکی شـتەکەش هەیـە و سـەیرتر ئـەوە کـە ناوەکـانی ئـەم کۆمەڵەیە لە ژمارەیان زیاترن کە خۆیان (٦+٦)ن، وەك:

١- جێناڤێن کەسان یێن کۆماراست و جێناڤێن کەسان یێن کۆما جڤانە.

(کوردۆ، ۱۹۹۰: ۹٤).

۲- جێناڤێن دیمایێد راست و جێناڤێن دێمایێد تەواندی.

(ئامێدی، ۱۹۸۷: ۲۰۵-۲۱٤).

۳- جێناڤێن ئەز، ئەم وجێناڤێن من، مە.

گوهەرزی، ۱۹۹۹: ۷٦-۷۷).

٤- بەرناڤێ کرنا بۆری تێپەڕو بەرناڤێ هەمی کرنێ مایی.

(جگەرخوین، ۱۹٦۱: ۷۱)

٥- پرۆناڤێن دوو کارو پرۆناڤێن سێ کار. (زاخۆیی، ۱۹۹۸: ٦۸-٦۹)

٦- سێتی A وسێتیB راناوی جودا. (ئەمین، ۱۹۸۳: ۲۷٤)

۷- کۆمەڵەی یەکەم و کۆمەڵەی دووەمی جێناوە جوداکان.

(محەمەد، ۲۰۰۰: ۱۳-۱٥)

۸- بەرناڤێن سەرکار و بەرناڤێن سالت . (کرد، ۱۹۹۱: ٥۹)

۹-جێناوی کەسیی جودا دۆخی راستەوخۆ و دۆخی تیان.

(مارف، ۱۹۸٥: ٦۱)، (موکریانی، ۱۹۸۰: ۲۲٦)، (کوردۆییێف، ۱۹۸٤: ۱۳۳)

۱۰- بەرناڤێن بالاو بەرناڤێن بنیاتی. (حلبجە، ۱۹۹۳: ٤)

۱۱- جێناوەکانی دۆخی کاراو جێناوەکانی دۆخی خاوەنی.

(نەبەز، ۱۹۷٦: ۲٤)

۱۲- جێناوە کەسییەکانی دەستەی رێکەوتن و دەستەی خاوەنی.

(سلێڤانەیی، ۲۰۰۱: ٦۰)

ئەمەو چەندین ناوی دیکە، کە یەکگرتنەوەیان لە زاراوەیەکی پێوانەییدا بەپێی رێککەوتنێکی زانستی بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیەو تا ئەنجامدانی ئەو کارەش ئێمە کۆمەڵەی یەکەم و دووەم بەکاردێنین، هەروەکو لەوێنەی ژمارە (۲)دا هاتووە.

## كۆمەڵەی یەكەمی جێناوە جوداكان:

ئــەم كۆمەڵەیــە (ئــەز، تــۆ، ئــەو، ئــەم ، هــوون، ئــەو) بــەپێی یاســا گشتییەكانییەوە خاوەنی كۆمەڵێك خاسیەتن لەبەكارهێنانیاندا:

١– دەبنــە بكــەری[٧] هــەموو دەمــەكانی كــاری تێنەپــەڕی رابــردوو و ئێســتا وداهاتوو بەئەرێ و نەرێ و بەئینشائی و ئیخباریی و بەپرسیارەوە، وەك:

ئەم هاتین/ دهاتین/ دێ هێن (هێین).

ئەزهاتبم/ هاتبام/ نەهاتبم.

٢– دەبنە بكەر لەگەڵ كاری تێپەڕی (ئێستا و داهاتوودا)بۆ نموونە:

ئێستا: ئەز نانی دخۆم.

داهاتوو: ئەز دێ نانی خۆم.

٣– دەبنە بكـەر لەگـەڵ هـەموو ئـەو كارانـەی بـەواتای(بـوون ـ verb to be) بەكاردێن (ئامێدی، ١٩٨٧: ٢٠٦)، كە وەكـو كـارێكی تێنەپـەڕ مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەكرێـت (لیژنــە، ١٩٧٦: ٣٧). بــەواتاییێكی دیكــە دەبنــە بكــەر لەگــەڵ هــەموو جۆرەكــانی كــاری (بــوون) لەهــەموو كاتەكانــداو لەشــێوازی ئــەرێ و نــەرێ و پرسیارەوە (محەمەد، ٢٠٠٠: ١٤)، وەك:

| | |
|---|---|
| ئەز بووم | ئەز نیمە |
| ئەز هەمە | ئەز جوتیارم |

٤– دەبنە جێگری بكەر لە هەموو دەمكاتــەكانی كـاری رابـردوو و رانـەبردوو (ئێستا، داهاتوو)، بەئەرێ و نەرێ و پرسیارەوەو دەبنە سـەرە لـە فرێـزی ناویـدا، وەك:

| | |
|---|---|
| ئەز هاتمە سوتن. | ئەز دێ هێمە سوتن. |
| ئەز دهاتمە سوتن. | ئەز ناهێمە سوتن. |

٥– دەبنە بەركار لەگەڵ رابردووی تێپەڕدا، بۆ نموونە:

وان ئەز خەلات كرم

وان تو خەلات كری

وان ئەو خەلات كر

٦– دەبنە بەركار لەگەڵ كاری (ویستن) و (هەبوون)دا بۆ رابـردوو و ئێســتاو

داهاتوودا[٨]، وەك:

**کاری ویستن– ڤیان:**

**وی ڤیا ئەز بنڤیسم.**

**وی دڤێت ئەز بنڤیسم.**

**وێ دێ ڤێت ئەز بنڤیسم.**


**کاری هەبوون:**

**وی ئەز هەبووم.**

**وی ئەز هەمە.**


**وی دێ ئەز هەبم.**

**٧– ئەم کۆمەڵەیە کە دەبنە بکەر جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارەی بکەرەکە دەبەخشن بەکارەکە، واتە رێککەوتنەکە لەنێوان (بکەرو کار)دا دەبێت، وەك:**




**وێنەی ژمارە (٣)**

٨- ئەم کۆمەڵەیە کە دەبنە بەرکار، جێناوێکی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارەی بەرکارەکە دەبەخشن بەکارەکە کە رابردووی تێپـەڕە. واتـە ڕێککەوتنەکـە لەنێوان (بەرکارو کار)دا دەبێت، و ئەم دیاردەیە لەزانستی زماندا بـە (ئێرگـەتیڤ - Ergative case) ناوزەد دەکرێت[٩]، بۆ نموونە:




**وێنەی ژمارە (٤)**

٩- ئەم کۆمەڵەیە (تاك) دەکەونە دۆخەوە، واتە مۆرفیمی نێرومێ دەچێتە سەر جێناوی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم، وەك:

ئا- لەگەڵ کاری رانەبردووی (ئێستا) تێپەڕو تێنەپەڕ:

ئەزا نامێ دنڤیسم.

ئەزێ نامێ دنڤیسم. ئێستای تێپەر.

ئەزا دهێم.

ئەزێ دهێم. ئێستای تێنەپەڕ.

ب- لەگەڵ کاری بێهێزدا:

ئەزا زیرەکم.

ئەزێ زیرەکم.

ئەوێ زیرەکە.

ئەوا زیرەکە.

بەڵام ئەو ناوانەی کە لەبری ئەم کۆمەڵەیە بەکاردێن، تەنیا کەسی سێیەمی تاك دەکەونە دۆخەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئا- لەگەڵ کاری بێهێزدا، وەك:

ئەوا زیرەکە. ———— چیمەنا زیرەکە.

ئەوێ زیرەکە. ———— ئازادێ زیرەکە.

ب - لەگەڵ کاری تێنەپەڕی رابردووی نزیك، وەك:

ئەوا هاتیە مالا مە. ———— چیمەنا هاتیە مالامە.

ئەوێ هاتیە مالامە. ———— ئازادێ هاتیە مالامە.

پ - لەگەڵ کاری رانەبردووی (ئێستا)دا، وەك:

ئەوا [١٠] نامێ ڤەدخوینیت. ———— چیمەنا نامێ ڤەدخوینیت.

ئەوێ نامێ ڤەدخوینیت. ———— ئازادێ نامێ ڤەدخوینیت.

**کۆمەڵەی دووەمی جێناوە جوداکان:**

کۆمەڵەی دووەمی جێناوە جوداکان لە (ك. ژ) ئەمانەن: {من، تە وی/ وێ،

مه، وه، (ئه) وان} وبه‌پێی ئه‌م یاسا گشتییانه‌وه له‌ڕسته‌دا به‌کاردێن:

١– ده‌بنه بکه‌ر له‌گه‌ڵ هه‌موو کارێکی رابردووی تێپه‌ڕ (محه‌مه‌د، ٢٠٠٠: ١٦) و بۆ هه‌موو ده‌مکاته‌کان به‌ئه‌رێ و نه‌رێ و پرسیاره‌وه (ئامێدی، ١٩٨٧: ٢١٩):

من سه‌ربان مالشتییه.

من سه‌ربان مالشتبوو.

من سه‌ربان دمالشت.

من سه‌ربان مالشت.

٢– ده‌بنه بکه‌ر له‌گه‌ڵ کاری (ویستن ـ Verb to want) بۆ هه‌موو که‌سه‌کان و له‌هه‌موو کاته‌کان (لیژنه، ١٩٧٦: ٣٦) و به‌ئه‌رێنی و نه‌رێنی و پرسیاره‌وه (ئامێدی، ١٩٨٧: ٢١٧)، وه‌ك:

من ڤیا نامه‌کێ بنڤیسم.

من دڤێ–دڤێت نامه‌کێ بنڤیسم.

من دێ ڤێت نامه‌کێ بنڤیسم.

٣– ده‌بنه بکه‌ر له‌گه‌ڵ کاری (هه‌بوون ـ Verb to have) بۆ هه‌موو که‌سه‌کان و له‌هه‌موو ده‌مکاته‌کان (ئه‌حمه‌د، ١٩٩٩: ٢١) به‌ئه‌رێنی و نه‌رێنی و پرسیاره‌وه، وه‌ك:

من ده‌فته‌ره‌ك هه‌بوو.

ته ده‌فته‌ره‌ك هه‌بوو.

وی ده‌فته‌ره‌ك هه‌بوو.

به‌ڵام ئه‌گه‌ر هه‌بوون به‌واتای(کاری بوون ـVerb to be) به‌کاربێت و ده‌بێته‌وه کاری تێنه‌په‌ڕ و کۆمه‌ڵه‌ی یه‌که‌می جێناوه‌کانی بۆ به‌کاردێت له‌هه‌موو ده‌مکاته‌کان و بۆ هه‌موو که‌سه‌کان (لیژنه، ١٩٧٦: ٣٧)، بۆ نموونه:

ئه‌ز هه‌بووم.

ئه‌ز هه‌مه.

ئه‌ز دێ هه‌بم.

٤– ده‌بنه به‌رکار له‌گه‌ڵ کاری رانه‌بردووی تێپه‌ڕ بۆ ئێستاو داهاتوو، وه‌ك:

**ئێستا:**

ئازاد وی دگریت.

ئازاد وێ دگریت.

**داهاتوو:**

ئازاد دێ وی گریت.

ئازاد دێ وێ گریت.

٥– دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆ و لەگەڵ ئامرازەکان دێن (حلبجە، ١٩٩٣: ٤٨). بەواتایەکی دیکە، شوێنی ئەو ناوانە دەگرنەوە کە دوای پریپۆزشن دێن، وەك:

وی چیرۆکەك بۆ من گۆت. ———— گۆڤەری بەهدینانی

من دەفتەرەك ژ تە را ئانی. ———— گۆڤەری بۆتانی

تە پارە بۆ وی هنارتن. ———— گۆڤەری بەهدینانی

٦– دەکرێت جێناوی بێهێز لەجێگەی ئەم کۆمەڵە بێت و جێناوی کەسی دیارنەکرێت (ئامێدی، ١٩٨٧: ٢٤٤). ئەمەش نیشانەی بووژانەوەی زمانی کوردییە، بۆ زیاتر روون کردنەوە سەیری ئەم نموونانە بکە:

سەرداری گۆتە نەسرینێ وەرە.——— سەرداری گۆتە وێ وەرە. ——— سەرداری گۆتێ وەرە. نەوزادی دینارەك ژ دایکا خۆ ستاند.——— نەوزادی دینارەك ژ وێ ستاند. ——— نەوزادی دینارەك ژێ ستاند.

چنارێ بەرەك هاڤێتە زینێ. ——— چنارێ بەرەك هاڤێتە وێ. ——— چنارێ بەرەك هاڤێتێ.

٧– دەبنە) (جێناوی خۆیەتی ـ Possessive pronoun) لەحاڵەتی ئیزافەدا (زاخۆیی، ١٩٩٨: ٧٠)، بۆ نموونە:

من نانێ تە خوار.

تە مەهینا من فرۆت.

مە پەزێن وان چەراندن.

٨– ئەم کۆمەڵەیە دەکەونە دۆخەوەو مۆرفیمی (نێر و مێ)یان دەچێتە سەر

ئەمەش بەپێی زایەندەی (ڕەگەز ـ جنس)ی بەرکارەوە دەبێ بەڵام ئەگەر بەرکار نەگۆترا ئەوە مۆرفیمی نێرومێ بە جێناوی کەسییەوە دەلکێت، وەك:

من نامەکا نڤیسی. ــــــــ منا.... نڤیسی.

من قەلەمەکێ کڕی. ــــــــ منێ ..... کڕی.

بەهەمان شێوەش مۆرفیمی (کۆ)ی بەرکاری ڕستە دەچێتە سەر جێناوەکە ئەگەر بەرکارەکە نەما (نەگۆترا)، وەك:

من قەلەمێن کڕین. ــــــــــــ منێن کڕین

من دوو دەفتەرێن داینەتە. ــــــ منێن داینە تە.

٩- ئەو ناوانەی کە لە بری ئەم کۆمەڵە جێناوە جوداییانە بەکاردێن، دەکەونە دۆخەوە، واتە مۆرفیمی نێرومێ یان دەچێتە سەر، وەك:

وی سێڤ خوار. ــــــ ئازادی سێڤ خوار.

وێ گول چنین. ــــــ شرینێ گول چنین.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر بکەر لە کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە جوداکان بوو، ئەوە بەرکار لەکۆمەڵەی دووەمدا دەبێت، یان بەپێچەوانەوە (محەمەد، ٢٠٠٠: ١٨)، بۆ نموونە:

تە ئەز فێرکرم

من تو فێرکری

هەروەها ئەگەر ڕستەیەکی بکەر دیار، کرایە بکەر نادیار ئەو ڕاناوەی دەوری بەرکاری دەبینێ دەگۆڕێ بەڕاناوی بەرامبەر دەستەکەی دیکە. بەپێچەوانەوەش ئەگەر ڕستەیێکی بکەر نادیار کرایە بکەر دیار ئەو ڕاناوەی دەوری بکەریی بینیووە دەگۆڕێ بەڕاناوی بەرامبەر دەستەکەی\تر، وەك: تو من دبینی. (بکەر دیار)

ئەز دێمە دیتن . (بکەر نادیار)

ئەم دێینە دیتن . (بکەر نادیار)

تو مە دبینی . (بکەر دیار) (ئەمین، ١٩٩٠: ٢٦٠)

بەڵام ئەم پێچەوانەییە تەنیا لەکۆمەڵەی یەکەمدا جێبەجێ دەبێت و، لەگەڵ کۆمەڵەی دووەمدا دەکرێت بکەرو بەرکار لەیەك ڕستەدا بێت و سەر بەهەمان

کۆمەڵەبن، ئەگەر:

ئـا ـ بکـەر لەکۆمەڵـەی دووەم بـوو و لەگـەڵ کـاری رابـردووی تێپـەڕدا بـوو و بەرکاریش ناراستەوخۆ بوو، وەك:

من بۆ تە ڤرێکر.

من بۆ وە ڤرێکر.

من بۆ وان ڤرێکر.

ب ـ لەگـەڵ کـاری(ویسـتن ـ Verb to want) دا، بکـەر و بـەرکار لەکۆمەڵـەی دووەمدا دەبن، لەهەموو دەمکات و بۆ هەموو کەسان و لەحالەتی ئەرینی و نەرینی و پرسیارەوە، وەك:

من ڤیا تە خەلات بکەم.

من دڤێت وان خەلات (ب) کەم.

من دڤێت وە خەلات (ب) کەم.

تە نەڤیا من خەلات (ب) کەی.

**جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی (ك. ژ)دا**

زۆربەی رێزمانەوانانی زمانی کوردی لەو بڕوایەدا بوون، کـە جێنـاوی کەسـیی لکاو لە (ك. ژ)دا نییە(لیژنە، ١٩٧٦: ٤٨). بەشێوەیەکی بنجبڕیـان دەردەبـڕی کـە لـە (ك. ژ)دا، ئـەم جێنـاوە پێـوە نووسـانە بـەکارناهێنرێن (نەبـەز، ١٩٧٦: ٢٦). قەناتی کوردۆ دوو جۆرە جێناوی کەسی جـودا لـە (ك. ژ)دا دیـاریکردووەو دەڵێـت بەهەمان شـێوە لـە (ك. ن)یشـدا دوو کۆمەڵـە جێنـاوی کەسـی جـودا هـەن، بـەڵام کۆمەڵەی دووەم کۆرتکراوەتەوەو بووەنەتە (ـم، ـت، ـی، ـمان، ـتان،ـیـان) و لەجیاتی کۆمەڵەی دووەمـی جێنـاوە کەسـییەکانی (ك. ژ)دا بـەکاردێن (کـوردۆ، ١٩٩٠: ٩٨).

بـەڵام دواتـر لیژنـەی زمـانی کـوردی، بـەپێی لێکۆڵینەوەیـەکی زمانـەوانی بەراوردکاری لەنێوان زارە کوردییەکانـدا (لیژنـە، ١٩٨٣: ٣١٧). دان بـەوە دەنێـت کە لە هەندێ حاڵەتدا جێناوی لکاو لە (ك. ژ)دا هەیـەو لەگـەڵ (ك. ن) جیاوازییـان

نییە، جگە لە حالەتی (هەبوون– تملك) نەبێت. بیروڕای دیکە هەبووە، کە دوو کۆمەڵەی جێناوی لکاو لە (ك. ژ)دا هەیە(بابان، ٢٠٠١: ٣٥). بەڵام تەنیا یەك جیاوازی لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت، ئەویش لەبارەی کەسی سێیەمی تاکە کە بەپێی هێزو دەمکاتی کاری ڕستەکە دەگۆڕێت و، تەنیا لەگەڵ کۆمەڵەی یەکەمدا (ئەز، ئەم..)دێت، وەك:

١– لەگەڵ کاری تێنەپەڕی رابردوودا، بۆ نموونە:

ئەز هاتم. ــــــ م     ئەم هاتین. ــــــ ن (ین)

تو هاتی. ــــــ ی     هوین هاتن. ــــــ ن

ئەو هات. ــــــ ٠     ئەو هاتن. ــــــ ن

٢– لەگەڵ کاری تێپەڕی رانەبردوو (ئێستا و داهاتوو)، بۆ نموونە:

ئەز دێ دەستێ هەژاری گرم. ــــــ م     ئەم دێ دەستێ هەژاری گرین. ــــ ین(ن)

تۆ دێ دەستێ هەژاری گری. ــــــ ی     هوین دێ دەستێ هەژاری گرن. ــــــ ن

ئەو دێ دەستێ هەژاری گریت[11]. ــــــ یت     ئەو دێ دەستێ هەژاری گرن. ــــ ن

٣– لەگەڵ کاری تێنەپەری رانەبردوو (ئێستاو داهاتوو)، بۆ نموونە:

ئەز زوی دنقم. ــــــ م     ئەم زوی دنقین. ــــــ ین (ن)

تۆ زوی دنقی. ــــــ ی     هوین زوی دنقن. ــــــ ن

ئەو زوی دنقیت.[12] ــــــ یت     ئەو زوی دنقن. ــــ ن     (بابان، ٢٠٠١: ٣٥–٣٦)

بۆچوونی ئێمەش لەبارەی جێناوە کەسییە لکاوەکان لە (ك. ژ)دا ئەوەیە، کە یەك کۆمەڵە هەیەو لە وێنەی ژمارە (٢)دا دەستنیشانکراوەو بەناو وکارەوە دەلکێن و ڕێککەوتنەکەش لەڕووی کەسی و ژمارەوە لەگەڵ بکەر یان بەرکار ـ بەپێی جۆری کار و کاتی ڕوودان ـ دەکرێت. بەمەرجێك کە بکەر یان بەرکار سەر بەکۆمەڵەی یەکەمی جێناوی کەسیی جودابن و بەپێی ئەم یاسا گشتییانەوە

بکاردەهێنرێن:

١– جێناوی کەسیی لکاو بەکاری تێپەڕی ڕانەبردوو لەکاتی ئێستاو داهاتوودا دەلکێت و کەس و ژمارەی بکەری ڕستە دیاری دەکات، وەك:

ئەز دێ نامێ نڤیسم

ئەز    نامێ    دنڤیسم

بکەر    بەرکار    کار

[١ ت]    [١ ت]    **یاسای ژمارە (١)**

ئەز / م

ڕێککەوتن لەکەس و ژمارە

لەحالەتی هەبوونی ڕێککەوتن لەکەس و ژمارە، لەنێوان جێناوی کەسیی جوداو جێناوی کەسیی لکاوی ڕستەدا. ناکرێت جێناوی لکاو لابرێت، بەڵام زۆر باوەو حالەتێکی ئاساییە لە (ك. ژ)دا جێناوی کەسیی جودا (بکەر) نەگوترێت، چونکە هەبوونی جێناوی کەسیی جودا زیاتر جەخت کردنە لەسەر دەستنیشان کردنی بکەری ڕستەکە. زۆر جار شتێکی زیادەو تەنانەت لەسەر زاری قسەکەریش قورساتییێکی زمانی پەیدادەکات ئەگەر جێناوی کەسیی جودا بگوترێت، بۆ نموونە.

– چەند ناما بنڤیسم. ڕەوانتر لە ــــــ ئەز چەند ناما بنڤیسم؟

– دێ نامێ نڤیسم و بۆ تە هنێرم. ڕەوانتر لە ــــــ ئەز دێ نامێ نڤیسم و بۆ تە هنێرم.

٢– جێناوی کەسیی لکاو بەکاری ڕابردووی تێپەڕەوە دەلکێت و کەس و ژمارەی بەرکار دیاری دەکات، وەك:

نەوزادی　　تۆ　　گرتی

بکەر　　بەرکار　　کار　　**یاسای ژمارە (٢)**

[٣ ت]　　[٢ ت]　　[٢ ت]

ڕێککەوتن لەکەس و ژمارە

زۆر ئاساییە بوترێت: (نەوزادێ گرتی ژبەر هندێ نەهاتیە ڤە). بۆیە دەکرێت (ئەز، تو، ئەو...) کە بەرکارن لابدرێن و ڕستەکە لەنگ نەبێت، چونکە جێناوی کەسی لکاو (م، ی، ە، ٠، ین...) جێگەی بەرکار دەگرتەوەو واتاکەی تێك ناچێت، وەك:

ئازادی گرت/ گرتی/ گرتم

٠، ی، م　دەبنە بەرکار

٣- جێناوی کەسیی لکاو بەکاری تێنەپەڕەوە بەهەموو دەمکاتییەوە دەلکێت و کەس و ژمارەی بکەری ڕستە دیاری دەکات، وەك:

ئەز　　چووم

بکەر　　کار　　**یاسای ژمارە (٣)**

[٢ ت]　　[٢ ت]

ڕێککەوتن لەکەس و ژمارە

٤- جێناوی کەسی لکاو بەکاری (بوون)ەوە بەهەموو دەمکاتییەوە دەلکێت و کەس و ژمارەی بکەری ڕستە دیار دەکات، وەك:

تۆ بووی

بکەر کار **یاسای ژمارە (٤)**

[٢ ت] [٢ ت]

ڕێککەوتن لەکەس و ژمارە

٥- لەڕستەی بکەر نادیاردا هەمان مامەڵەی کاری تێنەپەڕی لەگەڵدا دەکرێت و جێناوی کەسیی لکاو بەپێی کەس و ژمارە لەبەشی یەکەمی کارە نادیارەکەوە (هات) دەلکێت و، کەس و ژمارەی جێگیری بکەر (کە بەرکاری پێشوو بووە) دیاری دەکات و، بەشی دووەمی کە چاوگە ناگۆڕدرێت و وەکو خۆی دەمێنێتەوە، وەکو:

ئەز هاتم کوشتن

جێگری بکەر کار **یاسای ژمارە (٥)**

[١ ت] [١ ت]

ڕێککەوتن لەکەس و ژمارە

٦- جێناوی کەسی لکاو بەفرێزی کاری ڕستەی ئیسنادییەوە دەلکێت و کەس و ژمارەی بکەرەکە دیاری دەکات[١٣]، بۆ نموونە:

ئەز　　کوردم

بکەر　　فرێزی کاری　　**یاسای ژمارە (٦)**

[١ ت]　　[١ ت]

ڕێککەوتن لەکەس و ژمارە

٧- بەکاری داخوازییەوە دەلکێن و ژمارەی کەسیی دووەم دیاری دەکەن. (ـە) بۆ تاك و (ن) بۆ کۆ. بۆ نموونە:

تۆ　　بنڤیسە

بکەر　　فرێزی کاری　　**یاسای ژمارە (٧)**

[٢ ت]　　[٢ ت]

ڕێککەوتن لەکەس و ژمارە

## جێناوه کەسییەکان له دیالێکتی (ك. ن) دا

### جێناوه کەسییه جودایەکان:

له (ك. ن)دا یەك دەسته جێناوی کەسیی جودا هەیه پێوەندی بەدۆخەوه نییه(مارف، ١٩٨٧: ٨٧) و بەپێی یاسا گشتییەکانەوه لەڕستەدا بەکاردێن(ئەمین، ١٩٨٦: ٨٧-٩٠):

١- دەبنه بکەر لەهەموو دەمکاتی کاری تێپەڕو تێنەپەڕی سادەو ناسادەی ئیخباری و ئینشائی، هەروەها کاری ئەمری تێپەڕو تێنەپەڕی سادەو ناسادە لەشێوازی ئەرێ و نەرێدا، هەمیشه دەکەونه بەشی نیهادی ڕستەکەوه، وەك:

من دانیشتم

ئێمه دزەکەمان گرت. یاسای ژ (١)

٢- دەبنه جێگری بکەری هەموو دەمەکانی کاری رابردوو و رانەبردووی کارا نادیاری ساده و نادیاری سادە و ناسادەی ئیخباری و ئینشائی لەشێوازی ئەرێ و نەرێدا و هەمیشه دەکەونه بەشی نیهادی ڕستەکەوه، وەك:

من شڵەژێنرام.

ئێمه هەڵدەسەنگێنرێین. یاسای ژ (٢)

٣- دەبنه بەرکاری ڕاستەوخۆی هەموو دەمەکانی کاری رابردوو و رانەبردووی تێپەڕی بکەر دیاری سادەو ناسادەی ئیخباری و ئینشائی لەشێوازی ئەرێ و نەرێدا، هەروها ئەمری تێپەڕی سادەو ناسادەو هەمیشه دەکەونه بەشی گوزارەوه، وەك:

پیرێتییەکه منی پەك خست.

ڕەنگه من تۆ ببینم. یاسای ژ (٣)

٤- دەبنه بەرکاری ناڕاستەوخۆی هەموو دەمەکانی کاری رابردوو و رانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕی بکەر[١٤] دیارو نادیاری سادەو ناسادەی ئیخباری و ئینشائی لەشێوازی ئەرێ و نەرێدا، هەروەها ئەمری تێپەڕ و تێنەپەری سادەو ناسادە لەشێوازی ئەرێ و نەرێدا و هەمیشه دەکەونه بەشی گوزارەوه، وەك:

کاکم نەمامەکەی بۆ من ناشت.

ئێمە هاتووینە کن ئێوە. یاسای ژ (٤)

٥- دەبنە تەواوکەری[١٥]:

ئا ـ بکەر، وەك:

باخەوانەکەی من وەردەکەی کێلا. یاسای ژ (٥)

ب ـ جێگری بکەر، وەك:

کاکۆڵەکەی ئەو هەڵ پاچرا.

پ ـ بەرکاری راستەوخۆ، وەك:

بارام کەوەکەی ئێوەی دۆزییەوە.

ج ـ بەرکاری ناراستەوخۆ، وك:

کرێکارەکە رۆیشت بۆ کارگەکەی تۆ.

چ ـ گوزاری ناتەواو، وەك:

گۆڤارەکەی تۆ بەمنە.

**جێناوە کەسییە لکاوەکان:**

زۆربەی ئەو نووسەرانەی دەربارەی جێناوی کەسیی لکاو لەدیالێکتی (ك. ن)دا دواون، ئەگەرچی تا رادەیەك لەسەر ئەوە هاودەنگن کە دوو دەستە جێناوی لکاو لەو دیالێکتەدا هەیە، بەڵام لەدیاری کردنی هەندێ جێناودا جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە. جێناوی لکاو لەرووی هێزەوە دوو جۆرە:

١- جۆری بەهێز (م، ب، ی، مان، تان، یان) کە لەرابردووی تێپەڕدا بەکاردێن، وەك: ناردم، ناردت....تاد.

٢- جۆری بێ هێز (م، ی، ٠، ین، ن، ن) کە لەرابردووی تێنەپەڕدا دەردەکەون و بەدوا رانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕدا دێن، وەك:

- نووستم، نووستی، نووست...

- دەنێرم، دەنێری (یت)، و دەنێرێ (ێت) (مارف، ١٩٨٧: ١٠٤)


هەروەها راناوە لکاوەکان دەبنە بکەری نادیارو بەرکاری یەکسەرو بەرکاری

نایەکسەر بەپێی پێویست لەناو ڕستەی شوێن کەوتووی دیارخەری بێ ئامرازدا (ئیبراهیم، ١٩٨٦: ١٢٨–١٢٩)، بەڵام هەندێ ڕێزمانزانانی کورد ئەم جێناوە لکاوانە بۆ مەبەستی شیکردنەوە دەکەنە سێ جۆر، چونکە بە بیروڕای ئەوان جۆرو کاتی فرمان دەور دەگێڕن لەهەڵبژاردنی جێناوی لکاو (ئەمین، ١٩٨٦: ٨)، کە لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە:

| ژمارە | کەس | جودا | لکاو | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ١ | ٢ | ٣ |
| تاك | ١ | من | م | م | م |
| | ٢ | تۆ | ت | یت | یت |
| | ٣ | ئەو | ی | – | ات/ ێت |
| کۆ | ١ | ئێمە | مان | ین | ین |
| | ٢ | ئێوە | تان | ن | ن |
| | ٣ | ئەوان | یان | ن | ن |


**وێنەی ژمارە (٥)**

هەرچەندە جیاوازی نێوان کۆمەڵی (٢) و (٣) تەنیا لەکەسی سێیەمی تاکدایە. بەڵام چۆنییەتی دەرکەوتنی جێناوی لکاو لەگەڵ کاردا بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لەم وێنەیەدا ڕوون دەکرێتەوە:





**وێنەی ژمارە (٦)**


کەواتە ئەگەر کارەکە لەرابردووی تێپەڕدا بوو کۆمەڵی یەکەم وەردەگرێ:




بەڵام ئەگەر فرمانەکە لەرابردووی تێنەپەڕدا بوو، بۆ دەربڕینی رێکەوتن لەگەڵ بکەرا کۆمەڵی دووەم وەردەگرێ:




ئەگەر کارەکە لەکاتی داهاتوودا بوو. چ تێپەڕ بێ چ تێنەپەڕ بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لەگەڵ بکەرا کۆمەڵی سێیەمی لەگەڵدا دەردەکەوێ.




بۆ هەڵبژاردنی ڕاناوی لکاو بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن، یەکەم سەیری وێنەی ژمارە (٦) دەکەین، بەپێی کات و جۆری کارەکە کۆمەڵەکە دەستنیشان دەکەین، ئینجا بەپێی کەس و ژمارەی بکەرەکە، بەیارمەتی وێنەی ژمارە (٥) جێناوە لکاوەکە دەدۆزینەوە (ئەمین، ١٩٨٦: ١١).

## ئاکامی کاری لێکۆڵەران لەبارەی جێناوە کەسییەکان لەزمانی کوردیدا

بیروڕای جیاواز لەبارەی جۆرو ژمارەی جێناوە کەسییەکان لەزمانی کوردیدا ئەوەندە زۆر بووە[١٦]، کە بووەتە بابەتێکی گومان لێکراوو، لەهەمان کاتیشدا، کارێکی وا ئاسان نەبێت لێکۆڵینەوەیەك بتوانێ سەرجەم ئەنجامەکانیان بەخۆوە بگرێت. بەتایبەتی ئەگەر ئەو لێکۆڵینەوە میتۆدی بەراوردکاری لەنێوان

دیالێکتەکان پەیڕەو بکات، بۆیە، لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر ئەو بیروڕایانە دەکەین کە خاڵە هاوبەشەکانی یەکگرتوویی زمانی کوردی لەبەرچاو دەگرن و هەوڵدەدەن بسەلمێنن کە جێناوە کەسییەکانی زمانی کوردی لەسەرەتادا یەك ڤەرێـژیان هەبووە، بەڵام بەپێی هۆکارەکانی دابڕان و گەشەکردن، جیاوازی ڕێزمانی پەیدابووەو بەتایبەتی لە ئاستی سینتاکسدا، وەك گۆڕان لەڕێکەوتنی بکەرو کاردا. بۆ نموونە ئەو کۆمەڵە جێناوە لکاوەی بۆ خۆیەتی بەکاردێن و لەگەڵ تاڤ رابردووی تێپەڕدا دەڕۆن نەك گەشەی نوێن، بەڵکو خوشیان لەڕستەدا دەخلیسکێن و بەپێچەوانەی کۆمەڵە جێناوە لکاوەکەی ترەوە نەك هەر بەتەنیا بەکۆتایی کارەوە دەلکێن، بەڵکو لەڕستەدا هەولی پێشەوە دەدەن و بەناو و ئاوەڵکارو ئامرازو ئاوەڵناویشەوە دەلکێن. بۆ نموونە، با لەشوێنی جێناوەکە لەم ڕستانەی خوارەوەدا وردبینەوە:

(١) زۆرم خوارد.

(٢) نانەکەم خوارد.

(٣) پیاوە شێتەکەم دی.

(٤) خواردم و هاتمە دەرەوە.

(٥) پێم وت.

(٦) کێیە؟ منم.

دیسانەوە لەکوردی ئەمڕۆدا ڕێکەوتنی بکەرو کاریش گۆڕانێکی تێکەوتووە. بۆ نموونە، لەکوردی پێشتردا ناوی کۆ بەدوای ژمارەدا (لەیەك زیاتر) دێ و کارەکەش دەکات بە کۆ:

سەد کەسان مردن.

لەکوردی ئێستەدا ناوی دوای ژمارەو کارەکەش بەتاکی دەمێنێتەوە:

سەد کەس مرد. (فەتاح، ١٩٩٠: ١٢٢)

ئەمە لە (ك. ن)ی ئێستادا، بەڵام لە (ك. ژ) ناوی ژمێردراو بووە بە تاك و کارەکەش هەر بەشێوەی کۆ ماوەتەوە، وەك:

سەد کەس مردن (مرن).

گۆڕانکاری لە (ك. ژ) کەمتر روویداوە، ئەگەر بۆ سەلماندنی ئەم بیروڕایە، بۆچوونی قەناتی کوردۆ وەك گریمانەیەك وەرگرین، ئەوە هەنگاونان لەخاڵە سەرەتاییەکانی جۆرو ژمارەی جێناوە کەسییەکانی زمانی کوردی دەست پێ دەکات و ڕێگا لەبەردەم دیراسەت کردنی لایەنێکی ئالۆزی ڕێزمانی کوردی دەکرێتەوە. کورتەی گریمانەکە ئەمەیە: (فوکر دەکەم کە لەسەردەمی زووی زمانی کوردیدا دوو جۆری بەکارهێنانی جێناوە خۆیەتییەکان هەبووە. ئەو دوو جۆرەش ئەمانە بوونە:

A ـ کرد من// کر من، کرد تە// کر تە، کرد وی// کر وی... و ئەوانی دیکە.

B ـ من کرد// من کر، تە کرد// تەکر، وی کرد// وی کر...

ئەم هەردوو جۆرە د زمانەکەماندا (لەسۆرانی و کرمانجیدا) بەکار دەهێنران. لەبەر سووکی قسەکردن و ئاسانی گۆکردن جۆری (A) کورتکراونەتەوەو جێناوەکانی (من، تە، وی)یش کورت بوونەوە، لەجیاتی (من) گۆتراوە (ـ م)، لەجیاتی (تە) گوتراوە (ـ ت)، لەجیاتی (وی) گوتراو (ـ ی) و بەکارەوە لکێنراون و لەقسەکردندا بەکارهاتوون و بوونەتە کردم (لەکرد من)، کردت (لەکردتە)، کردی (لەکردوی). بەم شێوەیە لەجیاتی (قسە من کرد) بووەتە (قسە+م کرد)، (قسە تە کرد) بووەتە (قسە + ت کر)، (قسە وی کر) بووەتە (قسە +ی کرد). لەکرمانجی ئێستادا و لەکاتی قسەکردندا زۆرجار لەجیاتی (من کتێب نڤیسی) دەڵێن:(کتێب من نڤیسی). لەجیاتی (تە نان خوەر). دەڵێن:(نان تە خوەر). جۆرەکانی قسە من کرد// قسە + م کرد، کتێب من نڤیسی // کتێب +م نڤیسی بوونەتە جۆرێکی ئاسایی لەزاراوەی سۆرانیدا. بەڵام جۆری من قسەکر، من کتێب نڤیسی بوونەتە جۆرێکی ئاسایی لەزاراوەی کرمانجیدا.

بەم شێوەیە جێناوە کورتکراوەکانی ـ م، ـ ت، ـ ی لەسۆرانیدا لەجێناوە خۆیەتییەکانی من، تە، وی پەیدا بوونە[١٧]. هەندێ جۆری تریش لەکۆکردنەوەی

جێناوەکاندا دروست بوونە ـ مان، ـ تان، ـ یان. ئەم جێناوانە لەسۆرانیدا تازە پەیدا بوونە، ئەوان لەجێناوە کورتکراوەکانی –م، –ت، –ی بەزیادکردنی ئامرازی کۆ لەسەر –م، –ت، –ی بۆنەتە –مان، –تان، –یان، هەروەکو خستنەسەری ئەو ئامرازە لەکۆتایی ناوەکانی هەیی و جێناوی کەسیی سێیەمی ژمارەی تاك: ژن – ژنان، مێر – مێران، ئەو – ئەوان (کوردۆییێف، ١٩٨٥: ٩٨–٩٩).

هەر لەم بارەیەوە د. جەمال نەبەز دەڵێت: شێوەی کرمانجی ژووروو لەم خۆماڵەیدا لەزمانە ئێرانییە کۆنەکان دەچێ، ئەمە لەکاتێکدا لە (ك. ن ـ سۆرانی) وەك زمانی فارسیی تازە، تەنیا یەك چەشنە جێناوی بەکار دەبا (نەبەز، ١٩٧٦: ٢٣)، ئەویش ئەمانەن (من، تو، او، ما، شما، انها (یا ایشان)). جا ئێستە ئەگەر بمانەوێ (ك. ن) لە (ك. ژ) نێزیك بکەینەوەو هەر لەو کاتەشدا کوردییەکەشمان لەکوردی کۆنی راستەقینە نێزیك بخەینەوە، پێویستە هەندێك لەم رێزمانەی شێوەی کرمانجیی ژووروو بخەینە نێو زمانە ئەدەبییەکەمانەوە. وەك ئەوەی بەر لەهەموو شتێك جێناوی (ئەز) لەبەشی یەکەم (دۆخی کارایی) و بەلایەنی کەمەوە جێناوی (وی) و (وێ) لەبەشی دووەم (دۆخی خاوەنی) وەربگرین (هەر ئەو ژێدەر: ٢٥). ئەمەش بۆچوونێکی خەمخۆرانەیەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، چونکە:

١– ((یەکێ لە جیاوازییە هەرە دیارەکانی نێوان کرمانجی خواروو و ژووروو، لە ڕاناو و چۆنیەتی دابەشبوون و کارکردنیاندایە)) (ئەمین، ٢٠٠٤: ٢٥)، بەڵام لەڕووی ڕێزمانی بەراوردکارییەوە لە ناوی نێرو مێ کەمترە.

٢– کۆمەڵە جێناوە لکاوەکانی (B,A)ی بەتەنیا لە دیالێکتی (ك. ن)دا نییە، بەڵکو لە دیالێکتی (ك. ب)یشدا هەیە (سەعید، ١٩٩٨: ٤٣) و لە زۆر لایەنەوە لەیەکتر نزیك دەبنەوە، هەر وەکو لەم خشتەیەدا بەدی دەکرێت:

| ژمارە | کەس | ڕاناوی جودا | ڕاناوی لکاو | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | A1 | A2 | B |
| تاک | ١ | من/ مە | م | م | م |
| | ٢ | تن/ تە | یت/ ید | یت/ ید | ت |
| | ٣ | ئەو | Ø | د | ی |
| کۆ | ١ | ئێمە | یمن/ یم | یمن/ یم | مان |
| | ٢ | ئێوە/ ئوە | ین | ین | تان/ دان |
| | ٣ | ئوان/ ئەوان | ن | ن | یان |

ئەم جیاوازییەی سەرەوە، لە بابەتی ڕاناوە کەسییەکانیشدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە دیالێکتی گۆراندا. لەم خشتەیەی خوارەوەدا بەراوردێك لەنێوان ڕاناوە کەسییە نەلکاوەکان (جوداکان) لە شێوەزاری هەورامانی کە سەر بە دیالێکتی گۆرانە(هەورامانی، ١٩٨١: ٢٦٥)، بەرانبەر هەمان ڕاناوەکان لە هەردوو شێوەزاری سۆرانی کە سەر بە دیالێکتی (ك. ن) کرمانجی ناوەڕاستە و شێوەزاری بەهدینانی کە سەر بە دیالێکتی (ك. ژ) کرمانجی ژووروویە دەکرێت:

| | کەسی یەکەم | | کەسی دووەم | | کەسی سێیەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | تاک | کۆ | تاک | کۆ | تاک | کۆ |
| هەورامانی | من، ئەز | | تۆ | شمە | ئاد،ئادە | ئادێ |
| سۆرانی | من | } ئێمە | تۆ | ئێوە | ئەو | ئەوان |
| بەهدینانی | من، ئەز | ئەم | تۆ، تە | هوین، هەوە | ئەو | ئەوان |

لەبارەی ڕاناوە کەسییە لکاوەکانیش لە شێوەزاری هەورامانیدا جیاوازی هەیەو بەپێی دەمی ڕابردوو، ئاخافتن، داهاتوو لەگەڵ کاری تێپەڕو تێنەپەڕدا دەگۆڕێن، بۆ نموونە لەم خشتەیەی خوارەوەدا کە تایبەتە بە کاری تێپەڕی ڕابوردووو ڕاناوە لکاوەکانی:

| تێپەڕی کۆتایی هاتوو بە کۆنسۆنانت | کەسی یەکەم | | کەسی دووەم | | کەسی سێیەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | تاک | کۆ | تاک | کۆ | تاک | کۆ |
| هەورامانی | | ما | | تا | ش | شا |
| سۆرانی | }م | مان | } ت | تان | ی | یان |

بابەتی هەبوونی چەندین جۆری جێناوە لکاوەکان لە زمانی کوردیدا، یەکێ لەبابەتە هەستیارەکانی زمانی کوردییە، بەتایبەتی لەڕووی سینتاکسەوە، کە ڕاستەخۆ پێوەندی بە ناوەڕۆکی ئەم کتێبەوە هەیە.

## تەوەری سێیەم: ناوی جنس لە کوردیدا

ناوی جنس (زایەند) یانیش ناوی نێرو مێ لەرێزمانی کوردیدا، تەنیا ناوی تاك دەگرێتەوە، یەکێکە لەو بابەتە ئالۆزانەی کە هەندێ لایەنی جیاواز تێدا بەدی دەکرێت لەنێوان دیالێکتی (ك. ژ) و (ك. ن)داو بۆوەتە کێشەیەکی رێزمانی لەنێو لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی هەردوو دیالێکتدا(١٨). یانیش وەکو بابەتێکی ناتەواو لەنێو ئەو پەرتووکە رێزمانییەکاندا هاتووە کە تایبەتن بە دیالێکتی (ك. ژ)(١٩). ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵە هۆیێکی سەرەکی کە لێرەدا دەلیڤەی باسکردنیان نییە، بەڵام بەگشتی تێکەولاوکردنێك لەنێوان پۆلێنکردن و دیاریکردنی ئەرکی ناوی نێرو مێ هەبووەو بووەتە کۆسپێك لەرێگای بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی نێرو مێ (أ، ێ—ێ، ی —ێ، ۆ) بەتایبەتی بۆ قسەپێکەرانی دیالێکتەکانی دی، یانیش بۆ ئەوانەی غەیری کوردن و دەیانەوێ بەپێی دەستوورێك ئەم بابەتە فێربن.

## پۆلێنکردنی ناوی نێرو مێ لەزمانی کوردیدا

بەپێی ئەو سەرچاوە رێزمانییانەی کە بۆ ئەم بابەتەمان دەستنیشان کردون، بەکارهێنانی مۆرفیمی نێرو مێ لەرستەدا دەکەنە هۆی ناسینی ناوی نێرومێ. بەواتایەکی تر پۆلێنکردنی ناوی نێرو مێ لەرێگای جۆری مۆرفیمی مێ یان نێر کە پێوە دەلکێنرێت دەستنیشان دەکەن (کوردۆییێف، ١٩٨٥: ٤٣)، بەڵام بەپێچەوانەوە دەبێت یەکەم جار جنسی ناو بزانرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت بەئاسانی لەرستەدا بەکاربهێنرێت چ بۆ ئەوانەی لەرێگای گوێ بیستن دەردەبڕن. یان ئەوانەی یاسایە رێزمانییەکان رەچاو دەکەن. بۆ پۆلێنکردنی جنسی ناو دەتوانین ئەم دوو جۆرە دەستنیشان بکەین: ناوی گیانداران و ناوی بێ گیانان.

### ناوی گیانداران


ناوی گیانداران، کە ناوی مرۆڤ و گیانلەبەران دەگرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ئا— ناوی نێرینە:** ئەو ناوەیە کە لەبنەرەتدا گوزارشت لەزایەندەی (جنس) نێر بکات، وەکو: پیاو، کوڕ، کەلەشێر، گا، باب، بەران...هتد. هەروەها ناوی

تایبەتی مرۆڤ کە دەلالەت لەنێرینەی دەکات وەکو: نەوزاد، شێروان، سمکۆ، ڕەشۆ...هتد. یانیش جنسی نێری گیانلەبەر دەستنیشان دەکات، وەکو: نێرەکەر، نێرەکەو، یەکانەی بەراز...هتد.

**ب– ناوی مێیینە:** ئەو ناوەیە کە لە بنەرەتدا گوزارشت لەزایەندەی مێ دەکات، وەکو: کچ، ژن، بووك، دایك، ماهین، چێل، بزن، مریشك، نارین...هتد، هەروەها هەموو ناوێکی تایبەت کە دەلالەت لە مێیینەی دەکات، وەکو: نازەنین، خانزاد، پەریخان...هتد. یانیش جنسی مێی گیانلەبەر دەستنیشان دەکات، وەکو: ماکەر، مێکەو، دێلەسەگ...هتد.

**پ – ناوی دوو زایەند (ناوی هاوبەش):** ئەو ناوەیە کە بۆ نێرو مێ بەکاردێت و بەپێی مەبەست ڕوون دەکرێتەوە، وەکو: دۆست، قوتابی، یار، هەڤاڵ...هتد. هەروەها ئاوەڵناو، ڕاناوی کەسی جۆدا، ڕاناوی نیشانە، ناوی پیشە بەپێی دەلالەت لەجنسی مێ یان نێر دستنیشان دەکرێت کە لە بەشی دۆخی جنسدا بەدرێژی شی دەکەینەوە. بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ناوی گیانداران لەڕووی جنسەوە سەیری ئەم نەخشەیەی خوارەوە بکە:




**وێنەی ژمارە (٧)**

**ناوی نەگیاندار**

ناوی نەگیاندار (بێ گیان): ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە لەدەرەوەی زایەندەی گیاندارانن (مرۆڤ، گیانلەبەر). بەواتایەکی دیکە گشت ناوە واتایی و مادییەکان (رووەك و بێ گیان) دەگرێتەوە، لە (ك. ن)دا زایەندەی نێرو مێ هەڵناگرێت و بەبێ لایەن ناوزەد دەکرێت، بەپێچەوانەی (ك. ژ) کە ئەمەش ناوی نێرو مێ هەڵدەگرێت، لێرەدا جیاوازی لەپۆلێنکردنی ناو لەرووی جنسەوە لەنێوان هەردوو دیالێکدا پەیدا دەبێت، بۆیە بەپێویست دەزانین بەدرێژی ئەم لایەنە شی بکەینەوە کە تەنیا دیالێکتی (ك. ژ) دەگرێتەوە.

**ناوی بێ گیانی نابینا**

ناوی بێ گیانی نابینا (نەدیتی – ئەبستراکتی): گشتیان (مێ)نە، وەکو:

– چاوگی ناوی، وەکو: برایەتی، دۆستی، دژمنایەتی، مێرانی، جوامێری...هتد.

– چاوگی رووداوی، وەکو: بردن، کوشتن، هێلان، چوون، بڕین، کڕین...هتد.

– ناوی واتایی، وەکو: هەست، بیر، ترس، باوەڕ، حەز، تەندروستی...هتد.

– ناوی کات، وەکو: خولەك، سەعات، رۆژ، مانگ، ساڵ و ناوی وەرزو ناوی مانگەکان، هەفتەو ناوی رۆژەکان...هتد.

– ناوی یەکەکانی کێشان و پێوانە، وەکو: مەتر، گەز، گرێ، نیو، چارێك، کیلۆ، باتمان، عەلبەك، درێژی، کورتی، پانی، گەورەیی...هتد.

**ناوی بێ گیانی ماتیریال**

ناوی بێ گیانی ماتیریال (هەستپێکراو): ناوی کەرستەو شتەکانی دەوروبەرمان دەگرێتەوە کە دەکەونە بەر هەستی مرۆڤ و قەوارەیان هەیە. ئەمانەش دوو جۆرن: نێرو مێ. دەتوانین ئەو شتانەی زۆر لەبەرچاون و بەزۆری لەژیانی رۆژانەدا بەکاردێن لەیەکتر جیابکەینەوەو جنسی ناویان دەستنیشان

بکەین. سەرەتا ئەوانەی وەکو زایەندەی (مێ) دەژمێردرێن و مۆرفیمی (مێ) بەکۆتاییانەوە دەلکێنرێت ئەمانەن:

ئا- هەموو ئەستێرەکانی[٢٠] ئاسمان و شتەکانی دوور لەزەوی، جگە لە (ئاسمان) و (با).

ب- ناوی چەکەکانی شەڕ جگە لە وشەو زارەوکانی شەڕو شمشیر.

پ- هەموو شوێنە نزمەکانی سەر زەوی و ڕێگاوبان و سەرچاوە ئاوییەکان، جگە لە گەلی و گرد و رووبارو چیا و پێکهاتەکانی لە شاخ و شکێرو بەردو زنار...هتد.

ج- هەموو جل و بەرگ لەناوقەدو خوارەوە (مێ)نەو ئەوانی سەرەوە نێرن، جگە لە دەرسۆك. وخشڵی ژنان هەموو (مێ) نە جگە لە گوارە.

چ- ناوی شارو وەڵات جگە لە وشەکانی شار، وەلات، هیشەت، گوند، خانی.

د- هەموو ئامێرەکانی کشتوکاڵی، جگە لە جۆت و هەموو کەل و پەلی نووسین جگە لە قەلەم. و هەموو کەل و پەل و رایەخی ناوماڵ جگە لە تەخت و مافوور.

هـ- هەموو خواردنێك، جگە لە سیياتی (رێچال) و گوشت.

و- هەموو دارەکانی تەڕو سەوزو بەروبوومیان لە میوە جگە لە ترێ.[٢١]. هەروەها گیاو گوڵ و دانەوێڵە، جگە لەوانەی گوڵی دەگرن وەکو: گەنم و جوو و گارس.


ز- لەئەندامانی لەشی مرۆڤ، ئەمانە (مێ)نە: (دفن - لووت، ئەرزێنگ- چەنەکە، پرچ -قژ، ئەنی - ناوچەوان، گەردەن-مل، پشت، جگەر، ریخوولە، مست، گوزەك، تبل-پەنجە، برو، موژدان).

ژ- هەموو ئەو ناوە بیانیانەی هاتوونەتە نێو زمانی کوردیدا، وەکو: رادیۆ، تەلەفۆن، تەلەفزیۆن، ئۆتومبێل، ترێن، کۆمپیوتەر، ئەنتەرنێت، پایسکل...هتد.

بەپێی ریزبەندی جنسی مێی ناوی بێ گیانی ماتیریالی، دەتوانین بەئاسانی جنسی نێری ناوە بێ گیانە ماتیریالییەکانیش دەستنیشان بکەین بەئامادەکردنی لیستێکی هاوچەشنی ناوەمێیەکان کە زۆربەیان بەرەو رۆنان و یەکگرتنەوەی

پێکهاتــەکانیان دەڕۆن بەپێچــەوانە، نــاوە مێیــەکان کــە زۆربــەیان بــەرەو شــی کردنەوەو پارچە کردن و زاوزێ دەڕۆن. لێرەدا دەتـوانین بڵـێین کـە نزیکـەی ٩٩٪ جنسی ناوەکان پۆلێنکراوەو ئەوانەی ماونەتـەوە یـان نـەوازو لـەڕێگای راهاتنـەوە بەدیار دەکەون. یانیش دەکەونە نێو یەکێ لەبەندەکانی سەرەوە.

دوای پۆلێنکردنی ناوەکان بەپێی جنسی مێ و نێـر، ڕێگـا خـۆش دەبێـت بـۆ بــەکارهاتنیان لەڕســتەدا بــەپێی رەچــاوکردنی یاســاکانی ڕێزمــانی تایبــەت بــەم بابەتەوە. بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم پۆلێنکردنە سەیری ئەم نەخشەیە بکە:




## یاساکانی مۆرفیمی نێرومێ

هــەبوونی جنســی نــاو لەهەنــدێك گۆڤــەری دیــالێکتی (ك. ن) داو بــەکارهاتنی مــۆرفیمی نێــرو مــێ بــەپێی یاســایێك لــەدۆخی بانگکردنــدا، ئــەویش بــە لکانــدنی مــۆرفیمی (ــە) بــەکۆتایی نــاوی نێــرەوە (کــوڕ—کــوڕە) و لکانــدنی مــۆرفیمی (ێ)

بەکۆتایی ناوی مێیەوە (کچ–کچێ). تەنانەت ئەگەر مۆرفیمی نێرومێ لەدیالێکتی (ک. ن)دا، بەیەکجاریش نەمابێت، ئەوە ڕێگامان لێ ناگرێ کە بەراوردێك لەنێوانیاندا نەکەین بەتایبەتی لەدۆخی خستنەسەرو ڕاناوەکەسییەکان و بانگکردندا، کە لە (ك. ژ)دا دەبنە بنەمای بەکارهاتنی مۆرفیمی نێرومێ و یاسای ڕێزمانی بۆیان دیاریکراوەو بونەتە بابەتێکی سەرەکی لەزمانی قسەکردن و نووسیندا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١– لەدۆخی خستنە سەردا.

– ێ: بۆ تاکی نێر، وەك:

دەستێ ماندی ل سەر زکێ تێرە.

کوڕێ گەنجۆی سێڤ خوار.

– أ: بۆ تاکی مێ، وەك:

کچا مەمۆی دوو دەفتەر کڕین.

ئەڤە گولا باغێ منە.

٢– لەدۆخی کەسیی سێیەمدا چ بکەر بێت یان بەرکار:

– ی: بۆ تاکی نێر، وەك:

کوڕی قەلەمێ خۆ وندا کر.

من گۆتە کوڕی، نەچە بازاری.

– ێ: بۆ تاکی مێ، وەك:

کچێ قەلەمێ خۆ وندا کر.

من گۆتە کچێ، نەچە بازاری.

٣– لەدۆخی بانگکردندا.

– ۆ: بۆ تاکی نێر، وەك:

کوڕۆ ژ خەو ڕابە.

نێچیرڤانۆ کەوا ب تێژك نەکۆژە.

- ێ: بۆ تاکی مێ. وەك:

نارینێ خۆ کارکە (بکە).

کچێ زوی وەرە.

بەڵام ئەم دۆخە لە (ك. ن)یشدا بەیارمەتی ئامرازی بانگکردن دادەڕێژرێت، کە دەکەوێتە کۆتایی وشەی بانگکراوەکە:(ە) بۆ ڕەگەزی نێر و (ێ) بۆ ڕەگەزی مێ، کە بەشێوەیەکی سەرەکی ناوی گشتین وەك (کوڕ، کچ، خوشك، برا، کاك، ژن، خاڵ، مام):

کوڕە بخوێنە.

کچێ بخوێنە. (موکریانی، ٢٠٠٠: ١٨)

بەڵام لەهەردوو دۆخی خستنەسەرو کەسیی سێیەمدا تەنیا یەك مۆرفیم بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ بەکاردێت ئەویش مۆرفیمی (ی)یە. بەرەنگێکی گشتی ناو لەرووی زایەندەوە لە (ك. ن)دا دەکرێت بەچوار بەشەوە:

ئا- ناوی نێرینە: ئەو ناوەیە کەلەبنەڕەتدا هەر بۆ زایەندی نێر دانرابێت، وەك: کوڕ، پیرەمێرد، سابرین، شێرکۆ...تاد.

ب- ناوی مێیینە: ئەو ناوەیە کە لەبنەڕەتدا هەر بۆ زایەندی مێ دانرابێت، وەك: بزن، مریشك، کچ، چێڵ، ژن...تاد.

پ-ناوی دوولایەن (دوو زایەند): ئەو ناوەیە کە بۆ نێرومێ بەکاردێت، وەك: کەو، وەستا، هاوڕێ، دۆست، دوژمن..تاد.

هەندێ جار ناوی دوولایەن (دووزایەند) لەرێی بەکارهێنانی وشەییێکەوە لەگەڵیدا، بەلایەکدا دەخرێت و زایەندی بۆ دیار دەکرێت وەك:

| ناوی دوولایەن | بۆ نێرینە | بۆ مێیینە | |
|---|---|---|---|
| کەو | نێرەکەو | ماکەو | (لیژنە، ١٩٧٦: ٢٠) |

بەڵام هەندێ جار ناوی دوولایەن بەهۆی وشەیەکی ترەوەش ناکرێت بەلایەکدا بخرێت و زایەندی بۆ دیار ناکرێت وەك:

| ناوی دوولایەن | بۆ نێرینە | بۆ مێیینە |
|---|---|---|
| وەستا | مامۆستا | مامۆستا |

ج- ناوی بێ لایەن (بێ زایەند): ئەو ناوەیە کەلەبنەڕەتدا زایەندی نێرو مێی نییە، وەك: قەلەم، سێو، نووسین، دیوار، کورسی..تاد.

## گرنگی جنس (زایەند) لە زماندا

هەبوونی زایەند لە ژیانداو بەکارهێنانیشی لە زماندا، هاوسەنگییەکی لۆژیکی لە بیرکردنەوەی مرۆڤدا دروست دەکات. ئەم بیرکردنەوەیەش لەسەر بنەمای زایەندی بایۆلۆژی ڕێك دەخرێت. زایەندی بایۆلۆژیش (زایەندی ڕاستەقینە) بەپێی نێر و مێ و نازایەندییەوە پۆلێن دەکرێت و فۆرمی جیاکەرەوەیشیان بۆ دەستنیشان دەکرێت.

بەڵام ئەو ناو و جێناوانەی لە جیهانی دەرەوەن، کە ناگیانداران دەگرێتەوەو بە زایەندی خوازویی یانیش زمانەوانی ناودەبرێن. ئەوانیش بەپێی نێرینەو مێیینەو بێلایەن پۆلێن دەکرێن و تەنیا لە زماندا بەکاردێن و فۆرمی ڕێزمانیشیان بۆ دەستنیشان دەکرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو جیاوازیەی لەنێوان زایەندی بایۆلۆژی و زایەندی زمانەوانیدا هەیە، دەکرێت لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوون بکرێتەوە:

| زایەندی ڕاستەقینە( بایۆلۆژی) | زایەندی زمانەوانی (خوازەیی) |
|---|---|
| نێر (ذکر) | نێرینە (مذکر) |
| مێ (أنثی) | مێیینە (مؤنث) |
| نازایەند (لاجنسي) | بێلایەن (محاید) |

١-لەسەر ئاستی سینتاکسەوە، ڕۆڵی لە ڕێکخستنەوەی مۆرفیمەکانی نێو ڕستەدا هەیە. بەپێی ئەو ڕێکخستنەوەیەیش ئەرکی دەستنیشانکردنی واتای قووڵی هەندێك ناوەکان هەڵدەگرێت:

- زایەندی مرۆڤ و گیانلەبەرو شتەکان ڕاستەوخۆ دەستنیشان دەکات. ئەمە بە پۆلێنکردنی جۆرەکان دادەنرێت، کە سینتاکسی ڕستەی زمانی کوردی ڕێکدەخات.

– تەمومژاوی لە قسەکردندا کەم دەکاتەوەو پرۆسەی لێکتێگەیشتن ئاسانتر دەکات. بەپێی ئاستی پێشکەوتنی جڤاکیش بایەخ بەم پرۆسەیە دەدرێت.

– ڕێچکەیەکی دەستخوەشە بۆ کاری هەندێك پیشەوەران، کە بە ڕەوانی مەبەستەکانیان دەردەبڕن، بە تایبەتی لە کۆمەڵە کشتوکاڵییەکاندا، وەك: ڕەزوان دارەکانی نێو باخچەکەیدا (ڕەز) دەناسێتەوەو لە کاتی کەزاخەو موتربەکردن. ناوو جێناوە زایەندەکان لایەنێکی گرنگن لە فەرهەنگی زمانی پیشەیەکەی. شوان کە پیشەکەی بەخێوکردنی پەزەکەیە. پەزیش دوو جۆرە: ڕەش، کە بەپێی ساڵانی تەمەنیان ناویان هەیەو بەپێی زایەندەوە نێر و مێیان هەیە. ئەوانەی

شوان ئەو ، نەمازە ئەوەی بەرهەمدارن. ئەو ناوانەی داران پـێ نێودێربوونە هەموویان بە زایەندەی مێ دادەنرێن:

سێڤا من.

خۆخا تە

هژیرا وە

جگە لە ترێ، کە بە نێر دادەنرێت، ئەویش کە هێشوو (ویشی) بێت، بەڵام دەنکە ترێ (تلیا تری) مێیە، وەك:

– من یەك تلییا تری خوار.

٢– لەسەر ئاستی سیمانتیکەوە، ئەڤی ویشیێ تری بدە ئاراسی.

ئەم هاوسەنگییەیش لە دوو لایەنەوە زمان دەوڵەمەند دەکات:

لەئەنجامی بەراوردکردنی جنسی ناو لەهەر دوو دیالێکتدا، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە لە (ك. ن)دا جەخت لەسەر جنسی بایۆلۆژی دەکات و لەرووی واتاوە دەستنیشانی دەکات، بەڵام فۆرمی جیاکەرەوەی نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بابەتێکی ڕێزمانی بەناوی جنسی نێرومێ لە (ك. ن)دا بەدی نەکرێت. لە (ك. ژ)دا زیاتر جەخت لەسەر جنسی ڕێزمانی دەکرێت، چونکە هەموو ناوەکان (گیانداران، نەگیانداران) بەپێی جنسەوە (نێرومێ) پۆلێن دەکات و فۆرمی جیاکەرەوە بۆیان دەستینشان دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی

ئالۆزییێکی ڕێزمـانی کـە لـەجیهانی دەرەوەدا جیـاوازی نێـوان نێرومـێ دادەنێـت و پشت بەلایەنی بایۆلۆژی نابەستێت وەکو ڕادەیەکی بنجبڕ بۆ جیاکردنەوەی جنسی ناو. ئەم بابەتەش پێویستی بـە لێکۆڵینـەوەی زیـاتر هەیـەو چـەندی ئـەم هـەردوو لایەنە شی بکرێنەوە، ڕێزمانی کوردی دەوڵەمەنتر دەبێت.

# بەشی چوارەم

## شەبەك
## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی - کۆمەڵایەتی – زمانەوانییە[1]

**پێشەکی**

**شەبەك لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە**

**لە ڕووی ئایین و بیروباوەڕی مەزهەبییەوە**

**جوگرافیای دەڤەری شەبەك – نشین**

## پێشەکی

تــاکو ئێســتا بــیروڕای جۆراوجــۆر لەســەر ئەســڵ و بنچــینەی شــەبەك بڵاوکراونەتەوە(خصــباك، ١٩٧٢: ٤٩٣)، کــە هــەموویان لــە قــەوارەی بۆچــوونی کەسێتیی خۆیان دەرنەچوونەو نەکەوتوونەتە نێو لێکۆڵینەوە زانستییەکان، چ لـە ڕووی مێژووییەوەو چ لە ڕووی دابونەریت و بیروبـاوەڕی ئایینییـەوە یـان لـە ڕووی شێوەزاری زمانەکەیانەوە.

هەندێکیان دەڵێن شـەبەك کـوردن و ڕاپـۆرتی لیژنـەی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان (لجنة عصبة الامم) لەمەڕ کێشەی مووسڵ ئەمـەی پەسـەند کردووەو(زکـی، ١٩٣١: ٣٠) لەوە پێشتریش (هەنری فۆستەر) لەبارەی پرۆسەی خوێندن و فێرکردنەوە لـە عیراقدا نووسیویەتی: "لە کۆتایی ساڵی (١٩١٩)دا قوتابخانەیەکی کوردیی تایبەت بە تایفەی (شەبەك)، نزیك مووسـڵ، هـەبووە"(فوسـتر، ١٩٨٩: ٣٥٥). لـە گونـدی گوکجەلی بووە (الهلالی، ١٩٧٥: ١١٨)، کە ئێستا کەوتووەتە نێو سـنووری شـاری مووسڵ. هێشـتا لەمـەش پێشـتر (مـارك سـایکس) دە پـانزە سـاڵێك پـێش شـەڕی جیهانی یەکەم چەند زانیارییـەکی لـەبارەی هۆزەکـانی کـوردەوە کۆکردووەتـەوەو (شەبەك)یشی بـەهۆزێکی کـورد دانـاوەو لـەنێو زنجـیرە هۆزەکـانی کـورددا ژمـارە (٥)ی بەشی(A) ی پیێ دراوەو دەڵێت: ((شەبەك Shabak- "٥٠٠" خێزانێـك دەبـن. نیشتەجێن))(ماکس، ١٩٩٢: ٢٤) و بەگومانـەوە بـیروڕای خەڵکـەکی تـری دووبـارە کردووەتەوە. جگە لەم سێ بەڵگە بیانییانە، مێژوونووس و لێکۆڵـەرەکانی کـورد[٢] و زۆر لە عەرەبەکان[٣] تایفەی شـەبەك بـە کـورد دادەنـێن، یـان بـە گومانـەوە لـە مەسـەلەکە دەدوێـن[٤]، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ بـیروڕای دیکـەی جیـاواز لەبارەی ئەم بابەتەوە هەیە کە دەڵێن:

- شەبەك، تورکمانن و لە پاشمـاوەی لەشـکری مەغوولـەکانن و لەناوچـەکەدا ماونەتەوە (الشیبی، ١٩٦٧: ٤٨ ـ ٥٥).

- شەبەك، لە ڕەچـەڵەکدا دەگەڕێنـەوە بـۆ نەتـەوەی فـارس و لەبـەر هەنـدێ باروزرووفی تایبەتی لەم دەڤەرەدا نیشتەجێ بوونە (غلامی، ١٩٥٠: ٢٣).

- ڕایەکی جیاوازتر لە هەموویان هەیە کە دەڵێ شـەبەك بـە ڕەگ و ڕەچـەڵەك

دەگەڕێنەوە بۆ چەند نەتەوەیەك (خصباك، ١٩٧٣: ٢١٥ ـ ٢١٦) و سیماو ئەدگاری فرەنەتەوەیی پێوە دیارە.

دوای بەراوردکردنی بیروڕاو بۆچوونەکانی سەرەوە، بیروڕای یەکەم زیاتر لە هەموویان هۆکارە زانستییەکانیان بە دەستەوەیەو هەستی نەتەوایەتی لای خودی تایفەی شەبەکیش ئەم بۆچوونە بەهێزتر دەکات(٥)، بۆیە دەمانەوێ لەم دەرگایەوە بچینە ناو بابەتەکەمانەوە.

### شەبەك لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

شەبەك، کەمایەتییەکی ئایینی، شیعە مەزهەب و کورد نژادەو لە دێرزەمانەوە لە دەوروبەری شاری مووسڵ نیشتەجێ بووە(مینورسکی، ١٦١ ـ ١٦٢). ئەم تایفەیە لە چەند هۆزو تیرە پێکهاتووەو هۆزی باجەڵان لە هەموویان گەورەترەو دانشتووی گوندەکانی نێوان شاری مووسڵ و شارۆچکەی شێخانن و لە دوای ئەوان هۆزی (لەك، زەنگەنە، ڕۆژبەیانی، داودە..) دێن (یحیی، ١٩٧٣: ٣) و هەر یەك لەمانە تیرەیێکی بچووکن لە هۆزە بەناوبانگەکانی کوردستان(زکی، ١٩٦١: ٣٧٨ ـ ٤٠٠ ـ ٤٢٩ ـ ٤٣٠)، ئەمەش تەنیا سیما نەتەوەییەکان نیشان نادات، بەڵکو پێوەندیی خزمایەتی و ڕابیتەی خوێن و یەکبوونی ڕەگەزیش دەسەلمێنێ، بۆیە لە ڕووی دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە هەموویان یەك دەگرنەوە وەکو: ژنهێنان، سەردانی مەزارەکان، مەراسیمی منداڵ لە دایك بوون و سوننەت کردنیان، مردوو شاردنەوەو تەلقین کردنیان، تا دەگاتە بەشداربوون لە ئاهەنگە میللییەکاندا...

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و دەست بە عەرەب کردنی شاری مووسڵ و دەوروبەری (محمد، ١٩٩٨: ٤٣ ـ ٨٣). (شەبەك)یش کەوتوونەتە بەر ئەم شاڵاوە چ لە ڕووی قسەکردن بەزمانی زگماکی خۆیانەوەو چ لە ڕووی جلوبەرگ و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەمەش وای کردووە کە کۆمەڵگەکەیان زیاتر گۆشەگیرو داخراوبێت و دەسەڵاتی ئایینی و دنیایی ئالۆزترو توندتر بمێنێتەوەو لە ناخەوە هەست بەستەمکارییەکی ڕۆحی بکەن، چونکە بەچاوێکی سووك سەیر

دەکرێن، بۆ نموونە، ڕۆشنبیرێکی عەرەبی وەکو (سلیم طه التکریتي) ئەوها باسیان دەکات کە: ((تیرەیەکی هەڵخەڵەتاوی موسڵمانن و دەستکردی دەسکیسی جوولەکەو فارسن، لە وەختێکدا بەدیارکەوتن کە ڕیزەکانی موسڵمانان تێك بدەن و لایەنگیری دوژمنانی تەماعکار بکەن وەکو خاچ پەرستان و داگیرکەرانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات و زایۆنیزم...))(فوستر، ١٩٨٩: ٣٥٥)، بەڵام لە هەمان کاتدا (شەبەك) زۆر بەشارەزایی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ باروزرووفی دەرەوەی کۆمەڵگای خۆیان کردووە.

زۆربەیان لە ئامارو سەرژمێرییە گشتییەکانی دەوڵەتدا خۆیان بە عەرەب نووسیوەو خۆیان لە ئاوارە بوون و ڕاگواستنەوە پاراستووە، بەڵام ئەوانەی بەرگری لە پێناسەی نەتەوەیی خۆیان کردووە تووشی مەینەت و ئازار هاتوون و بەتایبەتی دوای ئەو شاڵاوەی کرایە سەریان پێش (٢٠)ساڵی ڕابردوو و ژمارەیەکی زۆریان ڕاگوێزرانەوە کۆمەڵگای باسرمە لەناوچەی هەریر ـ ی سەر بە پارێزگای هەولێرو کۆمەڵگای باینجان لە تاسلووجەو شۆڕش لە چەمچەماڵ و تەکیە لە ئاغجەلەری سەر بە پارێزگای سلێمانی، بۆیە ناویان لەسەر ژمێرییەکانی ساڵانی (١٩٧٧و١٩٨٧) و دواتر نەماوە (دباغ، ١٩٩٩: ١٣).

### لە ڕووی ئایین و بیروباوەڕی مەزهەبییەوە

شەبەك، کۆمەڵگایەکی ئاوێتەی داخراوەو تاکو ئێستا پەردە لەسەر زۆر لە نهێنییەکانی ئایین و بیروباوەڕیان لانەدراوەو نەکەوتوونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوەی زانستی، بۆیە گەلێك لەو لێکۆڵەرەوانەی کە لەسەر شەبەکیان نووسیوە تووشی هەڵە هاتوونەو زۆر جاریش دوودڵ ماونەتەوە لە یەکلاکردنەوەی بۆچوونەکانیاندا وەکو (غلامی، ١٩٥٠: ٣٢) و (الصراف، ١٩٥٤) و (الشیبی، ١٩٦٧: ٤٨)، چونکە لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینییەوە، جیاوازییەکی تەواو لەنێوان شەبەك و تایفەکانی سارڵی (کاکەیی) و یەزیدی و مەسیحی و تاڕادەیەکی زۆریش لەگەڵ موسڵمانانی دەوروبەری خۆیانیشدا هەیە و بە ڕەنگێکی گشتی خۆیان بە موسڵمان دەزانن و هەردوو مەزهەبی (شیعی، سوننی) لەناویاندا هەیە، بەڵام

زۆربەیان لەسەر مەزهەبی (شیعی)ن و خۆیان بە (عەلەوی ـ باطني) دادەنێن، بەڵام مەرجەعییەتی ئایینییان جیاوازەو لەسەر ڕێچکەی قزڵباشـی و بەکداشـی دەڕۆن و ڕێنماییە ئایینییەکان ڕاستەوخۆ لە ڕابەری گشتی وەردەگرن. لـە بـارەی مەزهـەبی سـوننییەوە لـەنێو شـەبەکدا وەکـو هـەموو ناوچـەکانی تـری کوردسـتان ڕوون و ئاشـکرایە ئـەوەی زیـاتر بـە تـاریکی ماوەتـەوەو پرسـیارە سەرسـووڕمێنەکان بەخۆیـەوە هەڵـدەگرێت مەزهـەبی (شـیعی)یە و بـە دووری نـازانین کـە گـەلێك لـە بزووتنـەوە ئایینییـەکان و تەریقـەتی پێشـکەوتووخواز لەسـەر بنچـینەی ئایینـە کۆنەکانی کوردو بەنیازی ئاسان کردن و ڕێکخستنی ئـایینی ئیسـلامییەوە دروسـت بوونە وەك ئایینی (ئەهلی هـەق) و ئـایینی (شـەبەك)(نەبەز، ١٩٧٦: ١٠٠) و.. تـاد پەڕتووکی پیرۆزی شەبەکان (مەناقبە)(غەفور، ٢٠٠٠: ٢٠٢).

مەڵبەندی مەرجەعییەتی مەزهەبیی شیعەی لای شـەبەك گونـدی (دراوج)ـەـ، کـە بـە عـەرەبی بـووە بـە (دەراویـش) و لەلایـەن (پیر)ـەوە بـەڕێوەدەبرێت کـە دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی خۆی لەسەر سیسـتەمێکی تێکـەڵاو لـە ڕێنماییـەکانی ئابرێشـیاتی مەسـیحی و پەرسـتگای یەزیدییـەکان ڕێکخسـتووە، بـەڵام مـۆرکێکی سـەربەخۆیی پێـوە دیـارە کـە لـە جەوهـەرو ناوەرۆکـدا لـە قـەوارەی ئـایینی ئیسـلامییەوە دەرناچێت. بـەم چەشـنە کۆمـەڵگای شـەبەك لـە ڕووی بیروبـاوەڕی ئایینییەوە لە چوار پلە پێکهاتووە.

١ - پـیر: ڕابـەری گشـتیی تایفەکەیـەو دەسـەڵاتی ئـایینی و دنیـایی بەدەستەوەیەو بۆنە ئاینییەکان بەڕێوە دەبات و جلوبەرگی تایبەتی لەبەر دەکات و دوو جەمـەدانی لەسـەری دەبەسـتێت، یـەکێکیان سـوور یـان ڕەش کـە شۆڕدەبێتەوەو ئەوی تریان کەسك لەسەر ڕەشەکە دەپێچێتەوەو ڕیش بەجێ دێڵێ و حەرامە تراشی بکات.

٢ - سۆفی: لە دوای پلەی (پیر) دێت و دەبێـت لـە هـەموو بۆنـە ئایینییەکانـدا ئامادە ببێت.

٣ - تالیب: لە پلـەی سـێیەمدا دێـت و ئـەویش ئـەو موریدەیـە کـە پـاڵێوراوە بکرێت بە (سۆفی).

٤ - عامی (جامی): هەموو خەڵكی تر دەگرێتەوە، كە هەر یەكێك لەوانە مافی خۆیەتی داوا لە (پیر) بكات تاكو بەرز بكرێتەوە بۆ پلەی (تالیب)، بەڵام دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بكات:

أ– دەبێ خێزاندار بێت و منداڵیشی هەبن.

ب– ڕێنماییە ئایینییەكان پەیڕەو بكات، كە ڕاستەوخۆ لەپیر وەردەگیرێن.

ج– سێ مریشكی ڕەشی بێ نیشان ئامادە بكات بۆ ئاهەنگی وەرگرتنی داواكارییەكەو ئەو ئاهەنگە پێی دەڵێن: (پشت بەستە). كە سرووت و تقووسی تایبەتیی خۆی هەیە.

دوای بەجێ هاتنی ئەم مەرجانە، ئاهەنگی وەرگرتن لە تەكیەی پیرداو سەر لە ئێوارەیەكی درەنگ بەم جۆرەی خوارەوە دەست پێ دەكات:

هەر سێ مریشكە ڕەشە بێ نیشانەكان ئامادە دەكرێن و دەست بەخوێندنەوەی نزاو مەدیحە دەكرێت كە بەشێوەزاری شەبەكی (گۆرانی) و بە زمانی توركیی عوسمانی و دوور نییە ئەوانەی بە زمانی توركی دەگوترێن شیعری ئیسماعیل سەفەوی بن، چونكە شاعیرێكی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووەو نازناوی (خەتائی) بووەو دەڵێن دوازدە هەزار بەیتە شیعری هەبووە، لەلایەن موریدەكانیانەوە دەخوێنرانەوە، ئەوانەی نەزعەی مەزهەبی جەعفەرییان هەیە وەكو بەكتاشی و شەبەك و قزڵباش و..تاد، بەتایبەتی لە ئاهەنگە ئایینییەكاندا(الشیبی، ١٩٦٧: ١٦). ئەو مەناقبەو شیعرو مەدیحە هەموویان لە چوارچێوەی پێداهەڵدان و پەسن و مەدحی یارو یاوەرانی بنەماڵەی پێغەمبەری خۆشەویستن (د.خ) و لەسەر ئاوازو سەلیقەی مەقاماتی شەرقی (ڕەست) دەگوترێن، بەڵام ئەوان بە (لاوك)ی ناودەبەن. لە میانی ئاهەنگەكەدا مەی بەسەر ئامادەبووان دابەش دەكرێت وەكو بۆنە ئایینییەكانی مەسیحی و بەهەمان شێوەو ڕێژەو بۆچوونەوە.

لە كۆتایی ئاهەنگەكەدا– ئەو كاتەی لە خوێندنەوەی مەناقیبی نەبەوی دەبنەوە– پیر هەڵدەستێت و دەچێتە نێو میحرابەوەو ناوی موریدە ئامادەبووەكان یەك یەك بانگ دەكات و یەك لە دوای یەك دێنە بەرامبەری و پیر

پشتێنیان بۆ دەبەستێت و هەر یەکەی پشتێنی بۆ بەسترا خۆی لەبەردەم پیر دەچەمێنێ و ئەویش لەپە دەستێك لە پشتی دەدات و لەو بڕوایەدان کە ئەم شوێن دەستە لە ڕۆژی قیامەتدا سەوز دەبێت و ئیمامی عەلی دەیناسێتەوەو شەفاعەتی بۆ دەکات و دوور نییە لەبەر ئەم مەراسیم و سرووتانە بێت (طقوسي پشت بەستە) زۆر کەس بەتایبەتی ئەو لێکوڵەرو نووسەرانەی لە دوورەوە کەوتوونەتە نێو ئەم بابەتەوە، وا بیر بکەنەوە کە ئایینی شەبەك یان مەزهەبەکەیان– عەلەویی باتنی– لە ئێزیدی و مەسیحییەت و موسڵمانیەتییەکی تێکەڵاو پێکهاتووە.. بۆیە پێویستە بزانین قزڵباش و بەکتاشی چییەو چۆن و کەی پەیدا بووە ؟!

## قزڵباشی و بەکتاشی

١ - قزڵباشی: ئەم تەریقەتە دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی سەفەوی، کە لەکاتی خۆیدا شێخ حەیدەری کوڕی جونەیدی کوڕی ئیبراهیمی سەفەوی (١٤٨٨) سەرپەرشتیی دەکردو هەریەك لە مریدەکانی عەمامەیەکی لەسەر دەناو بەکڵاوێکی درێژی سووری دوازدە کویزییەوە دەئاڵاند وەکو بیرخەرەوەیەك بە ئیمامی عەلی و هەر دوازدە کوڕەکانی، چونکە ڕەنگی دروشمەکەیان سوور بوو، بۆیە ناونراون قزڵباش (وشەیەکی تورکییە بە مانای سەرسوورەکان دێت).

لە دوای چەند ڕووداوێکی گەورەو ترسناك و سەرنەکەوتنی (حەیدەر) و کوڕە گەورەکەی (یارعەلی). کوڕەکەی تری کە ناوی ئیسماعیل بوو (لە دایکبووی ١٤٨٧ز) توانی ساڵی (١٥٠٠ز) ببێتە شاهی ئێران و لە (١٥٠٨)دا دەستی بەسەر عیراق و زۆر ناوچەی تر بگرێت و گەف و گوڕی ڕاستەوخۆ لە دەوڵەتی عوسمانی بکات و لە ساڵی (١٥١٤ز) هەوڵی لەناوبردنی عوسمانییەکانی دا، بەڵام هێزەکەی لەشەڕی چالدێران– نزیك تەوریز– شکاو بزووتنەوە لەشکرییەکانی کزبوونەوە، بۆیە بە ڕێگای تەریقەتی قزڵباشییەوە دەست بە ڕێکخستنەوەی مریدەکانی کردەوەو هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕیان داوەو زۆر جاریش جموجووڵیان گەیشتووەتە ڕادەی داگیرساندنی شۆڕش و بەرپابوونی ڕاپەڕینە خوێناوییەکان.

ئیسماعیل سەفەوی شاعیرێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووەو دوازدە

هــــەزار بەیتــــە شــــیعری هــــەبووەو دیوانەکــــەی لەلایــــەن بەکتاشــــییەکان و قزڵباشـەکانەوە– کـە شـەبەك سـەر بـە ئـەوانن– بـە سـتایش و دەقـە پیرۆزەکـان دەژمێردران و لە بۆنە ئایینییەکاندا دەخوێندرانەوە(الشیبی، ١٩٦٧: ٢٩).

ئیسماعیل سەفەوی، هێشتا زوو لە تەمـەنی گەنجاتیـدا لەسـاڵی (١٥٢٤ز) دا کۆچـی دوایـی کـرد، دوای ئـەوەی کـە تـوانی لـە ڕێگـای تەریقـەتی قزڵباشـییەوە دەوڵـەتێکی بـەهێز دابمـەزرێنێت و تـاکو ئێسـتا موریـدەکانی لـە چـەندین وڵاتـی جیهـانی ئیسـلامیدا مـاون و لـە زۆر سەرچـاوەی مێژووییـدا کوردەکـانی عەلـەوی بەتایبەت ئەوانەی لە ناوچەی دێرسیم دەژین بەهۆزی قزڵباشی ناودەبرێن.

٢ - بەکتاشی: دامەزرێنەری ئەم تەریقەتە (ڕێچکەیە)، حاجی بـەکتاش وەلـی (١٢٤٢ – ١٣٣٧)یە، بۆیە ناوی ڕێبازەکەشی ناونراوە بەکتاشی.

ناوی باوکی ئیبراهیموسانی– یە (ابراهیم الثاني) و دایکیشـی هاتـەم خانمـە. گوایە لەپشتی هەڤدەهەمیـدا دەگاتـە سـەر (عـەلی)ی زاوای پێغەمبـەرو خەلیفـەی چوارەم. لەشاری (نیشاپوور)ی خوراساندا لە دایك بووە؛ لـەلای شـێخ لوقمـان–ی خەلیفەی حاجی ئەحمەدی یەسەوی– خوێندوویەتی، دوای ئەوە چووەتە حیجـازو لە (١٢٨١)دا یەکسەر چـووەتە ئـەنادۆڵ و لـە تەنیشـت (قیرشـەهر)دا لـە ناحیـەی (قەرەئویوك)دا نیشتەجێ بـووەو (دەرگـاە)ــەکەی دامەزرانـدووەو وەك یـەکێك لـە خودا پەرستە پێگەییوەکان ناوبانگی دەرکردووە، ئەو سەردەمەی ئۆرخانی کوڕی عوسمانی (غازی)، دەزگای سەربازیی یەنیچەری–ی دامەزراندووە، تکای لەم زاتـە کردووە کە دوعای بۆ بکا. هەروەها وەکو دەڵێن ئەم زاتە ناوی (یەنیچەری)ی لـەم سەربازانە ناوە. تەنانەت لەبـەر ئـەوەی کـە ئەوسـا سـەربازێکیان هێناوەتـە لای و ئــەمیش دەســتی خســتووەتە ســەر ســەری و دوعــای بــۆ کــردووە، بــەیادی ئــەو (خیرقە)یەی ئەو کە بەسەر قۆڵیـدا شـۆڕبووەتەوە، پارچـە لبادێك خراوەتـە سـەر کڵاوی یەنیچەری و پێچراوەتەوە. ئەگەرچی ئەم زاتە پیری ڕێبازی بەکتاشی ـ یـە، دانەری سرووت و طقووسەکانی ئەم ڕێبازە (بالم بابا)یە. گۆڕی بەکتاش لـە نزیکـی (قیرشەهر) لە ناحیە (قصبة)ی (حاجی بەکتاش)ــە.

(فاتمە نوورییە خاتوون) هاوسەری حاجی بـەکتاش بـووە کـە قوگلـو مەلـەك

(فریشتەی پیرۆز یان فریشتەی کامەران) و (قادینجك ئەنا) یان پیّ وتووە.

بەکتاشی و قزلّباشی ئەوها تێکەڵاو بوونە، زۆر زەحمەتە بەجیا باسیان لێوە بکرێت بەتایبەتی دوای ئەوەی قزلّباشەکان لە ئێران دەرچوون و بۆ کاری لەشکری لە عیراق نیشتەجیّ بوونەو دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زۆر لە ئەدەبیاتیان نووسراوەتەوە(خصباك، ١٩٧٣: ٢١٨).

## جوگرافیای دەڤەری شەبەك – نشین

گوندەکانی شەبەك نشین لە قەوارەیەکی جوگرافی بەسەر یەکەوەیەو لە ڕۆژهەلاّتی ڕووباری خازرەوە تا دەگاتە دەورووبەری قەزای تلکێف و لەنێوان مەڵبەندی قەزای شێخان و بەرەو شاری مووسلّ شۆڕدەبنەوە(ادموندز، ١٩٩٩: ٢٤٣) کە دەکەونە دەورووبەری هەردوو ڕێگا گشتییەکەی نێوان (مووسلّ– شێخان) و (مووسلّ– قەرەقووش) کە زیاتر لە شەست گوند دەبن و لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بەقەزاکانی تلکێف و قەرەقووش (الحمدانیە)ن و پێش چەند ساڵێك گوندی بازوایا (بازیوە) ببووە ناوەندی ناحیە (کە سەرجەم دانشتووانی شەبەکن)(یحیی، ١٩٧٣: ٣) و بەپێی سەرژمێری گشتیی حکومەتی عیراقی ساڵی (١٩٥٧) و ئەو (شەبەك)انەی گوندەکانیان سەر بە قەزای (مووسلّ) بوونە (٢٦) گوندو نفووسیان (٨٣٧٤) کەس بووەو سەرجەم ڕووی ئەردی گوندەکان (١٠٨٤٢) دۆنەم بووە، بەلاّم ئەوانەی سەر بە ناحیەی بەعشیقە بوونە (١٥) گوندو نفووسیان (٢٣٣٢)کەس بووە[٦] (وزارة الشؤون الإجتماعیة، ١٩٥٧: ٢٤٣ ـ ٢٤٤) و باجوان و زەنگەنە جیاکراونەتەوە وەکو دوو عەشیرەتی سەربەخۆ.

زۆربەی شەبەك پیشەیان کشتوکاڵە و دانەوێڵەی وەکو گەنم و جۆ دەچێنن و مەڕوماڵاّت بەخێودەکەن یان بازرگانی بە بەرهەمەکانیانەوە دەکەن(ع. ح، ١٩٧٠: ٧)، جگە لەوانەی لە مەڵبەندی شار نیشتەجیّ بوونە. مامۆستا عەلی سەیدۆ گەورانی لە گەشتەکەیدا دەڵیّ: کە لە (گوێڕ)دا قاوەڵتیی نیوەڕۆمان خواردو پشوویەکمان بۆی دا، ئەوسا بەگەمییەك (کەڵەك) بە ئۆتۆمبیلەکەوە لەزیّ پەڕینەوە، لەو بەرەوە تێهەڵچووینەوە بەرەو مووسلّ و بەناوچەیەکی کوردەواریدا

تێپەڕین کە بە کەناری (دیجلە)دا دەکشێت و لە کوردەکانی تر جیاوازن، لە ڕووی ئایینییەوە ئەمانە دوو بەرەن (شەبەك و سارلی)، شەبەکەکان لە شیعە خەستەکانن کە زۆر بە ئیمامی عەلیدا لکاون و لەگەڵ (یەزیدی)یەکاندا لە گەلێك لە ئاهەنگەکانیاندا هاوبەشی دەکەن، ژمارەیان بەگوێرەی ژمارەگیریی جوگرافیای عێراق (١٢٠٠٠)کەسە. بەدوو گوندی ئەمانەدا تێپەڕین کە بریتین لە (خدر ساتلی و ئەمریکان)، باقی گوندەکانی تریان دەکەونە نزیك (چیای مەقلووب)ەوە کە شاخێکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵەوە...(گەورانی، ٢٠٠٠: ١٧٦)، د. جەمال نەبەز دەڵێت: ژمارەیان لە شەست هەزار کەس تێپەڕ نابێ(نەبەز، ١٩٧٦: ١٠٠) و بەپێی سەرژمێرییەکانی ئینگلیز لە سەرەتای ئەم سەدەیە دە هەزار کەس بوونە(مینۆرسکی: ١٦٢)، بەڵام لەم دواییەدا شەبەك ناوی لەنێو لیستەکانی سەرژمێریدا نەماوەو بە عەرەب یان کورد دەنووسرێن، هەرچەندە ئەمە زیاتر لە (٥٠٠) ساڵە لەوێ نیشتەجێ بوونە بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لەسەرەوە دەستنیشانمان کردوون، زۆربەیان دەگەڕێنەوە سەر عەشیرەتی شەبانکارەی کورد.

### شێوەزاری شەبەك

شێوەی قسەکردنی شەبەك دەگەڕێتەوە بۆ دیالێکتی (گۆران)(٧)، کە یەکێ لە دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردییە(٨) و لە ناوچەکانی هەڵەبجەو هەورامانی عێراق و هەورامانی ئێران و لەنێوان کرماشان و سنەو پێنجوین بە (گۆران)ی گفتوگۆ دەکەن.. دەتوانین گۆران بکەین بە چەند وەچەزارێکەوە: هەورامانی، لوڕی، باجەڵانی، زازایی.. زاری باجەڵانی، زەنگەنەو شەبەك دەگرێتەوە لەلای ڕۆژهەڵاتی مووسڵەوە لە شارەکانی بازوایە (بازیوە)وە درێژ بووەتەوەو پرژوبڵاوبوونەوە بەرەو خوارو ژووری ناوچەی حەمدانییە، تا دەگەنە ناوچەی تاڵەبان و زەنگەنە بەرەو قۆرەتوو و هۆرێن و شێخان(هەورامی، ١٩٨١: ٦٨ ـ ٦٩). ئەمە بیروڕای مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامی–یەو هەرچەندە بەڕێزیان زۆر بەوردی ئەم مەسەلەیەی ڕوون نەکردووەتەوەو ڕێچکەیێکی مەیدانی– زانستیی نەگرتووەتە بەر، بەڵکو تێکەڵاوییەکی بێ بەڵگە لەنێوان هەردوو دیالێکتی گۆران و

لوڕ کردووە، بەڵام لەهێڵە سەرەکییەکانی بۆچوونە گشتییەکانی خۆیدا، زۆر بەڕوون و ئاشکرایی پێوەندییە بنەڕەتییەکانی دیالێکت و زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەست نیشان کردوون، بەتایبەتی لە بارەی شێوەزاری (شەبەك)ـەوە، ئەمەش لەگەڵ بیروبۆچوونی مینۆرسکی یەك دەگرنەوە کە دەڵێت: شێوەیێکی تری نزیك بە گۆرانی (باجەلانەکان) قسەی پێ دەکەن کە لەسەر ئاوی خەوسەر (خوصر) نەختێك لەولای شیمالی مووسڵ ئەژین. عەینی عەشیرەت لە (زەهاو) و شیمالی لوڕستان و دیسانەوە لەناو (زازا) هەیە، ئەم زازایانە هەموو مەنتەقەی دێرسم دەگرێتەوە لە بەینی (مووش) و (ئەرزنجان)[٩]... .

زۆربەی لێکۆڵەرەوەکانی کورد ئەم بۆچوونە پەسەند دەکەن کە زاری باجەڵانی پەرت و بڵاوبووەتەوەو بەشێکی شەبەك قسەی پێ دەکەن کە لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵەوە و لە زەهاویی باکووری لوڕستان و نزیك خانەقین و لەقۆرەتوو و هۆرێن و شێخان (ناوچەی مەیدان) لە عیراقداو سەرەڕای پەرت و بڵاوبوونەوەی ئەم زارە، باجەڵانییەکان قسەی پێ دەکەن، بەڵام لەم شوێنانەدا زارەکە وەکو خۆی ماوەتەوەو ئەو هندە گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە جگە لەو ناوچەو دەڤەرانەی تێکەڵاوییەکی زۆریان لەگەڵ دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا هەبووە، بۆیە ڕاستەوخۆ کەوتووەتە ژێر کارتێکردنە زمانییەکانی ئەم دیالێکتە (خورشید، ١٩٨٣: ٤٣ ـ ٤٤).

وەنەبێ دیالێکتی گۆران هەر لەناوچەی هەورەمان و دەوروبەری بەکارهاتووە، بەڵکو زەنگەنەی ناوچەی لەیلان، باجەڵانی ناوچەی خانەقین، شەبەکی ناوچەی مووسڵ هەندێ لە تاڵیشەکانی ناوچەی خەزەر، زازاکانی تورکیا، ئەمانە زۆربەیان بەم شێوەیە گفتوگۆ دەکەن(بهاءالدین، ١٣٦٣هـ: ٢٠)و (شەبەك) وەکو زاراوەیەك شوێنی خۆی لەنێو فەرهەنگەکانی کوردیدا کردووەتەوە. مام هەژار دەڵێت شەبەك: تیرەیەکە لە کورد، زاراوەو ئایینی تایبەتی خۆی هەیە (شرفکندی، ١٣٦٩هـ: ٤٨٠). هەروەها گیوی موکریانی دەڵێت: شەبەك: تیرەیێکی کوردە لە کەنار مووسڵ و کەرکووکێن (موکریانی، ١٩٦٩: ٦٢٤). تۆفیق وەهبی دەڵێت: گۆرانی لەناو شێوەکانی کوردی یا لە هەموویان زیاتر سروشتی ئاویستاییی پێوە ئەبینرێ؛ بنچینەکەی ئەشێ شێوەکانی گۆرانی و کورئیی مادی

گەورە بێ (وەهبی، ١٩٤٠: ).

هەر لەبەر ئەم مەبەستە بەراوردکارییەك لەنێوان ئەم کۆمەڵە وشـانە دەکـەین لەنێوان ئاڤێستاو دیالێکتەکانی گۆران و کرمانجی ژووروو:

| ئاوێستا | دیالێکتی گۆران | | دیالێکتی ک. ژ |
|---|---|---|---|
| | هەورامی | زاری شەبەك | |
| ئەشترا | وشتر | حوشتر | حێشتر |
| بەرزەدا | بەرزا | بەرز | بلند |
| وەرخا | وەرە | وەرە | بەرخ |
| شەن | ژەنی | ژەن | ژن |
| ماسیا | ماساوی | مەساو | ماسی |
| مەخشی | مەشی | مێش، مەگەز | مێش |
| هۆر | وەر | هۆر | هەتاڤ |

هەمان وشەکانی سـەرەوە بـە هـەردوو شـێوەزاری فـەیلی و کـەلهوڕی تۆمـار دەکەین، کە سەر بە دیالێکتی کرمـانجی باشـوورن، بـۆ ئـەوەی جیـاوازی لـەنێوان دیالێکتەکانی گۆران و کرمانجی ژووروو و دواتر لەگەڵ شێوەزاری شـەبەك بـەراورد بکرێن، بۆ ئـەوەی خالـە وێکچـوو و جیاوازییـەکانیان دەستنیشـان بکـرێن و لـەژێر چەتری زمانی کوردیدا کۆبکرێنەوە:

| ئاوێستا | دیالێکتی (ک. ب) | | دیالێکتی (ک. ن) |
|---|---|---|---|
| | کەلهوری | فەیلی | |
| ئەشترا | شتر | شوتر | حوشتر |
| بەرزەدا | بڵێن ـ بەرز | بڵێن | بەرز |
| وەرخا | وەرك | وەرك | بەرخ |
| شەن | ژن ـ زایفە | ژن ـ زایفە | ئافرەت |
| ماسیا | ماسی | ماسی | ماسی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەخشی | مەگەز ـ پەخشە | مەگەز ـ پەخشە | مێشۆلە |
| هۆر | خوەر | خوەر | خۆر |

لیستەیەك لەبارەی جێناوە لکاوەکان و بەکارهێنانیانەوە لەگەڵ فرماندا:

| دیالێکتی گۆران | | دیالێکتی ك. ژ |
|---|---|---|
| هەورامی ـ ماچۆ | شەبەکی | |
| ورێزا | ئورزا | ڕابوو، هەستا |
| ورێز | ئورزە | ڕابە، |
| ورێزدیٚ | ئورزیٚ | ڕابن، هەستن |
| ورێزایمیٚ | ئورزایما | ڕابووین، هەستاین |
| ورێزانی | ئورزایشا | ڕابوونە، هەستاینە |
| ورێزامین | ئورزاییم | ڕابووین، هەستاین |
| ئامانۆ | ئاما | هاتەڤە |
| روتەن | هوتە | نڤستی یە |

لیستەیەك لەبارەی ڕاناوەکانی جوداو لکاوەوە لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕدا:

| دیالێکتی گۆران | | دیالێکتی ك. ژ |
|---|---|---|
| هەورامی ـ ماچۆ | شەبەکی | |
| من وەرمم مەیەو | ئەمن هورمم مەیو | خەوا منا دێت |
| ئەو وەرمش مەیەو | هورمش مەیو | خەوا وی یا دێت |
| ئەو وتەن | هوستا | ئەویٚ نڤستی یە |
| ئێمە وەرممان مەیەو | ئێمە هورمما مەیو | خەوا مە یا دێت |
| شما وەستان مەیەو | شما هورمتان مەیو | خەوا وە یا دێت |
| نەوشان وەرشان مەیەو | هورمشان مەیو | خەوا وان یا دێت |

لیستەیەك لەبارەی بەكارهاتنی ڕاناوەكان لەگەڵ فرمانی ڕابردوو و ڕانەبردوودا

| دیالێكتی ك. ژ | دیالێكتی گۆران | |
|---|---|---|
| | زاری شەبەكی | زاری هەورامی ـ ماچۆ |
| **ئا ـ فرمانی ڕابردووی دوور** | | |
| ئەز چووبوومە بازاری | لوابیم بازار | من لواویم پەی بازار |
| تۆ چووبوویە بازاری؟ | لوابیت بازار | تو لوادیت پەی بازار |
| ئەم چووبووینە بازاری | ئێمە لوابیمان بازار | ئێمە لواویمان پەی بازار |
| هون چووبوونە بازاری | شمە لوبیتان بازار | شما لواویتان پەی بازار |
| ئەو چووبوو بازاری | لوا بی بازار | ئەو لواوی پەی بازار |
| ئەو چووبوونە بازاری | لوایشان بازار | ئەوشان لواویشان پەی بازار |
| **ب ـ فرمانی ڕانەبردوو** | | |
| ئەز دچم ـ دێ چمە بازاری | ئەمن مەلی بازار | من مەلی پەی بازار |
| ئەم دچین ـ دێ چین بازاری | ئێمە مەلمێ بازار | ئێمە مەلم پەی بازار |
| تۆ دچی ـ دێ چی بازاری | ئەتۆ مەلی بازار | تۆ مەلی پەی بازار |
| هون دچن ـ دێ چن بازاری | شمە مەلی بازار | شما مەلدێ پەی بازار |
| هون دچن ـ دێ چن بازاری | شمە مەلێ بازار | ئەو مەلدێ پەی بازار |
| ئەو دچیت ـ دێ چن بازاری | مەلو بازار | ئەو مەلو پەی بازار |
| ئەو دچن ـ دێ چنە بازاری | ئوشان مەلا بازار | ئەو شان مەلا پەی بازار |

چەند تێبینییەكی ڕێزمانی لەبارەی شێوەزارەكانی هەورامی– ماچۆوە لەگەڵ شەبەكی و بەراوردكردنیان لەگەڵ دیالێكتی كرمانجیی سەروو:

١ - پاشگری دووبارە كردنەوە لە شێوەزاری شەبەكیدا نییە، بەڵام لەزارەكانی تردا هەن وەكو:

وتەن وتەنۆ ناقچی و وتش نڤستەڤە

وشەی ناقچی دێتە پێشی فرمانی و دەکاتە کاری دووبارە کردنەوە:
ناقچی باچ   بێژەڤە باچەوە
ناقچی ماچو دبێژتەڤە ئوماچو
ناقچی واتش گۆتەڤە
وشـەی ناقچـی زیـاتر لـە گونـدەکانی ڕەشـیدییەو وانکـی بـەکار دێـت، بـەڵام هەندێکیان مۆرفیمی (ەوە) زیاد دەکەن وەکو لە گوندی (بازیوە).
بەڵام لە هەورامیدا تەنیا پاشگری (ۆ)ی بۆ زیاد دەکرێت
ئاما ئامانۆ    هات هاتەڤە
شکەفت        شکەفتەنۆ
٢ - لە ڕووی فۆنۆلوژییەوە زۆربەی فۆنیمی (خ) دەبنە (و) وەکو:
خۆیان    وێشان
خواردم    واردم
خۆم    وێم
خوێن   ونی
٣ - کاتی ئاینده لە شێوەزاری شـەبەکدا نییـە، بـەڵکو وشـەی (مـەگو) لـەنێو ڕستەدا زیاد دەکرێت.
جگە لەلایەنی ڕێزمـانی کـە هـەردوو شـێوەزار (شـەبەکی– هـەورامی) زۆر لـە یەکتر نـزیکن و جیاوازییـەکی ئـەوتۆ لەنێوانیانـدا نییـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا شـتێکی ئاسـاییە وشـەی بـانی بکەونـە نێـو زارەکـە وەیـان گۆڕانکـاریی فۆنۆلـۆجیی تێـدا ڕوویدات یان تەنانەت داڕشـتنی ڕسـتەو داتاشـینی وشـەکان و ئەگـەر لێکۆڵینـەوەو دیراساتی فراوانی مەیدانی و زانستی بکرێن و بەراوردکارییـەکی تـەواو لەنێوانیانـدا ئەنجام بدرێت ئەوا شێوەزارەکانی دیالێکتی گۆران (باجـەڵانی، هـەورامی، زازایـی، زەنگەنەیی) زۆر بە ئاسانی یەك دەگرنەوەو لە ڕێگای دیراساتی مێژووییەوە زۆر لە نهێنییەکانی زمانەوانیی کوردی ئاشکرا دەبن.
بۆ زیاتر بەدواداچوون و بـەراوردکردنی ئـەم شـێوەزارە (شـەبەکی) دەبیـنین زۆربـەی ناوەکـانی گونـدەکانیان کـوردین وەکـو (عـەلی ڕەش، بازیڤـە، خزنـە،

سێفدینان، کانی ماران، قوبان، ماکوری غەریبان، تێس خراب کچکە، تـێس خـراب مـەزن...) دیسـان نـاوو نازنـاو زۆربـەیان بـەکوردین جگـە لـە نـاوە ئیسـلامییەکان ئەویش وەکو دەڤەرەکانی تری کوردستان دەگۆڕدرێن وەکـو (محەممـەد– محـو)، (جمیل– جەمو)، (عەلی– عەلو)، (مسـتەفا– مچـە)، (قاسـم– قاسـو) و ناوەکـان بەتایبەتی پیرەکان (دولا، خورشید، جەمشید، نەخشین) [10].

# بەشی پێنجەم:
# لە ئەدەبی ناوچەییەوە بەرەو ئەدەبی بەراوردکاری

**تەوەری یەکەم: گیانی نەتەوەیی لە پەیڤ و ئاوازە فۆلکلۆرییەکاندایە**

**تەوەری دووەم: خاڵە جیاوازو وێکچووەکانی هەر سێ قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری، فەرەنسی ـ سلاڤی ـ ئەمەریکی**

## تەوەری یەکەم

## گیانی نەتەوەیی لە پەیڤ و ئاوازە فۆلکلۆرییەکاندایە

نەتەوەی زیندوو خاوەن گیانێکی چالاکە. گەورەترین چالاکییەکانیشی لەنێو پەیڤە واتادارو ئاوازە ڕەوانەکانیدا بەدی دەکرێن لەکاتی ستران گوتندا، بەتایبەتی ئەو سترانانەی لەگەڵ ڕێژنەی سۆزو لێمشتە جۆشدارەکانی هەستدا لەدایك دەبن و لەگەڵ گەشەکردنیاندا نەمری خاوەنەکانیان دەپارێزن و ڕێگەی داهێنانیش لە ڕێزبەندی ژیانی نەوەکاندا خۆش دەکەن.

هەر لەم سۆنگەیەوە مرۆڤ بە ئاسانی هەست بەو ڕاستییە دەکات، کە ڕوحی میللەتی کورد بە درێژی قۆناغەکانی مێژووی دێرین و ناوەڕاست و نوێیشەوە لەنێو ئاوازە فۆلکلۆرییەکاندا بە زیندوویی ماوەتەوەو، ئێستاش دەرفەتی فراوانترو لەبارتری بۆ ڕەخساوە، کە گەشە بکات و هەر لەو برەودانەدا بێت... ئەگەر لە ڕۆژگاری سەختی ڕکابەرییەکانیشدا، لێرەو لەوێ، میللەتی کورد شکستێکی خواردبێت، یانیش سەرمایەو سەنتەنەتێکی لەدەستدابێت، لە ئەنجامیشدا ڕوحی نەتەوەیی لاواز بووبێت، ئەوە لەڕێگەی ئاوازو پەیڤە ناسکەکانی بەندو لاوك و پایزۆك و حەیرانەکانەوە شاخوێبەرە بزوێنەکانی ئەو ڕوحە جارێکی دیکە زیندوو کردۆتەوەو شوێن پەنجەکانی پەیڤ و ئاوازە فۆلکلۆرییەکانیش لەم شێوازانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبوون:

- سەربردە مێژووییەکانی گەل لەنێو سترانەکاندا تۆمارکراون.
- بۆ پیشەپەروەری و کارکردنی ڕۆژانەدا هیمەتبەخش بوونە.
- دەربڕینێکی ڕاستەخۆی خۆشەویستی و جوانی بوونە.
- ئەدگارە مرۆڤایەتییەکانی نەتەوەی کوردی پاراستووە.
- ڕێبازێکی ڕەوا بووە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سروشت و خۆبەختکردن لەپێناو خاکدا.
- زمانی ڕێزگرتن بووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ دۆست و نەحەزاندا، تەنانەت لە کاتی شەڕو پێکدادانەکانیشدا مەرج و داواکارییەکانیان هەر بە ئاوازو ستران ئاڵوگۆڕ دەکران.

- ئاوازو ستران ئامرازی مامەڵەکردن بوونە لەگەڵ گیانلەبەرە کەوییەکان و وەکو ڕێبەرێکی شارەزابوونیش لەبەخێوکردنیاندا بەکاردەهات.

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونانەی سەرەوەش، بەڵگەی پێویست هەر لەمیانی سەربردەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستانەوە وەردەگرین، بۆ نموونە:

- کاتێك جوتیارێکی کورد کێڵگەکەی دەکێڵا دەستڕەنگییەکی پڕ شارەزایی دەنواند.. ئاژەڵ و ئامێرەکانی جووتکردن ئامادە دەکردن. لە ئاژۆتندا هیچ قامچی و گۆچان بەکارنەدەهێنا، بەڵکو بە ئاوازی جوشدارو سترانی تایبەتی جووتکردنەوە دڵی خۆش دەبوو و ئاژەڵەکانیشی بەپێی سەلیقەی دەنگی ئەوەوە بەرەو پێشەوە یان بەرەو ڕاست و چەپ دەجووڵان. کلیلی ئەم هەموو هەڵگەڕان و وەرگەڕانانەیش تەنیا ئاوازە خۆشەکانی ئەوبوون. لەگەڵ هەر بێدەنگییەکیش ئاژەڵەکان ڕادەوەستان. لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە کە: ئەم حاڵەتە گوزارش لە چ مامەڵەکردنێکی مرۆڤایەتی دەکات و ئەم ڕەفتارەش چ جۆرە خۆگونجاندنێکە لەگەڵ سروشتدا؟... وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە ئامادەکردنی پرۆژەیەکی مێژوویی - ئابووری - دەروونناسی هەیە، کە لەسەر بنەمایەکی هونەری - ژینگەیی لێك بدرێتەوە. جگە لەوە، هونەری پەروەردەکردن و ڕاهێنانی گیانلەبەرانیش هەبوو، بۆ نموونە لەبەر ئاوازی بلوێرەوە مار فێری سەمادەکردو ورچ لەبەر ئاوازی تەمبوورەوەو هەردوو هونەریش بە پیشە دادەنران و سەرچاوەی داهاتێکی باش بوو و هونەمەندە ڕاهێنەرەکان بژێوی ژیانیان پێ دابین دەکرد(قەرەنی، ١٩٩١: ٢٣).

- لە گۆڤەندە کوردەوارییەکاندا بازنەی شایی لەبەر ئاوازەکانی دەهۆڵ و زۆڕنا دەسووڕایەوە، یانیش بەپێی سترانە سەلیقە سووکەکانی داوەت و دیلانان گەرم دەبوو. کاتێك یەکێکی ناشارەزا هاتبوایە نێو شایی و لە جووڵە سەمایەکانیدا هەڵەیەکی نائەنقەست بکردایە بە کەتنێکی گەورە دادەنراو زوڕنابێژەکەیش دەمی زوڕنایەکەی بە دەنگە تیژەکەیەوە دەخستە نێو گوێی ئەو بەستەزمانەو هێرو کەڕی دەکردو وازی لێ نەدەهێنا تا هەڵەکەی ڕاست

نەکردبایەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەر کەسێکی سەمازان و شاییکەرو گوێیەکی مۆسیقایی نەبوایە، کارێکی ئەستەم بوو بڵێت: (من کوردم)..؟

• ئەوەی لە بەرۆکی دروێنەدا دواکەوتبایە، یانیش بەجوانی لەگەڵ ڕیزی هاوکارەکانیدا ئیشی نەکردایە.. ئەوە سەرکار بە گۆرانی دەکەوێتە شوێن پێی و لەنێو پەیڤە بە جۆشەکانی سترانەکانیدا هانی دەدا، خۆی ڕاست بکاتەوەو لەگەڵ هاوکارەکانیدا بەردەوام بێت...؟

• دایك بە لایلایەو ئاوازە خۆشەکانییەوە منداڵەکەی پەروەردە دەکرد... ئەو شتەی منداڵ بەڕێگەی ئاوازەوە فێری دەبێت، ڕێکوپێکترو چەسپاوترە لەوەی بە ڕێگەیەکی دیکەوە فێردەبێت.

بۆ هەر یەکێك لەم لایەنانەی سەرەوە ستران و ئاوازی تایبەتی خۆی هەیە. بەکۆکردنەوەی هەر یەکێکیانیش (کە تا ڕادەیەکی باش ئەنجامدراوە) فەرهەنگێکی گۆرانی دروست دەبێت. تێکرای کارەکەش ئینسکلۆپیدیاییێکی هونەری دەوڵەمەند دێتەکایەوە.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین، کە مرۆڤی کوردی ڕەسەن لەهەر بوارێکی ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا تێکەڵ بە ئاوازو ستران دەبوو و جۆش و خرۆشێکی سۆزداری پایەبەرزیشی بە کارو چالاکییەکانی دەدا. ئەمەش کلیلی نهێنی مانەوەی میللەتی کوردە، چونکە پەیڤ و ئاوازە خۆشەکان هەوێنی بەردەوامبوونی ژیانن و پێناسەی نەتەوەییش دەستنیشان دەکەن. ئەگەر ئەمە بە قۆناغی یەکەمی ئەرکداری ئەدەبی فۆلکلۆری دابنرێت، ئەوە قۆناغی دووەمی بە تۆمارکردن و هەڵسەنگاندنی هەموو جۆرەکانی دەستپێ دەکات. لەم خاڵەدا ((پێویستە ئەو دیدگەیە پەسەند بکەین، کە دەڵێت لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی زارەکی بەشێکی تەواوکاری توێژینەوەی ئەدەبییە، بۆیە ناکرێت جیاکاری لەنێوان ئەدەبی زارەکی و ئەدەبی نووسراودا بکرێت)) (Wellek, 1980: ٤٦–٤٧). ئەم بۆچوونەیش، ئێمە لەو ڕاستییە نزیك دەکاتەوە، کە ئەدەبی نووسراوی نەتەوەیی لەسەر ڕووبەری ئەدەبی زارەکی پەیدا دەبێت و لەژێر کاریگەری ئەویشدا گەشەدەکات. لێکۆڵەرانی کوردیش کاریان لەسەر پێوەندی نێوان ئەدەبی نەنووسراو و ئەدەبی نووسراودا

کردووەو لەو سۆنگەیەوە باس لە ئەدەبی کوردی دەکەن، کە ((ئەدەبی نەنووسراو بووە بە سەرچاوەیێکی گرنگ بۆ ئەدەبی نووسراو، ئەم ئەدەبە لە ناو جەرگەی ئەوەوە هەڵقوڵاوە... زۆربەی هەرە زۆری یەکەمین بەرهەمی کلاسیکی نەتەوەکان و گەلێ لە شاکارە ئەدەبییەکانیان، سەرچاوەی یەکەمیان ئەدەبی فۆلکلۆری بووە، شاکاری ئەدەبی کوردی "مەم وزین"ی ئەحمەدی خانی ئیلهامی لە "مەمی ئالان"ی فۆلکلۆری خەڵکی کورد وەرگرتووە)) (خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٥٨). بەم شێوەیە مەمێ ئالان لە حیکایەتێکی ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە بووە شاکارێکی ئەدەبی نەتەوەیی و کاتێك وەرگێڕاوەتە سەر زمانانی عەرەبی و ئاڵمانی و ئینگلیزی... بووە بەشێك لە ئەدەبی جیهانی و بەرهەمێکی ئامادەکراو، کە ڕەخنەگرانی فرەزمانزان بهەڵسەنگێنن و لە کارە بەراوردکارییەکانیاندا جێگەی بکەنەوە.

هەر لەم سۆنگەیەوە، قسەکەرانی کوردزمان بایەخیان بە مامك و هەڵهێنانی مەتەڵیان دەداو دانشتنەکانی بەرئاگردان و بۆنە خۆشەکانیان پێ جۆشدەدا، بۆیە بە لایەنێکی سەرەکی ئەدەبی فۆلکلۆری دادەنرێت. لەم ئەدەبەدا زمانێکی بالاو دوو سەرە کە لە پرسیار و وەڵامدا خۆی دەنوێنێت بەکاردێت، سیما دیارەکانیشی، لەڕووی دەربڕینەوە کورتبڕ بوو و لەڕووی داڕشتنەوە کێشێکی هاوسەنگ و سەروایەکی هاوبەشی هەبووە، بە تایبەتی ئەوانەی لە چەند فرێزێك پێکدێن. مەبەستەکەیشی دۆزینەوەی واتاییێکی شاراوە بوو. کە دەبوایە ئەوی بەرانبەر بە جوانی لە وردەکارییەکانی پرسیاری قسەکەر تێبگات و واتاکانی لێك بداتەوە، بۆ ئەوەی مەبەستە شاراوەکەی بدۆزێتەوەو وەڵامەکەیشی بداتەوە، ((هەندێکیش هەر لە سنووری ئەدەبیاتدا ژمارە ناکرێ، بەڵکو جۆرە وشە ڕیزکردنێکی هونەرمەندانەیە بەمەبەستی زاخاوی مێشك و کات بردنەسەر)) (ڕەسوول، ١٩٧٠: ١٦١ـ ١٦٢).

و چەندین نووسەرو خەمخۆرانی زمانی ئەدەبی کوردی وەك قەناتی کوردۆ[1] و ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ[2]... هەوڵی کۆکردنەوەو تۆمارکردنیان دەداو ڕێژەیەکی زۆریش چاپ و بڵاوکراونەتەوەو بوونەتە بەشێك لە ئەدەبی نووسراوی کوردی.

دواتـر هەنـدێکیان وەك دەسـتەواژەیەکی پەسـەندکراوی زمانـەوانی لـەنێو دەقـە ئەدەبییەکاندا بـەکارهاتوون، تەنانـەت هەنـدێکیان بـە شـیعر نووسـراونەتەوە، بـۆ نموونە، مەتەڵێك هەیە بەشـێوەی پرسـیار ئاراسـتەی بەرانبـەر دەکرێـت کـە ئەمـە دەقەکەیەتی: ((ئەز چوومە گرێ دەلال، تێدا هەبوون چار کانییێـت زەلال، دوویـێن سـویر و دوویـێن تـال)) هـەڵهێنانی (سـەری مرۆڤی)یـە (قـەرەنی، ١٩٨٤: ١٣٧). تۆفیق پیرەمێردی شاعیر (١٨٦٧– ١٩٥٠) ئەم مەتەڵەی بەم شێوەیە لە دەقێکدا هۆنیوەتەوە:

گردێکی بەرزە دیارە لێتەوە
لەگەڵ جیهانا ئەسوورێتەوە
تەنها دیوێکی پێنج چاوی تیایە
ئەو سەرچاوانە ئاویان لێك جیایە
دوانی، سوێر، دوان تاڵ، یەکێکیان شیرین
قوللەی (ایڤل)ـە و ڕصدی دووربین
ماکینەی هەواو خەڵووزی جوێ یە
ئەو ئەسووتێنێ وەك ڕادوێ یە
گیایی لێ ڕواوە ئەوەندە سەختە
ئەیدروونەوە بە یەك دوو هەفتە (ڕەسووڵ، ١٩٧٠: ٤٤٣)

هەڵهێنانی ئەم مەتەڵە (کەللەی سەر)ـە. جگـە لـە مەزراندنی مەتـەڵ لـەنێو دەقە ئەدەبییەکاندا، بوونەتـە کەرەسـتەیەکیش بـۆ کـاری لێکۆڵـەرانی کـورد، کـە لـەڕووی مێـژوویی و تـەکنیکی و هزرییـەوە لێـك بدەنـەوەو لـە توێژینەوەکانیانـدا ئامانجی سوودمەند لێی بهـەڵنجێنن[٣]. هـەر چـەندە هونـەری مەتـەڵ چـالاکییەکی مرۆیی ـ تەکنیکی ـ هزرییەو لایـەنێکی گرنگـە لـە ئـەدەبی هـەر نەتەوەیـەك و وەك کەرسـتەیەکی گونجـاویش دادەنرێـت کـە لیکۆڵینــەوەی بــەراوردکاری لــەنێوان بەرهەمی چـەند نەتەوەیەکدا ئـەنجام بـدرێت. ئـەدەبی بـەراوردکاریش زانسـتێکی نوێیەو لە توێژینەوە کوردییەکاندا بایەخێکی زۆر پێ دەدرێـت، بۆیـە بـە پێویسـت زانرا، تـەوەرێکی تایبـەت بـۆ ناسـاندن و جـۆرو بنـەماو بـوارو سـیماکانی تـەرخان بکرێت.

## تەوەری دووەم
## خاڵە جیاوازو وێکچووەکانی هەر سێ قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری، فەرەنسی ـ سلاڤی ـ ئەمەریکی

### پێشەکی

ئەدەبی بەراوردکاری یەکێکە لەپێنج بوارە سەرەکییەکان، کە لەگەڵ مێژووی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی و ئیستاتیکی ئەدەبی زانستەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پێکدێنن. هەرچەندە ـ لە سەرەتاوە ـ ئەدەبی بەراوردکاری لەئەنجامی پەرەسەندنی ڕەخنەو مێژووی ئەدەبییەوە پەیدابوو، بەڵام دواتر بووە بوارەکی سەربەخۆ و یارمەتی پێشڤەچوونی گشت لایەنەکانی دیکەی ئەدەبی دەدات و ڕێگا بۆ ئەدەبێکی جیهانیش خۆش دەکات.

ئەدەبی بەراوردکاری وەکو گەلێك لە هونەرە نوێیەکانی دیکە لەنێو ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژئاوادا پێگەیشتووەو دواتر هاتووەتە نێو ئەدەبیاتی گەلانی جیهان، ئێستا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت و، بەپێوەرێکی باوەڕپێکراو بۆ ئاستی پێشکەوتن هەر بە ئەدەبێکی نەتەوەیی دادەنرێت(التونجی، ١٩٩٩: ٧٠).

لەئەدەبی کوردیشدا، ئەم زانستە چ لەڕووی ناساندن و چ لەڕووی پراکتیکەوە نوێیە و لە قۆناغبەندییەکێ دیراسەتکراودا تێنەپەڕیوە، بۆیە بەپێویست زانرا ئەم لێکۆلینەوەیە بۆ ناساندن و دەستنیشانکردنی قۆناغ و بوارەکانی ئەم زانستە تەرخان بکرێت و لەڕێگەی ڕێبازی بەراوردکردنەوە خاڵە جیاوازو وێکچووەکانی قوتابخانە سەرەکییەکانی دەستنیشان بکرێن .

### ناساندن و مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە، دوو ئەزموونی گەورە لە ئەورووپا پەیدابوون. یەکەمیان بزووتنەوەی ڕۆمانسییەت بوو، ئەوی دیکەش ڕێنیسانسی زانستی بوو . هەردووکیان پانتاییەکی گونجاوو لەبار بۆ پەیدابوونی چەندین داهێنانی زانستی و تیۆری ئەدەبی فەراهەم کرد ... لەوانە زانستی ئەدەبی

بەراوردکاری.

کاریگـەری ڕۆمانسـیەت لـەوەدا بـووە کـە بانگەشـەی بـۆ ئـەوە دەکـرد کـە لەڕێگەی زمانە ڕەسەنەکانیانەوە سوود لەئـەدەبیاتی دیکـە وەربگیرێـت . ئەمـەش بووەتە هۆی ئەوە کە لەڕێگەی لێگەڕان و کارتێکردنەوە ئاسۆیەکی نوێ لەبـەردەم ئەدەبی نەتەوەییدا بکرێتەوەو ، پرۆسەی ڕەخنەگرتنیش بـە شـێوەیەکی زانسـتی پەیڕەو بکرێت و بەهۆی ئـەم ڕەخنـە نوێیەشـەوە ڕێگـە بـۆ لـەدایکبوونی ئـەدەبی بەراوردکاری خۆش بکات (هلال، ١٩٨١: ٥٠).

کاریگەری ڕێنیسانسی زانسـتیش لـەوەدا بەدەردەکـەوێت کەجـەختی لەسـەر دوو دیاردەی نوێ دەکرد:

**یەکەمیان،** لەکاتی تۆژینەوەی هـەر بابەتێکدا دەبێـت تـۆژەر بـە ڕێگەیـەکی تیۆر ئامێزەوە لە بنج و بنەمای شتەکان بگـەڕێت و هـەوڵی شـیکردنەوەی هـەموو هۆیـەکانی بـدات. دیـاردەی دووەمیشــی ئـەوەبوو، کـە لـەکاتی گـەڕان بـەدوای ڕاستییەکان و شۆڕبوونەوە لە لێکۆلینەوەکانیاندا پشتیان بە ڕێبازی بـەراوردکاریی دەبەست، ئەم ڕەوتەش بووە هۆی پەیدابوونی چەندین زانستی بـەراوردکاری نـوێ وەکـو ((زانسـتی بـایۆلۆژی بـەراوردکاری )) و (( یاساناسـی بـەراوردکاری )) و ((میسۆلۆژیای بەراوردکاری )) .... هتد(هـلال، ١٩٨١: ٥٣)، هـەروەها (( ڕێزمـانی بەراوردکاریی زمانە ئەوروپییە لاتینییەکان)) لەلایەن فرانسوا ڕینـوارد ـ ١٨٢١ ەوە و، (( فیزیۆلۆژیای بـەراوردکاری )) لەلایـەن بـلان فیـل ـ ١٨٣٣ەوە(بـاجو، ١٩٩٧: ١٣).

لـــەم کـــەش و هەوایـــە گونجـــاوو لـــەباردا ، ئـــەدەبی بـــەراوردکاری وەکـــو کاردانەوەیەك بەرانبەر نەشونمای هەستی نەتەوایەتی لە ئـەوروپا هاتـە کایـەوەو ، لەم ڕووەوە ئەدیبی ئـەڵمانی ژۆهـان ڤـۆن گـوتێ (١٧٤٩ – ١٨٣٢) یەکـەم کـەس بووە بانگەشە بـۆ ڕاسـتکردنەوەی ئـەم ڕێبـازە بکـات و هـەوڵی ڕیسـواکردنی ئـەو بۆچوونانە بدات که ڕەسەنایەتی ئـەدەبی باشـووری ئـەوروپایان بەسـەر ئـەدەبی (باکوور)دا دەسەپاند(درویش، ١٩٩٧: ٧).

لـەنێوان سـەدەکانی (١٦ و ١٧ و ١٨ ) دا چـەندین نووسـین دەبینرێـت کـە

ئاماژه به پێوەندی نەتەوەیەك بەنەتەوەیەکی دیکە دەکەن ، یانیش کارتێکردنی ئەدیبێك لە ئەدیبێکی دیکە ، بەڵام کەم لەو لێکۆڵینەوەو نووسینانە دەگەیشتنە ئەو ئاستە کە بتوانن هەتا بەشێوەیەکی سەرەتاییش بێت — خاڵە سەرەکییەکانی بەراوردکردنی داهێنانەکان شی بکەنەوە(Cuddon, 1997: 142) ، یانیش بەڕوونی پێوەندییە مێژووییەکانیان دەستنیشان بکەن و ئەو جیاوازییانەی کە لەنێوان ئەدەبی بەراوردکاری لەلایەك و مێژووی ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی لەلایەکی دیکەوە هەن باس بکەن(هلال، ١٩٨١: ١٨).

**بوارەکانی ئەدەبی بەراوردکاری**

بواری ڕاستەقینەی ئەدەبی بەراوردکاری ئەوەیە، کە چاودێری شارستانیەتییەکان دەکات بەئەدەبەکانیانیشەوە . پاشان کارتێکردنیان لەیەکدی بەدەردەخات(سلوم، ١٩٨٤: ١٣).

وەکو زانستێکی مرۆیی هەوڵی نوێکردنەوەی فەلسەفەیی دەدات، ئەویش بەرێگەی ئەوەوە کە بەشداری لە لایەنێکی چاکسازی پرسە سەرەکییەکاندا دەکات، بەتایبەتی ئەو پرسانەی کە راستەوخۆ پێوەندییان بەکرۆکی ئەدەب و زانستی ستانیکی گشتییەوە هەیە(دیما، ١٩٨٧: ١٥).

بازنەی بواری ئەدەبی بەراوردکاری لەهێڵە گشتییەکانییەوە بەرەو ئەدەبی نەتەوەییش تەسك دەبێتەوەو، ئەوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوە کە لەمێژووی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی جیادەکاتەوە ئەوەیە کەسەربەخۆییەکی تەواوی هەیەو پەیڕەوەکانیش پێویستیان بەرۆشنبیرییەکی تایبەتی هەیە کە لەسەر خاڵی بەیەکگەیشتی ئەدەبی دوو میللەت یان زیاتر یانیش دەقەکانی دوو رۆشنبیری جیاواز ڕابوەستێت و تێیدا قووڵ ببێتەوەو، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بۆ یارمەتیدان و دەوڵەمەندکرنی مێژووی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی تەرخان بکات . ئەمە لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە ئەدبی بەراوردکاری دەتوانێت بچێتە نێو دەقەکانی هەر ئەدەبێکەوە بۆ ئەوەی شتە ڕەسەن و وەرگێراوەکان لەیەکدی جۆدابکاتەوەو جۆری تووی بیانیشی لەپیتاندنی ئەدەبی نەتەوەییدا ئاشکرا بکات.

لێـــرەدا دەتـــوانین گـــرنگترین هۆکـــارە ئەدەبییـــەکانی لێکۆڵێنـــەوە بەراوردکارییـەکان لـەم چـەند خاڵانـەدا کـورت بکەینـەوە: جیهـانیبوونی ئـەدەب، هۆیەکانی جیهانیبوونەکەی، ئەفسـانەو بـەها ئـەدەبی و مێژووییـەکانیان، چـیرۆکە ئایینیەکان، ڕێبـازە ئەدەبییـەکان، پێوەنـدی ئـەدەبێك بـە ئەدەبـەکانی دیکـەوە، داستان و هونەرە ئەدەبییەکان ...(التونجی، ١٩٩٩: ٦٩).

## سیما تایبەتییەکانی ڕێبازی ئەدەبی بەراوردکاری

هەر لەپەیـدابوونی زانسـتی ئـەدەبی بـەراوردکاری لەسـەر دەسـتی (ژۆن ژاك ئـەمپیر)ەوە لـە سـاڵی(١٨٣٠)، کـە وەکـو زاراوەو ڕێبـازی لێکۆلینـەوەش لـەنێو وانەکانیدا لە دواناوەندی مەرسیلیا شیدەکردەوەو، تاکو ئێستا بوارو مـەودای ئـەم زانســـتە هـــەر لـــە زیـــادبوون و فراوانبووندایـــەو زۆربـــەی وڵاتـــانی جیهـــانی گرتووەتەوە(درویش، ١٩٩٧: ١١).

هەرچـەندە لەسـەرەتاوە چـەمکی ئـەدەبی بـەراوردکاری لـەنێو ڕێبـازی لێکۆڵینـــەوە فەرەنســـییەکەیدا پێناســـەو شـــیدەکرایەوەو بـــەپێی فەلســـەفەی ئەزموونگـەرایی هەڵدەسـەنگێنراو تەنانـەت ناونیشانەکەشـی بـەزمانی فەرەنسـی دانرابوو و بـۆ زمانـەکانی دیکـە پاچڤەدەکرا (Comparee La literature)(درویـش، ١٩٩٧: ٢٠)، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لەسـاڵی (١٩٢٨) کۆمەڵـەی نێونەتـەوەیی بـۆ مێژووی ئەدەبە هاوچـەرخەکان دامـەزرابوو و، چـەندین کـۆنگرەی خـۆی بەسـت و ئێسـتا بـە سەرپەرشـتی یۆنسـکۆیە(هـلال، ١٩٨١: ٤٣١). دواتـر جگـە لەفەرەنسـا چەند لێکۆڵینەوەیـەکی دیکـە لەئـەلمانیاو سویسـراو ئیتالیـا ئەنجامـدران و کتێبـی تایبەتیش لەم بارەوە بڵاوکراونەتەوەو، تەنانـەت گۆڤـاری تایبـەتیش بـەم زانسـتە دەرکران(سلوم، ١٩٨٤: ٧).

بازنــەی ئــەم زانســتە فــراوانتر بــوو و، کۆمەڵــەی نێونەتــەوەیی ئــەدبی بەراوردکاریش دامەزراو تا ئێستا چەندین کۆنگرەی بەستووە ، کە بە سەدان زانا و پرۆفیسۆری ئەم بوارەی تێدا بەشدار دەبن . بۆ ئـەم مەبەسـتە چـەندین کۆمەڵـەی نیشتمانی لە وڵاتانی دیکەش دامـەزران وەکـو: فەرەنسـا ، وڵاتـە یـەکگرتووەکانی

ئەمەریکا ، کۆریای باشوور ، جەزائیر ، رۆمانیا ....تاد(دیما، ١٩٨٧: ٥٣).

لەگەڵ فراوانبوونی بواری ئەم زانستەدا، ڕێبازی لێکۆڵینەوەش پەیدابوون کە جگە لەقوتابخانەی تەقلیدی فەرەنسی چەندین لایەنی دیکەش هەوڵیان دەدا کەموکوڕییەکانی ئەو پڕبکەنەوەوەو بەپێی بۆچوونەکانیان وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە قوتابخانەی فەرەنسی نەیتوانی بوو وەڵامیان بداتەوە، وەکو قوتابخانەی ڕەخنەیی ئەمەریکی[1] و قوتابخانەی دیالێکتیکی (سلاڤی)[2]. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی بنەماو ئامانجەکانی ئەم زانستە، بە پێویست زانرا خاڵە جیاوازو وێکچووەکانی هەرسێ قوتابخانەکان دەستنیشان بکرێن :

**یەکەم : خاڵە جیاوازەکان**

١ــ لە نێوان مێژووی پەیدابوونی هەرسێ قوتابخانەدا، جیاوازییەکی کرۆنۆلۆژی لەکارو ئەرکی پەیرەوکارو لایەنگیرەکانیاندا هەیە. لەسەرەتاوە قوتابخانەی فەرەنسی هەبووە ـ هەروەکو پێشتر باسمان کرد ـ و تا ئێستاش بەردەوامە(عبود، ١٩٩٩: ٢٦). بەڵام قوتابخانەی دیالێکتیکی (سلاڤی) بە سێ قۆناغی تەواوکاری یەکتردا تێپەڕی: قۆناغی یەکەم لەنێوانساڵانی ١٩١٧ ـ ١٩٢٩ و ئازادی ڕێژەیی بووو پێویست نەدەکرا لێکۆڵەر مارکسی بێت. قۆناغی دووەم لە سەرەتای سییەکانەوە دەستی پێکردو تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم بەردەوام بوو و ڕیالیستی ـ سۆشیالیستی تێیدا زاڵبوو[3]. لە قۆناغی سێیەمیشدا پرۆسەی بەراوردکاری تێکەڵاوی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی ساڵی ١٩٤٦ بووو دەبوایە ئەدەب لە عەقڵییەتی بۆرجوازی ڕزگار بکرێت و ملکەچی ڕۆژاوایش نەبێت (بکار، ٢٠٠٨: ٢٠). قوتابخانەی رەخنەیی ئەمەریکیش لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە لەسەردەستی ڕینێ ویلیك پەیدا بوو، کە لەنێو لێکۆڵینەوەکانیدا بەتوندی ڕەخنە لە ڕێبازی قوتابخانەی تەقلیدی فەرەنسی دەگرت (الرويلي، ٢٠٠٢: ٣٠). بەم شێوەیە، هەر لێکۆڵەرێك بەپێی سەرچاوە فەلسەفییەکانی بابەتێك دەستنیشان دەکات و پرەنسیپەکانی یەکێك لە قوتابخانانەکان لە لێکۆڵینەوەیدا پەیڕەودەکات .

٢ - ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەقوتابخانەی تەقلیدی فەرەنسیدا، ڕێبازێکی مێژوویی ئەزموونگەراییە (عبود، ١٩٩٩: ٢٦)، کە ئەویش بەدوو شێوازی هاوتەریب بەڵام لەڕووی دەستپێکردنەوە بەپێچەوانەی یەکدییەوە ئەنجام دەدرێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئا- ڕێبازی لێکۆلینەوە ، لەسەرچاوە مێژووییەکانەوە دەستپێ دەکات تا دەگاتە دوا خاڵی کارەکە، کە بەرهەمی دیراسەتکراوەکەیە. وەکو کارتێکردنی ڕۆمانسییە ئینگلیزەکان بەتایبەتی وردزوۆرس لەسەر گرووپی دیوان لە ئەدەبی عەرەبیداو بۆ نموونە لەسەر ( عەباس مەحموود عەقاد ).

ب - **ڕێبازی لێکۆڵینەوە،** لە بەرهەمە دیراسەتکراوەکەوە دەستپێ دەکات و، دواتر لەدوای ئەو سەرچاوە مێژووییانە دەگەڕێت کە کاریان تێکردووە، بۆ نموونە کاتێك بەرهەمەکانی ( تەها حوسێن) لە ئەدەبی عەرەبیدا دیراسەت دەکرێت ، دەبێت لە بەرهەمی ئەوەوە دەستپێ بکرێت تا دەگاتە سەرچاوە فەرەنسیەکان و لەپەیوەندییەکانیان دەکۆڵرێتەوە(درويش، ١٩٩٧: ٢٢).

بەڵام ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەقوتابخانەی دیالێکتیکی (سلاڤی) دا هۆکارە دەرەکییەکان بەشتێکی لاوەکی دادەنێت و پتر پشت بەهۆکارە ناوخۆییەکان دەبەستێت ، چونکە بەپێی بۆچوونی ئەوەوە ئەدەب کۆڵەگەیەکی سەرەکییە لە ڕۆشنبیری نەتەوەیی و لایەنێکە لەسەر خانی کۆمەڵ کە ئەویش ڕەنگدانەوەی ژێرخانی هەمان کۆمەڵە و بنەمای ئابووری پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و جۆرو ڕێژەی پەرەسەندنەکانیان دەستنیشان دەکات(عبود، ١٩٩٩: ٤٠).

لەقوتابخانەی ڕەخنەییدا دەبێت لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تەنیا ئەدەبی بێت و لەگەڵ زانستەکانی دیکەی تێکەڵ ناکات، تەنانەت ئەو بۆچوونانەش ڕەت دەکاتەوە کە جیاوازی لەنێوان ئەدەبی هاوچەرخ و ئەو ئەدەبەی کە لەڕابوردوودا نووسراوەتەوە دەکەن(Wellek, 1980: ٨).

٣ـ لەبارەی ئەو بابەتانەی بۆ بەراوردکردنیش هەڵدەبژێردرێن قوتابخانە فەرەنسی تەنیا ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە پەسەند دەکات و دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەی بەراورداکاریدا کە لەئەنجامی پەیوەندی لەنێوان دوو ئەدەبدا بەرهەم

هێنراون و، ئەگەر هۆیـەکانی پێکگەیشـتن و کـارتێکردن نەدۆزراونەتـەوە ئـەوە بـە ئـــەدەبی بـــەراوردکاری دانانرێـــت . بـــەڵام قوتابخانـــەی ئـــەمریکی بایـــەخ بـــە پێوەندییـەکان نـادات، بـەڵکو جـەخت لەسـەر بـەها ئەدەبییـەکانی دەق دەکـات . قوتابخانەی دیـالیکتیکی ـ سـلاڤیش جـەخت لەسـەر پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان دەکـات کـە بوونەتـە هـۆی بەرهـەمهێنانی دەقـی ئـەدەبی و ئـەو بەرهەمانـەی کـە لەکەشێکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی وەکیەك لەدوو ئەدەبی جیاوازدا لەدایکبوونـە بەراورد دەکات(عبود، ١٩٩٩: ٤٥).

٤ـ قوتابخانەی فەرەنسی زیاتر پشت بە مێژووی ئەدەبی دەبەستێت و لایەنە هونەری و ستاتیکییەکان بۆ ڕەخنەی ئـەدەبی بـەجێ دێڵێـت ، بـەڵام قوتابخانـەی ئەمەریکی تیۆری ئەدەبی و ڕەوانبیژی بەدوو بواری گونجاوو لەبار دادەنێت(عبود، ١٩٩٩: ٢٥) ، کـە شـێوازەکانی بـەراوردکاری تێـدا ئـەنجام بـدرێت . قوتابخانـەی دیالیکتیکیش پتر جەخت لەسەر ژینگەی ئەدەب دەکات ، چونکە لـەو باوەڕەدایـە کە پەرەسەندنی ئەدەب  بە هۆکارەکانی کارتێکردن و کارلێوەکردنەوە ناوەستێت بـەڵکو لــە ئــەنجامی پێویســتییەکی حــەتمی پەرەســەندنی کۆمەڵــەوە دروســت دەبێت(عبود، ١٩٩٩: ٤٤).

٥ـ لەقوتابخانـەی ئەمریکیـدا بـواری لێکۆڵینـەوە بەراووردکارییـەکان فـراوان دەبێت و لە ڕێگەی کەشـی دەربڕینـی مرۆڤایەتیـدا شـێوەی هونـەرەکانی دیکـەش دەگرێتـــەوەو ســـنوورەکانیان دەبـــەزێنێت ، بـــە هـــەمان شـــێوە قوتابخانـــەی دیالیکتیکیش جەخت لەسەر کەشێکی جیهانی ئەدەب دەکات . بەڵام قوتابخانـەی فەرەنسی بەپێی بنەما سەرەکییەکانی کـارتێکردن و کارلێکردنـەوە لـە نێـوان دوو ئەدەب یان چەند ئەدیبدا دەخولێتەوە(هلال، ١٩٨١: ١٩).

٦– مـەودای بیرکردنـەوەی هـەردوو قوتابخانـەی ئەمـەریکی  و دیـالیکتیکی بـەرەو فراوانـی و هاوبەشـیکردنی گشـت میللـەتان کاردەکـەن و پێوەندییـەکانیان کـراوەن، بـە پێچـەوانەی قوتابخانـەی فەرەنسـی کـە پـتر پشـت بەسـەنتەرالیزمی ئەورووپی دەبەستێت و ئەدەبی گەلانی دیکـە لەپـەراوێزی ئەدەبـە ئەوروپاییەکانـدا دادەنێت(عبود، ١٩٩٩: ٣١).

٧ـ لەسەرەتاوە قوتابخانەی ئەمەریکی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئەدەبی خۆماڵی ئەمەریکایی دەبەست وەکو بەرهەمەکانی فۆکنەر ، هەمنگوای ، دۆسی باسوس کە ناوبانگیان لەدەرەوەی ئەمەریکاش بڵاوبووبووەو ، بەهەمان شێوە قوتابخانەی دیالیکتیکی لەسەرەتاوە پشت بە داستانە قارەمانییە مبللیەکانەوە دەبەست و لێی دەکۆڵییەوە ، بەڵام قوتابخانەی فەرەنسی هەر لەقۆناغە سەرەتاییەکانییەوە هۆکارە مێژووییەکان و هەبوونی دوو زمان بە شتێکی سەرەکی لە کارەکانیدا دادەنا( Wellek, 1980: 47).

٨ ـ قوتابخانەی فەرەنسی هیچ بایەخێك بە وێکچووە ئەدەبییەکان نادات ، وەکو وێکچوونی شیعری سوارچاکی بۆ نموونە لە ئەلیادەی هۆمیرۆسی یۆنانی و دیوانی عەنتەرەی عەرەبدا ، یانیش پەسنی گورگ لەلای شاعیران ... و لەبواری ئەدەبی بەراوردکاریدا چارەسەرناکات .

بەڵام قوتابخانەی ئەمەریکی و هەروەها دیالیکتیکیش سوود لەم لێکۆڵینەوانانە وەردەگرن (جیرومسکی، ٢٠٠٠: ٢٦٤).

**دووەم : خاڵە وێکچووەکان**

١ـ هەرسێ قوتابخانە لە لێکۆلینەوەکانیاندا سنووری نەتەوەیی دەبەزێنن و، پشت بە سەرچاوەکانی چەند ئەدەبێکی بیانی دەبەستن ، بەڵام ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان لە بەرژەوەندی ئەدەبی نەتەوەییدا دەمێنێتەوە(الخطیب، ٢٠٠٥: ١٦).

٢ـ هۆیەکانی کارکردن لە هەرسێ قوتابخانەدا پێك دەچن وەکو : وەرگێڕان ، چۆنیەتی کارتێکردن، گەشت و گەڕان، جۆری وەرگرتن، ڕەوت و بزووتنەوە ئەدەبییەکان ...تاد(الرویلی، ٢٠٠٢: ٣٠).

٣ ـ هەرسێ قوتابخانە بە سەرچاوەو بۆچوون و ئامانجەکانیانیشەوە سەر بە ڕۆشنبیری ڕۆژئاواین و ، هەندێ جار ئەدەبی بەراوردکاری وەکو ئامرازێك لە ململانێی ڕۆشنبیرییەکاندا بەکارهاتووە ، هەرچەندە لەم دواییەدا لایەنگیرانی هەرسێ قوتابخانە کار بۆ بەجیهانیبوونی ئەدەب دەکەن(عبدالنور، ١٩٧٩: ٣١٧).

٤ ـ هەرسێ قوتابخانە لەو بڕوایەدان کە کار بۆ دەوڵەمەندکردنی بوارەکانی دیکەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەکەن بە تایبەتی مێژووی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی ، بەڵام هەریەکێکیان بە ڕێژەیەکی جۆدا لەوی دیکە کاریگەری و گرنگی خۆیان هەیە(هلال، ١٩٨١: ١٠).

٥ ـ لەهەر سێ قوتابخانەکاندا سنوورەکان بەکراوەیی دەمێننەوە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی فراوانترو گشتگیرتر ئەنجام بدرێن و ڕاستییە هاوبەشەکانیش لە ئەدەبە نێو نەتەوەییەکاندا بەدەست بێن لەپێناو گەیشتن بە ئەدەبێکی گشتی . کە ئەویش بوارێکی جودایە لە ئەدەبی بەراوردکاری(باجو، ١٩٩٧: ٢٦٧).

٦ ـ هەر سێ قوتابخانە هەموو بابەتەکانی ئەدەبی نووسراوو ئەدەبی سەرزارەکی ئەگەر مەرجەکانی بەراوردکردن تێدا بێت دەخەنە نێو ڕێبازەکانیاندا .(Morner, 1998: 40)

٧ ـ هەرسێ قوتابخانە مەرجی تایبەت بۆ لێکۆڵەری بواری ئەدەبی بەراوردکاری دادەنێن و دەبێت پێوە پابەند بێت و لەکارەکەیدا جێبەجێیان بکات لەوانە : دەبینێت خاوەن کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری ئۆرگانیك بێت و ڕەخنەگرێکی پتر لە ئەدەبێك و مێژوونووسێکی ئەدەبی زیاتر لە نەتەوەیەك بێت(سلوم، ١٩٨٤: ١٥– ١٦).

٨ ـ جگە لەم سێ قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکارییە، چەندین ڕێبازی دیکەی نوێ پەیدا بوونە وەکو ئەوانەی پشت بە تیۆری وەرگرتن یان بونیادگەری یان سیمیائی یان هەڵوەشاندنەوە یان تیۆری تێکستۆلۆژی دەبەستن (عبود، ١٩٩٩: ٥٤).

هەر چەندە زۆر خاڵی هاوبەش لەنێوان هەر سێ قوتابخانەدا هەن، بەڵام جێگای یەکدی ناگرنەوە، هەموویان بە پێی بوار و دەرفەت لایەنگرو پەیرەوکارانی خۆیان هەن، بۆ نموونە لێکۆڵەری سەرەتایی پتر پەنا دەباتە بەر قوتابخانەی فەرەنسی، چونکە کە توانی پێوەندە مێژووییەکانی دوو بابەت بدۆزێتەوە ئەوە کارەکەی ئاسان دەبێت و تەنیا پراکتیزەکردن دەمێنێتەوە. ئەم ڕێچکەیەش لەنێو لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی ئەدەبی کوردیدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لەڕووی

تیۆرییەوە، کە بنەماکانی ئەدەبی بەراورکاری لە میانی قوتابخانەی فەرەنسییەوە شیدەکرێنەوە. لە پەراوێزی کارە باوەکاندا، باس لە قوتابخانەی ئەمریکیش دەکرێت و لەڕووی پراکتیکییەوە، لێکۆڵینەوە هەن جەخت لەسەر دەق دەکەن و لەبەر تیشکی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دوو دەق یان دوو بەرهەم بەراورد دەکەن کەمن، بەڵام ڕێچکەیەکی سەرەکییە، کە لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا سەری هەڵداوەو بەرەو گەشەکردندایە.

## پەراوێزەکان

### پێشەکی:

١- بۆ نموونە لە گۆتارێکی تایبەتدا بە ناونیشانی (بەرەو بەدەزگەبوونی کارەکان)، کە لە گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر (ژمارە ٤٤ ی ساڵی ٢٠٠٩)دا بڵاوکرابووە. بەم شێوەیە پێگەی گۆڤارەکەم لە پەرەسەندنی بیرۆکەی سەرەوەدا هەڵسەنگاندبوو: ((لەم ڕووەوە گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر) پرۆژەیەکی فراوانەو لەسەر هێڵێکی دروست دەڕوات. قۆناغی کۆکردنەوەی کەرەستەو خستنەڕووی بەڵگەکان تێپەڕاندووە. ڕێگە بۆ لێکدانەوەی بەرهەمە دێرینەکان و شیکردنەوەی دەرئەنجامەکانیان خۆش دەکات. کارە ڕاگەیاندنەکەیشی لەسەر ئاستێکی زانستی ـ فۆلکلۆری بەڕێوەدەبات، کە پەیامەکەی لەگەڵ قۆناغی رۆشنبیری ئەمڕۆی گەلی کوردستان دەگونجێت، بۆیە شایستەی ئەوەیە کە وەکو دەزگەیەکی ڕاوێژکاری ـ کەلەپووری سەیربکرێت. بنەما سەرەکییەکانی بەدەزگەبوونەکەیشی لە دوو لایەنەوە سەرچاوە دەگرێت: یەکەمیان، کەڵەکەبوونی شارەزایەکی باش لەبارەی کۆکردنەوەو شیکردنەوەی فۆلکلۆرە. دووەمیان، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەری خاوەن ئەزموون و فۆلکلۆریستە لێهاتووەکان لە دەوری کۆبوونەتەوەو، بە ڕەنج و بەرهەمەکانیانەوە بەردەوام لاپەڕەکانی گەشترو دەوڵەمەندتر دەکەن و، ئەویش بە شانازییەوە ئەم ئەرکە نشتیمانی و زانستیە لە ئەستۆ دەگرێت)).

### بەشی یەکەم:

١- تیۆری واتای ناوەندی (Core meaning theory) جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکات، کە هەر وشەیەکی زمان چەندین واتای هەیە و یەکێکیان بە واتای ناوەندی و ئەوانی دیکە بە لاوەکی دادەنرێن. ناوەڕۆکی ئەم تیۆرەیش لەگەڵ بابەتی تیۆری واتاو کاردانەوەکانی ناوەندگیری یەکتر دەگرنەوە، بە تایبەتی کە تیۆری دووەم واتاکان وەك چەند پرۆسەیەکی جەڤەنگی ناوەندگیری لێکدەداتەوەو ئەو ئەنجامەیش دەردەخات، کە توخمێکی سۆزداری (emotional) هەڵسەنگێنەری (evaluative)تێدایە. ئەم توخمەیە لە تیۆری دوو هۆکارەکەیشدا بە وێنەی

بەهاكان ناودەبرێت. وێنەكەیش لە هەستپێكردنە مەرجدارەكان پێكدێت، كە وێنەی ڕاستەقینەی خۆیەتی. وێنەی ڕاستەقینەیش پێوەندی بە بونیادی ئاخاوتنەوە هەیەو هەردووكیان بابەتێكی سەرەكی سیمانتیكی پێكدێنن. سیمانتیكیش لەگەڵ سینتاكس وەك دوو لایەنی سەرەكی سیمیۆلۆژی لە وردەكارییەكانی ئاخاوتن دەكۆڵنەوە. (ئەركە هاوبەشەكانی هەر دوو لایەنیش لەتەوەری دووەمی ئەم بەشەدا ڕوون كراونەتەوە).

٢- ئەو بۆچوونانە ـ تا ڕادەیەك ـ لە تیۆرەكانی زمانەوانی دەروونی نزیكن، كە جەخت لەسەر ژێرخان و سەرخانی زمان دەكەن و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتی ئێمەوە هەیە، بۆیە بە پێویست زانرا ئاماژ پێ بكرێت.

٣- مەبەست لە هەر سێ ڕەگەزی سەرەكی ئاخاوتن یان دەق: كارێكتەر و زەمەن و شوێنن.

٤- ناوەڕۆكی ئەم بۆچوونانە پێشتر لەنێو بابەتێكدا بە ناونیشانی (ئەو دەربڕینانەی نامرن یان چۆن وشە فەرهەنگییەكان تێكەڵاوی سایكلۆجییەتی تاكەكانی كۆمەڵ دەبن؟) لە گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر دا بڵاوكرابووە.

٥- تۆفیق وەهبی بۆچوونەكانی لە چەند گوتارێدا بە ناونیشانی (بنج و بنەوانی زمانی كوردی) لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی كردووەتەوە.

٦- كاكەیی لەڕووی ئایینزایەوە (یارسان) و لەڕووی زمانەوە بە شێوەزاری (ماچۆ) كە سەر بە دیالێكتی گۆرانە قسە دەكەن.

٧- ئەم دەستپێكە بەپێی دەقی بەڵگەداریی نووسراو تۆماركراوە، لەوانەیە دەقی كۆنتریش هەبن، كە لە هەندێ سەرچاوە مێژوویەكاندا باس دەكرێن.... بەڵام پێویستیان بە لێكۆڵینەوەی زیاترە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی زانستی بسەلمێنرێن.

٨- ژمارە یەكی ڕۆژنامەی كوردستان، لەڕۆژی پێنج شەمەی ٣٠ی زولقیعدەی ساڵی (١٣٩٥ك) بەرانبەر 22نیسانی ١٨٩٨ز) لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچووبوو.

٩– نموونەی دەستنیشانکراو لە ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ١٧، ساڵ١ دوشمە ٢٣ی شوباتی١٩٢٥، ل١ وەرگیراوەو دەستکاری ڕێنووسەکەیشی کراوە.

١٠– پێشنیازو ڕاسپاردەکانی ئەم بابەتە بە ناونیشانی (پێناوێك ـ لەنێوان ڕەوانبێژی و شێوازگەراییدا) لەڕۆژنامەی (زانکۆ پریس، ژمارە١ سێشەممە ٢٠٠٨/٤/١)دا کە لەلایەن ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدینەوە مانگێ دوو جار دەردەچوو بڵاوکرابووە.

١١– بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە بۆچوونەکانی د. مستەفا عەبدە محەمەد (١٩٢١ ـ ٢٠٠٨)، لەبارەی ڕەوانبێژی و شێوازگەراییەوە بڕوانە: کتێبی (اللغة بين البلاغة والاسلوبية، ١٩٨٩). هەروەها بەشی یەکەمی کتێبی (قراءة ثانية لشعرنا القديم) بە ناونیشانی (الاحساس بالتراث، ص ٩ ـ ٣٨).

١٢–د. شوکری محەمەد عەیاد (١٩٢١ ـ ١٩٩٩) بەشی چوارەمی کتێبەکەی (مدخل الى علم الاسلوب، ط٢، ١٩٩٢، ص٤٣ ـ ٥٠) کە بەناونیشانی (علم الاسلوب وعلم البلاغة)یە بۆ خاڵە جیاوازەکانی نێوان هەردوو زانستەکانی شێوازگەرایی و ڕەوانبێژی تەرخانکردووە.

١٣–د. عەبدولسەلام ئەلمەسەدی لە کتێبی (الاسلوبية والاسلوب، ط٥، ٢٠٠٦، بنغازي) دا بەشێك بە ناونیشانی (العلاقة والإجراء ص٨٥ ـ ٩٨) بۆ پێوەندی شێوازگەرایی بە ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەوانبێژی گشتی تەرخانکردووە.

١٤–لە کتێبی (البلاغة والأسلوبية ـ مقدمات عامة)ی یووسف ئەبولعەدوسی و لە بەشی پێنجەمدا بابەتێك بە ناونیشانی (أهم أوجه الإختلاف بين البلاغة والأسلوبية ص١٧٠ – ١٧٢) هەیەو لە دوازدە خاڵدا جیاوازییەکانی نێوان ڕەوانبێژی و شێوازگەراییدا باس دەکات.

١٥– چەقمینی: کتێبێکە لە عیلمی فەلەکیاتدا فازیلی ڕومی نووسیویە.

١٦–بابەتی تەوەری دووەم، کە بە ناونیشانی (لەبارەی زاراوەسازی پێوانەییەوە)یە، پێشترێ بە ناونیشانی ((دەربارەی زاراوەسازی پێوانە ـ گەلۆ بۆتە دبێژم گوڤارا (گازی) گۆهێ خوە بدێ! ؟)) لە گۆڤاری (مەتین، خولا سێیێ، ژمارە ٥٣/ خزیران ١٩٩٦، ل ٣٩ ـ ٤٧، دهۆك) بڵاوکرابووە.

١٧–زانستا زاراڤەیان ـ Terminologyجهێ خوە د کارێن دەزگەهێن زانستیێن عەرەبی ژی دا گرتییە (القاسمي، ١٩٨٥: ٢١٧) و فەرهەنگێن تایبەت ژێ ڕا هاتینە دانین، وەك معجم مفردات علم المصطلح– توصية ايزو (ISO) المرقمة ١٠٨٧ نشرت في مجلة اللسان العربي– العدد ٢٢–١٩٨٤ التي يصدرها مكتب تنسيق التعريب التابع للمنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم– دارالبيضاء.

١٨– ئەو ڤەکۆلینێن ل بارەی تێرمۆلۆژییێ ژی هاتینەکرن، پتر ل سەر ئاستێ تاکە کەسی بووینەو د نێڤ کارێن خوە یێن زمانەڤانییێ دا ئەنجامداینە، لەوما کەموکورتی تێدا هەنە و هندەك جاران تێکەلبوونەك د ناڤبەرا زاراڤەییێن زانستی و پەیڤێن فەرهەنگی و ئیدیەمان دا دهێنە دیتن، وەك:

ـ بەصیر، پرۆفیسۆر کامل حەسەن (١٩٩١)، وێژەی کوردی و رەخنەسازی، بەغدا، رووپەلێن ٤٠٣–٥٢١ .

- مەلا کەریم، محمد و کەمال جەمال غەریب (١٩٧٣)، هەڵبـژاردنی زاراوەی کوردی، کۆڤاری پەروەردە و زانست، ژمارە (٦) بەغدا.

- ئامێدی، صادق بەهائەدین (١٩٧٣)، ئیدیەمێن کوردی، چاپا یەکێ، بەغدا.

- مارف، د. عبدالرحمن حاجی (١٩٧٣)، لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی، کو ب خەلەکە دکۆڤارا (کۆڕی زانیاری کورد) دا ل بەغدا بەلاڤ کریە. پشکا یەکێ و بەرگێ دووەم– بەشی دووەم، رووپەلێن ٨١– ١٠٤ دەسپێکریە.

١٩–گۆڤەر: زاراڤەیەکە، قەناتی کوردۆ ژبۆ دیالیکتێن دەڤەری (لهجة محلية) بکارئینایە.

٢٠– هندەك پەیڤێن دی د زمانێ مە دا هەنە، نیزیکن ژ (گاز– گازی) وەکو (گاز= لەق)، (دووگاز= دووتا= دووشاخ)، (گازن= گازندە= گلەیی)، (گاس= رەنگە= ئەگەر= دویر نیە). لێ پەیڤا (گازی) هەروەکو پەیڤەکا سەربخوە دمینیت، و رامانا خوەیا تایبەت هەیە.

٢١–هەر چەندە بەراوردکرنی وشە فەرهەنگییەکان لەگەڵ زاراوەکاندا کارێکی ئاسان و دەستخۆش نییە، هەر وەك لە کتێبی زاراوەسازی پێوانەییدا کراوە، چونکە بەپێی تێروانینی کەسایەتییەکی بواری فەلسەفە و زانستی زمانەوە ((لە

ڕاڤـــەکردنی وشـــەکاندا، جیـــاوازی لـــەنێوان وشـــە فەرهەنگییـــەکان و زاراوە زانستییەکاندا نەکراوە. ئەمەش کێشەیەکی دوو لایەنی دروستکردووە: لە لایێکەوە واتای وشەکانی شێواندووە، لـە لایێکـی دیکەشـەوە لێڵـی لـە چـەمکی زاراوەکانـدا دروستکردووە. لە ئەنجامی ئـەم هاوکێشـەیەدا شـیکردنەوەی دەقـە ئەدەبییـەکان ئاڵۆزبووە، بۆیە دەبێت راڤەکردنی وشە فەرهەنگییەکان بەپێی سیاقی ئاخاوتنەوە ڕاڤـــەبکرێن. زاراوەکـــانیش بـــەپێی ڕێکخســـتنی نەخشـــەی چـــەمکەکانیان ڕوون بکرێنەوە. هەروەها پێوەندییە تایبەتییەکانی هەر زاراوەیەك لەنێوان پێکهاتـەکانی خۆی و پێوەندییە گشتییەکانی لەنێوان ئەو و زاراوەکانی دیکەدا، کـە پێوەنـدییان بەوەوە هەیە دەستنیشان بکرێن)) (قەرەنی، ٢٠٢١: ١٢١).

**بەشی دووەم:**

١- ئـەو دیوانـەی عەبـدوڵڵای ڤـارڵی کـۆی کردۆتـەوە، لـە دوو بەرگـدا چـاپ کردووە. یەکەمیان بە ناونیشانی (دیوان و ژیرەواری یا خـانی) و دووەمیشـیان بـە ناونیشانی (دیوان و گۆبیدەیێ ئەحمەدێ خانی یێن مایین) بووە.

٢- ڕۆژنامەی ( ژیانـەوە) ئـەم هەواڵـە بلاّودەکاتـەوە: (جـەنابی تۆفیـق بـەگ مەحموود ئاغا کە ٢٣ ساڵە لە وەتـەن دوورکـەوتووە شـەوی ٣٠ی کـانوونی سـانی ٩٢٥ تەشریفی هاتەوە، مەملەکەتەکەمان بە قـدومی ئـەم زاتـە زۆر مەسـروورو پـێ خۆشحاڵە. بە ناوی هەموو خۆولاّتێکەوە بەخێرهاتنی دەکەین)./ بڕوانە: ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، سلێمانی ژ١٤ ساڵی١دوشەنبە ٢ شوبات ١٩٢٥،ل٤.

٣- ئەمە بە کورتی باری کۆمەلاّیەتی - سیاسی - ڕۆشنبیریی کوردستان بوو لـە سـاڵی (١٩٢٥) دا و سـالاّنی دواتـر تـا سـاڵی (١٩٧٠) لـە بەشـی دووەمـی ئـەم نامەیەدا و بە پێی پێویست باس دەکرێت.

٤- پیرەمێرد هەڵبەستی (بەرزو بڵندە هێند دەرەجەی خاکەکەی وەتـەن) لـە (شـەوی ٦ی نیسـانی١٩٢٦) دا بـۆ گردبوونـەوەو گوشـادکردنی کۆمـەڵی زانسـتی گوتووە. لەو سەردەمەدا هەڵبەستێکی تایبەتی شـاکر فـەتاح هـەبووەو قوتابیـانی زانستی وەکو سروود لـە گردبوونـەوەدا ئـەیان گـوت./ بڕوانـە: محەمـەد ڕەسـوول

(هاوار)، پیرەمێردی نەمر، ل .ل٤٣، ٤٤ –٤٥.

٥– بەیانەکـــە لـــە ڕۆژنامـــەی ژیانـــەوە، ژ١٧، ســـاڵ١ دوشمـــە ٢٣ی شوباتی١٩٢٥.ل١ بڵاوکرابووە.( دەستکاری ڕێنووسەکەی کراوە).

٦– پیرەمێرد نازناوی شـاعیری کـورد تۆفیـق کـوڕی مـەحمود ئاغـای کـوڕی هەمزە ئاغای مەسرەفە . لە ساڵی( ١٨٦٧) لە سلێمانی لەدایك بووە . بـە منـداڵی لــە حــوجرە خوێندوویــەتی. لــە ســاڵی (١٨٨٢) بــە مووچــەخۆری ســەرژمێری دامەزراوەو دواتر لە چـەند فەرمانگـەیێکی دیکـەی میریشـدا کاردەکـات. لـە سـاڵی (١٨٩٨) دەچێتە ئەستەمبۆڵ و لەوێ دەمێنێتەوەو لە کۆمەڵێك لە شارو ئـاوەدانی لە وڵاتی ئەنادۆڵی عوسمانی قائمەقام بووەو لەو ماوەیەدا ژنی هێناوەو دوو کـوڕی هەبووە . لە سـاڵی(١٩٢٥) دەگەڕێتـەوە سـلێمانی. لـە سـاڵی (١٩٢٦)ەوە هـەموو ژیــانی بــۆ ڕۆژنامەگــەری و کــاری ئــەدەبی تــەرخان دەکــات. لــە ڕۆژی (١٩)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٠ کۆچی دوایی کردووە. جگە لـە ڕۆژنامـەی (ژیـان) و (ژیـن) دیوانێکی شیعری و چەندین کتێب بە میرات بۆ میللەتەکەی بەجێ هێشتووە.

٧– شامی کرماشانی لـە سـاڵی (١٩١٧) لـە شـاری کرماشـان لـەدایکبووە. لـە تەمــەنی چــوار ســاڵیدا تووشــی نەخۆشــی خوریکــە دەبێــت و هــەردوو چــاوی لەدەستدەدات. هـەر لـە منداڵییـەوە خولیـای شـیعری شـاعیرە گـەورەکانی ئێـران دەبێـت وەك حـافزو خـەیام و سـەعدی و ئەمـەش دەبێتـە هـۆی زاڵبـوونی بەسـەر هونــەرەکانی شــیعرداو بەرهەمەکانیشــی لــە دووتــوێی کتێبێکـدا چـاپکراون بــە ناونیشانی چەپکەگوڵ. لە ساڵی (١٩٨٤) کۆچی دوایی کردووە.

٨– جەگەرخوین، لە سـاڵی (١٩٠٣) لەگونـدی حەسـاری نزیـك شـاری مێـردین لـەدایکبووەو لـە سـاڵی (١٩٨٤) لـە سـتۆکهۆلم - سـوێد کۆچـی دوایـی کـردووە. بەرهەمە شیعرییەکانی لـە یـانزە بەرگـدا چـاپکراون. بەرهـەمی دیکـەیش لـەبارەی زمان و مێژوو و کەلەپووری کوردی هەیە و چاپکراون.

٩– سەعید عبادەتیان نازناوی (بانان)ـە. لە ساڵی (١٩٦٣ز) لە شاری گەیلان غەرب سەر بە پارێزگای کەرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لـەدایکبووە. خوێنـدنی سـەرەتایی لـە قوتابخانـەی (یـاری) تـەواو کـردووە، کـە یـەکێك لـە قوتابخانـە بـە

ناوبانگەکانی ئەو شارە بووە.

(بانان)ی شاعیر لە تەمەنی یازدە ساڵیدا خولیای شیعر نووسین بووە. لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە زیندانی کراوە بە بێ ئەوەی هۆکاری زیندانیبوونەکەی ئاشکرا بکرێت و لە دەیەی هەشتای ئێرانی، واتە لەکۆتایی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووی زایینی یەکەم دیوانی شیعری خۆی چاپ کردووەو تاکو ئیستا شەش ئەلبومی دەنگ و پێنج دیوانی شیعرو پەخشان و بابەتی ئەدەبی چاپ کردووە. هەروەها کتێبێکی شاعیری ناوداری ئیسپانی (فدریکو گارسیا لورکا) وەرگێڕاوەو بە چاپی گەیاندوە.

**بەشی سێیەم:**

١- تەوەری دووەم و سێیەمی ئەم بەشە، بۆ بابەتی جێناوە کەسییە جوداو لکاوەکان و مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی نێرومێ تەرخان کراوە.

٢- زاراوەی گیرەك پڕ بەپێستی خۆیەتی بەرامبەر Affixe-ولەلایەن زۆربەی ڕێزمانزانانی کورد بەکارهاتووەو ئێمەش لەمەودوا لەم باسەدا ئەم زاراوە بەکاردێنین. هەروەها ڕەگ بۆ Root و بنیات بۆ. Base

٣- هەمان گیرەك لە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا بەکاردێن، جگە لەهەندێ گۆڕینی فۆنۆلۆژی کە لەهەندێ حاڵەتدا ڕوودەدات، وەکو: (وان – ڤان)، (گەر – گر)، (کەر – کار)..

٤- د. ئاوڕەحمانی حاجی مارف وای لێکداوەتەوە کە (لێ) و (ژێ) هەمان مۆرفیمەو جیاوازی تەنها زارەکییە (مارف، ٢٠٠٠: ٧٤)، بەڵام ڕاستییەکەی هەردوو مۆرفیم لە گۆڤەری بەهدینان (ك. ژ) دا هەنەو هەر یەکێکیان وشەی جیا دروست دەکات. وەکو: (لێهاتن) جیاوازە لەگەڵ (ژێهاتن). بۆ نموونە لە پەندێکی پێشینانی کوردیدا هاتووە: (( لێهاتن چێترە ژ ژێهاتنێ)) (قەرەنی، ١٩٨٤: ٩٩).

٥- د. کوردستان موکریانی جێناوی جودا بەجێناوی کەسی دادەنێت و جێناوە لکاوەکان بەجۆرێکی سەربەخۆ ریزبەند دەکات: (جێناو لەڕووی کاری ڕێزمانییەوە دابەش دەکرێتە سەر: ١- کەسی ٢- لکاو ٣- نیشانە ٤- پرسیاری

٥- چەندی ٦- هەیی ٧- خۆیی ٨- نادیار ٩- دیار ١٠- نا (نەفی) (موکریانی، ١٩٨٠: ٢٣٣). بەلاّم بەپێی بیروڕای زۆربەی ڕێزمانزانانی کورد لەوانە صادق بەهائەدین و د.نەسرین فەخری و نوری عەلی ئەمین، جێناو لەکوردیدا دەکرێت بە (٧) حەوت بەش کە یەکەمیان: ١- جێناوی کەسییە، ئەویش دوو جۆرە:

ئا ـ جێناوی کەسی جودا.

ب ـ جێناوی کەسی لکاو (لیژنە، ١٩٧٦: ٧٣)

٦- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (ئەمین، ١٩٨٣: ٢٦١)، (حەوێز، ٢٠٠٠: ٢٦-٣٦)، (ڕەسووڵ، ٢٠٠٠: ٥١)، (محەمەد، ٢٠٠٠: ١٩).

٧- دەتوانن جێگەی فرێزێکی ناوی بگرنەوە، یان وشەی (سەرە)بن لە فرێزی ناویدا، بەلاّم وشەی (بکەر)مان بەکارهێنا وەکو ئەرکی ئەم جێناوانەو لە شوێنی دیکە بەرکار یان بەرکاری ناڕاستەوخۆمان بەکارهێناوە، چونکە نزیکە لەمانای مەبەستەکەو لەلای خوێنەرانی هەردوو ڕێزمانی تەقلیدی و نوێ وشەیەکی ئاشنایە.

٨- مامۆستا حاتەم وای داناوە کە وشەی (ڤیان) لە هەر شوێنێکی ڕستەدا بەکارهات گوزارش لەکاری ڤیان دەکات (محەمەد، ٢٠٠٠: ١٤)، بەلاّم کاری (ڤیان- ویستن) تەنیا لەدۆخی جەخت کردن یان ئارەزوو بوون لەسەر کارێك بەکاردێت، وەك:

من دڤێت بچم، من ڤیا بچم .... بەلاّم: من گولەك ڤیا نابێتە کاری ڤیان..

٩- لەم ڕووەوە دەکرێت زمانی کوردی ـ دیالێکتی (ك. ژ) بەنیو ئەرگەتیڤ یان نیمچە ئەرگەتیڤ دابنرێت، چونکە تەنیا لەکاتی رابردووی تێپەڕدا بەرکار لەکەس و ژمارەدا لەگەڵ کاری ڕستەدا ڕێکدەکەوێت.

١٠- ئەم کۆمەڵەیە مۆرفیمی نێرومێ ی بکەری یاسای-١- (ێ ـ نێر) و (ا ـ مێ) وەردەگرن، بەپێچەوانەی کۆمەڵەی دووەم کە مۆرفیمی خستنەسەر یاسای-٢- (ی ـ نێر) و (ێ ـ مێ) وەردەگرن، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ جیاوازی کردن لەنێوان کۆمەڵەی یەکەم و دووەمدا.

١١- لەهەندێك شێوەزاری (ك. ژ) دا بەتایبەتی لە شێوەزاری زاخۆ تەنیا(ت)

گۆدەکرێت.

١٢- لەزۆربەی شێوەزارەکانی (ك. ژ) وەکو (بۆتـان) ئـەم (ت) دەبێتـە (ە)، وەکو: ئەو دچە. ئەو دخـوە. ئـەو دبـە... و ئەگـەر ئـەم (ــە)یە بەهەمان(ــە)یەی جێناوی کەسیی لکاوی(ـە)یەی کاری ئـەمری تێپـەڕو تێنەپـەڕەوە دابنـێین. ئـەوە پۆلێنکردنی جێنـاوە کەسـییە لکاوەکـان ئاسـانتر دەبێـت، کـە (ە)ی تـاك و (ن)ی کـۆی کـاری ئـەمری، هـەر لـەنێو کۆمەڵـەی جێنـاوە کەسـییە لکاوەکـان ڕێزبەنـد دەکرێت. هەروەها (ە) و (ن)ی ڕسـتەی ئیسـنادیش بەهـەمان شـێوە دەچـنە نێـو هەمان گروپدا.

١٣- زۆر لەڕسـتەکانی زمـانی کـوردی کـورت دەکرێنـەوەو کـاری یاریـدەر لادەچێت و جێناوی کەسیی لکاو ژمـارە و کەسـی فرێـزی نـاوی (سـەرە)ی دیـاری دەکات، بۆ نموونە:

ئەز باوەڕ دکەم ———— شێوە زاری بادینی

ئەز باوەڕم ———— شێوە زاری بۆتان

١٤- لەنێو سەرچاوە ڕێزمانییە کوردییەکاندا زاراوەی هەمەجۆر بەکاردێت بـۆ یەك مەبەست، بۆ نموونە:

کارا = بکەر (مسند الیه - مبتـدأ). رانـاو = جێنـاو (الضـمیر) فرمـان= کـار (الفعل).

١٥- دەتوانن ببنە دیارخەر لەفرێزی ناوی و فرێزی کاری ڕستەدا.

١٦- هەندێکیان لەسەرەتای ئەم تەوەرەدا باسکراون.

١٧- لەم بوارەیەوە محەمەد مەعرووف فـەتاح بۆچـوونی "مـەکارەس" ڕەت دەکاتەوەو دەڵێت: ( مەکارەس لەو ڕایەدایە کە ئەم پاشـگرانە لـە دروسـت بوونـدا "ناڕێکن")، بەڵام لەڕاستیدا وا نییە، چونکە وەرگرتنی (م) لـە (مـن)ەوە، (ت) لـە (تۆ) وە ئاساییە. لە کۆشدا تەنیا (ئـان)ی کۆیـان وەرگرتـووەو بـوون بـە (مـان) و (تان). ناڕێکییەکە تەنیا لەکەسی سێیەمدا دیارە، چـونکە نـازانین (ی) لەچـییەوە هاتووە، بەڵام دیسان لە کۆدا ڕاست بووەتەوەو بـەهۆی نیشـانەی کـۆوە بـووە بـە (یـان). لێـرەدا بۆچـوونی قـەناتی کـوردۆ سـەرەداوێك لەکردنـەوەی ئـەم گرێیـە

دەستنیشان دەکات کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە.

١٨- یەکەم دیراسەی ئەکادیمی لەم بوارەدا لەلایەن پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆییێفەوە ئەنجام دراوە (کوردۆییێف، ١٩٨٤: ٧٠). دواتر لەلایەن (صادق بەهائەددین ئامێدی)یەوە بەدوورو درێژی باس کراوە (ئامێدی، ١٩٨٧: ١٥٨-١٧٨). (د. جەمال نەبەز)یش بەشێوەی پێشنیازێکی هەڵواسراو ئەم بابەتە خستووتە بەرچاو (نەبەز، ١٩٧٦: ٢٧-٢٨). هەروەها زۆربەی سەرچاوە زمانەوانییەکانی کوردی کە باس لە فیلۆلۆژی (هەورەمانی، ١٩٧٤: ١٤٧) یان مێژووی (مارف، ١٩٧٩: ١٦٣-١١٨٦) یان دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکەن (لیژنە، ١٩٨٣: ١٩-٢٠) وا بۆ دەچن کە ناوی نێرو مێ لە دیالێکتی گۆران و (ك. ژ) و (زازا) (کوردۆییێف، ١٩٨٥: ١١٨) و لە هەندێك گۆڤەری (ك. ن)یشدا هەیە (مارف، ١٩٧٩: ١٧٣).

١٩- هەندێ لە نووسەرانی رێزمانی کوردی (ك. ژ) جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە جیاکردنەوەی جنسی نێرو مێ زیاتر بەپێی گوێ بهیستنەوە دەبێت (گوهەرزی، ١٩٩٩: ٦٦)، (کرد، ١٩٩١: ٣٠).

٢٠- هەندێ رێزمانزان لەوانە صادق بەهائەددین ئامێدی هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان بە مێ دادەنێن جگە لە ئەستێرەی (تەڕمێ نویحێ - بنات النعش) کە بە نێر دانراوە (ئامێدی، ١٩٨٧:١٧٦). ئەمەش هەڵەیەکی رێزمانییە، چونکە لەرێزمانی کوردیدا - (کرمانجی ژووروو) بەتایبەتی لەگۆڤەری بەهدینانی دا، ئەگەر بڵێین:

(تەڕمێ نویحێ یێ ئاڤابووی) یەکسەر بیسەر دەزانێ کە پیاوێك مردووە بەناوی (نویح - نووح) و تەڕمەکەی بەرەو شوێنێکی تر بردرا. بەڵام ئەگەر بڵێین:

(تەڕمێ نویحێ یا ئاڤابووی) یەکسەر بیسەر (گوێگر) دەزانێ کە ئەستێرەی (تەرمێ نویحێ) ئاوابووە. لە (ك. ژ) دا نموونەی زۆرمان هەیە کە بە هۆی (مۆرفیمی جنسی ناو)ەوە. جۆرو رەگەزی شتەکە دەستنیشان دەکرێت وەکو:

(من زەمبیل فرۆشا کوردی نەدیتییە) بەواتای داستانێك هەیە بەنێوی زەمبیل فرۆشی کورد نەمدیوە. (من زەمبیل فرۆشێ کوردی نەدیتییە) بەواتای

کابراییێکی کوردی زەمبیل فرۆشم نەدیوە.

٢١- لەهەندێ سەرچاوەی ڕێزمانیدا هـاتووە کـە داری سـەوز (مێ)یـەو داری وشك (نێر)ە (ئامێدی، ١٩٨٧: ١٧٦)، (موکریانی، ١٩٨٦: ٢٢٥). یـان داری سـەوز و دەوەن بـەزۆری (مێ)نـە (محمـد، ٢٠٠٧: ٧٦). بـەلأم وشـەی (دار) لـە کوردیـدا (فرەواتا)یە. دوو لەو واتایانە ئەمانەن:

دار: بنەدار :Tree : شجرة

دار: ئێزنگ :Wood : خشب

یەکەمیان هەمیشە (مێ)یە وشك بێت یان تەڕ بەلأم دووەمیان (نێر)ە چ وشك بێت یان لەناو ئاودا تـەڕ کرابێتـەوە بەمەبەسـتی چـەمانەوە یـان بـۆ هـەر کـارێکی دیکە. بەلأم رەشید کـورد دەڵێـت: (جگـە لـەدارەکانی سـەوزو وەسـتاو نـەبڕدراو، ئـەوانی دیکـە نێرزانـە) (کـرد، ١٩٩١: ٣٢). و کـاتی باسـی داری وشـك دەکـات دەیانژمێرێت (دار، چۆ، بەشت، تیر) (هەمان سەرچاوە: ٣١).

**بەشی چوارەم:**

١- ئەم بابەتە لە گۆڤاری ڕامـان، ژ ٣٧ ـ ٥/٧/ ٢٠٠٢، ل٤٤-٥٠ دا هـاتبوو بەلاڤکرن.

٢- چەندین مێژوونووس و لێکۆڵەری کورد لـە نووسـینەکانیاندا، شـەبەك وەك نەتـــەوە بـــە کـــورد دادەنـــێن و پشـــت بـــە بەڵگـــەی زانســـتی دەبەســـتن، کـــە شێوەزارەکەشیان بەشێکە لە دیالێکتی گۆران، لەوانە:

- ع.ح، من هم الشبك، جريدة التآخي، العدد ٦٨٠ في ١٠/مارس / ١٩٧٠.
- طالـــب الـــزراري، حقيقـــة الشـــبك، جريـــدة التـــآخي، العـــدد ٦٩٥ في ٢٩ مايس/١٩٧١.
- عبدالفتاح علي يحيي، الشبك في كتاب الاكراد، جريدة التآخي، ١٣٢٨ في ١٠ مايس ١٩٧٣.
- ابـو بـاجلان، حـول الشـبك، جريـدة التـاخي، العـدد ١٣٤٥ في ٣٠ مـايس/ ١٩٧٣.

- د. جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بەرلین ١٩٧٦، ل١٠٠.

- د. عبدالفتاح علي بوتاني، مدرسة ١١ أذار– أول مدرسة كوردية في مدينة الموصل، أربيل ١٩٩٩، ص٦٩.

- خسرۆ گۆران– بوونی کورد لە پارێزگای موسڵ، بەشی دووەم، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ١١ کۆتایی ئایاری ١٩٩٩...

٣- الأب انستاس الكرملي، مجلة المشرق، بيروت ١٨٩٩، ج٢، ص٣٩٥، ومن المعلوم ان الاستاذ مينورسكي قد اقتبس من المصدر اعلاه وثبته في مادة (الشبك) دائرة المعارف الاسلامية، طبعة طهران، المجلد الثالث عشر ص ١٦٢– ١٦٣. عباس العزاوي، الكاكائية في التأريخ، بغداد ١٩٤٩، ص٩٥.

٤- أحمد حامد الصراف، الشبك من فرق الغلاة في العراق، بغداد ١٩٥٤ ص١٢. وكذلك اللجنة المشرفة علي طبع المنجد للأب لويس معلوف حيث شطبت من طبعاتها في السبعينات مادة (الشبك) علما أنها كانت موجودة في السابق أنظر: المنجد في اللغة و الادب والاعلام– لويس معلوف، الطبعة التاسعة، بيروت، ص٢٨٥.

٥-مارك سایکس، هۆزەکانی کورد، وەرگێڕانی حسێن جاف، بەشی دووەم، بەغدا ١٩٩٢، پەراوێزی وەرگێڕ، ل١٤.

٦- الدليل العام لتسجيل النفوس العام لسنه ١٩٥٧– وزاره الشوون الاجتماعيه، جـ٢، دليل الوحدات الاداريه، ص٢٤٣–٢٤٤.

٧ -محمد جميل بندی الروژبیانی لە (مدن كردية قديمة) ل٢٨١دا ، دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کتێبە ئایینییەکانیشیان بە دیالێکتی (گۆران)ـە.

٨- شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، هەژار کردوویە بە کوردی، نەجەف ١٩٧٣ ل٢٩، یان چاپی عەرەبی (شرفنامه)، ت: محمد علي عوني، دار احياء الكتب العربية ١٩٦٢ ص١٢.

٩ ـ ڤ. مینورسکی لە گوتاری خۆیدا بەناونیشانی (گۆران) کە لە (بڵاوکردنەوەی دەبستانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقی)دا لە ساڵی ١٩٤٣دا بڵاوکردووەتەوەو دەقە کوردییەکەی لەلایەن (ناجی عباس)ەوە لە گۆڤاری (گەلاوێژ) ژمارە ٥ ساڵی ٥ مایسی ١٩٤٤) بڵاوبووەتەوە.

١٠- له ئەنجامی گەشت و گەڕان له چەند گوندێکی شەبەك نشینداو هەروەها تێکەڵاوی ڕاستەوخۆ لەگەڵ چـەند برادەرێکـی شـەبەك لەوانـە ئەحمـەد شـەوکەت، سـوودم وەرگرتـووە، بەتایبـەتی لـەبارەی شـێوەزارەکەیان و هەنـدێ دابونـەریتی کۆمەڵایەتی و هەروەها طقوسي ئایینییەوە... (ئەحمەد).

**بەشی پێنجەم:**

١-چەندین نووسەرانی کورد هەوڵی کۆکردنەوەو بەچاپگەیاندنی مەتەڵـەکان داوە، وەك:

- هەنـدێکیان ژمارەیـەکی زۆریـان کۆکردۆتـەوەو لـە دووتـوێی کتێبێـدا چاپکراون، وەك:

* زەرۆ، ئەحمەد عەبدوللا (١٩٨٢)، مامکێن کوردی.

* ئاکرەیی، مامۆستا خالد حاجی (٢٠١٢)، هزار مەتـەلۆك بـۆ مـرۆڤێن ژیـر و کۆك.

- هەندێکیشیان کۆمەڵە مەتەڵە کۆکراوەکانیان وەك بەشـێکی سـەربەخۆ لـە کتێبکدا چاپکردووە، وەك:

* کوردۆییڤ، قەناتی (١٩٧٦)، کۆمەڵە تێکستی فۆلکلـۆری کـوردی، هێنانـە سەر ڕێنووسی کوردی و ساغ کردنەوەو وشە لێکدانەوە: شوکور مستەفا و ئـەنوەر قادر محەمەد.

* قەرەنی، ئەحمەد (١٩٨٤)، کانی ـ کۆمەلە تێکستێن فۆلکلۆرینـە، ل١٣٦-١٤٨.

- جاری واش هەبووە، بە دەستپێشخەری نووسەرێکەوە چەند مەتـەڵێ وەك بابەتێك له گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، وەك:

*خۆشـناو، صـەدرەددین (١٩٨٦)، چـەپکێك مەتـەڵی کـوردی لـە ناوچـەی برادۆست، گ. کاروان.

*ئاکرەیی، عەبدوللا سەبری (٢٠٠٥)، مامکێن کـوردی، گ. ئاسـۆی فۆلکلـۆر، ژ٩ ل٥٣-٥٥.

٢- هەندێ لەو بابەتانەی لەبارەی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی مەتەڵی کوردی بڵاوکراونەتەوە:

